هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامەیەکی لەفنانیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعیل رسول

● پێنجشەممە ٥ی شوباتی ١٩٨١ ژمارە ٥٧٤ ●

● الخميس ٥ شباط ١٩٨١ العدد ٥٧٤ ●

بریاری میژوویمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاکوئاوەکەمان و بە توانای لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەودستێن بەربەستی ئەم بریارە میژوویە ڕەوایەبکات .

سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

موهیب روکن صدام حسین نۆتەی زیرەکی بە دوو پاڵەوانی هێزە چەکدارەکان دەبەخشیت و دەڵێت :

شەرەفی عەسکەری خۆتان پارێزن و ... ئەمانەتتان بەجێ گەیاند

● لە تەنگاوی و مەترسیدا گەورە لە گەل بچووک دەبێت و بچووکیش لە بار و دوخی سەختدا بەشێکە لە گەورەکەی

سەرۆکی بەڕێز موهیب روکن صدام حسین فەرمانده‌ی گشتی هێزە چەکدارەکان نۆتەی زیرەکی بەخشی بە مقدم روکنی دەربایی سعد عبدالرحمن اسماعیل و نایب ضابط عبدالحسین جادر کە سەر بە هێزی دەربایی و بەرگری کەناری دەریان لەبەر ئەو هەڵوێستە پاڵەوانەیی و زیرەکیەو لە ئەندازەبەدەرە کە نواندبوویان لەبەرگری کردن لە شەرەف و کەرامەتی نەتەوەوە .

لە سەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا بەڕێز سەرۆکی فەرمانده گوێی بۆ چیرۆکی پەککەوتنی بەلەمەکەیان و مانەوەیان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەناو ئەمادا و ڕزگارکردنی خۆیان بە دوو قۆڵی و ئەو پاڵەوانەتیەی کە نواندوویانە گرت بۆ بەرگری کردن لە خاکی شەرەفی نەتەوە .

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده لە کاتی قسەکردنیدا لەگەڵ ئەم دوو پاڵەوانە ووتی : ئەو پەیوەندیە کە لەو باردۆخە ستەمەدا لە نێوانتان بوو دەبێت هەموو سەربازێکی ناو سوپای عیراق بخاتە بەرچاوی خۆی ئەگەر بیەوێت سوپایێکی باش بێت لەناو هێزە چەکدارەکانی عیراقداو ئەمەش دەقی قسەکەی سەرۆکی بەڕێزە :

خوا دەستتان بگرێت . . بۆ ئەو ئەرکەو زیرەکیتانو ئەو هەڵوێستە جوانە مرۆڤایەتیانە کە لە نێوانتانو سەربازەکانی تری بەلەمەکە هەبووەو ، گەیشتنی چۆتیەتی هەبووەو ، گەیشتنی چۆتیەتی ڕوودانی مەسەلەکەتانو ئەو پاڵەوانیشتمانو بەساتو سەوداکردنتان وەکو پیاوی چەکداری شەرەفمەندو سەربەرزو پاراشتنی شەرەفی سوپایی بە چاکترین شێوە لەو بارودۆخە ناسکەدا کە دەوروپشتانی تەنیبووەوەو لە شەهیدبوون نزیک ببوونەوەو . . هەردەتان وبست یارمەتی هاوڕێکانتان بدەنو ڕزگاریان بکەن بە نیمە . گەیشتووە .

لەبەرئەوە بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی دراوە بە سەرکردەکان نێوە خەڵات کراون .. بەڵام سەرکردایەتی لەبەر ئەو زیرەکیەی کە نواندووتانەو بۆ ڕیزگرتنتانو ڕیزگرتنی پیاوی بە شەرەفو بە جەرگ و بۆ ڕیزگرتنی هێزەچەکدارەکانو پاراستنی خورەوشتە ڕاستەکانی سوپا لە پەیوەندی نێوان گەورەو بچووکدا بانگی کردنو خەڵاتەکەی پێشکەش کردن .. جارێکی تر خوا دەستتان بگرێت و ئەو پەیوەندیە کە لە نێوان تۆو عبدالحسین لەم بارودۆفە ناسکەدا بووە ئەوەیە پەیوەندیە کە لە نێوان گەورەو بچووکدا دەبێ هەبێت و لەبەرچاوبگیرێت بە پێچەوانەی ئەفسەرانی دوژمنتان کە خۆیان دەخزێنە دواوەو پاڵ بەسەربازەکانیانەوە دەنێن و سەربازەکان ئەفسەرەکانیان بەجێ دێڵن و دەڕۆن . . هەروەهاش لەفسەرەکانیان سەربازەکان بەجێ دێڵن و بەتەنیان شەڕدەکەن .

دکتور حەمادی وتاری عێراق لە بەردەمی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتان

جەنگایەن دژی دەستدرێژی ئێران لە پێناوی مافی ڕەواکانمان دا

نیودەلهی - ١٠ - ئا - د - ع - دوکتۆر سەعدون حمادی وەزیری دەرەوەی عیراق دەری‌بڕی کە عیراق ئامادەیە بۆ وەستانی تەقەو ڕێکەوتن بە چاودێری بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن یان هەردەستەیەکی تری دەوڵەتان کە ئێران مافی ڕەوای عیراق لە خاکو ناوی خۆیدا بدات کە لە زۆر بۆنەدا ڕوونی کردۆتەوە .

هەروەها وتی سیاسەتی دەرەوەی عیراق کە دڵسۆزە بۆ پیرو باوەڕەکانی بێلایەنی باوەڕ بە دەستدرێژی بۆ سەر وڵاتانی تر ناکات ئەگەر لە مافی کەم نەکرێتەوەو دەست نەخرێتە ئیشوو کاری نارخۆیەوەو عیراق باوەڕی بە کارهێنانی هێزیش نیە لە پەیوەندیەکانی نێو دەوڵەتانداو چاوپشی لە بەربڵاوی و دەست بەسەردا گرتندا نیە بەڵکو زۆر قووڵ بڕوای بە چارەسەرکردنی ناکۆکی بە ئاشتیانە هەیە ..

دوکتۆر حمادی دوای ئەمە سەبارەت سروشتی ئەو ناکۆکیەی نێوان عیراقو ئێران دوا لە بەر ڕووناکی ئەو مێژوویی‌یەکەیدا وونی ناکۆکی نێوان عیراقو ئێران بە گوێردی مێژوو کۆنەو تەنیا گیروگرفتی سنوورییا خود زۆرانبازی ناوەندی نیە سەبارەت مافی کەشتی ڕانی بەڵکو زۆر لەوانە فراوانترە .

گیروگرفتەکە لە چاوچنۆکی بەر بڵاوی ئێراندا لە ناوچە عەرەبی‌یە دراوسێکانی نزیکی دەفاو دەق لە ڕووی مێژوویی‌یەوە دەری خستووە کە سیاسەتی ئەو ڕژیمانەی لە ئێراندا بەك بە دوای‌یەکدا هاتوون عیراقو نیشتمانی

بڕوانە ل ٧

دکتور حمادی لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی بێلایەندا لەسەر کۆبوونەوەکانی دەروا ..

نیودەلهی - ٩ - ئا - د - ع - دوکتۆر سەعدون حەمادی وەزیری دەرەوە لە نیودەلهی ١٠ی ئەمەمانگە لەسەر کۆبوونەوەکانی دەڕۆی لەگەڵ ئەو وەزیرانەی دەرەوەی بەشداری کۆنگرەی وڵاتانی بێلایەن دەکەن کە ١٠ی ئەمەمانگە لە نیودەلهی دەستی بەکار کردووە .

دوکتۆر سەعدون حەمادی لەگەڵ بەڕێز محمد بوستە وەزیری دەرەوەی مەغرب و شیخ محمد ابراهیم وەزیری دەوڵەتی سعودی و بەڕێز علی لطف النهر وەزیری دەرەوەی کۆماری یەمەنی عەرەبی و بەڕێز ڕاشد عبدالله وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە لە میرنشینەکانی

بڕوانە ل ٧

ڕێکخراوی حزب لە بەریتانیا و ئێرلەندا :

شۆڕشی ٨ی شباط یەکەم شۆڕشی میللی عەرەبە کە گیانی لە خۆبوردنی بەرەو سەرکەوتن هەڵگرتووە

لەندەن - ٩ - ئا - د - ع - ڕێکخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لەلە بەریتانیا و ئێرلەندەدا دووپاتی کردەوە کە شۆڕشی ٨ی شباط یەکەم شۆڕشی میللی عەربە گیانی لەخۆبوردنی هەڵگرتووە بەرەو سەرکەوتن و ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری .

ڕێکخراوەکە لە بۆنەی یادی هەژدەیەمی شۆڕشی ٨ی شباطەوە دەڵێ پێناسی ئاتەوایەتی پێشکەوتوو کە شۆڕش و گیانی شۆڕشگێڕانەی تێکۆشەرانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هێنای ئەو دەسکەوتەنە نایابانەی دەرخست کە بۆ جەماوەری بەدەستهێناوە . . لەگەڵ ئەو ئەمەنە کوڕتەیدا . کە ئەمەش وای لە هەموو ئەو هێزانەو خەڵکە گۆمان لێ کراوانە کرد کە لەو شۆڕشەدا زیان بە قازانجیان دەگەیشت هەرچی توانایەکیان هەیە بۆ لێدانی شۆڕش بەکاری بهێنن . ئەگەر شۆڕشی ٨ی شباط لەوبوارەوە کە مەبەستی‌بوو نەیتوانی بێ کە خۆی دەربڕێ شۆڕشی ١٧ی تەمووز لە ڕەوتە مەزنەکەیدا دووپاتی ئەو دەسکەوتە مەزن و وەدەهێنانە ئەتەوەیی‌یە کەوراناەی لە ئامانجە پیرۆزەکانی شۆڕشی کەمتەمەنی ٨ی شباطدا کردووە .

دروشمەکانی بکات بۆ بووتێکی زیندووی ئەوتۆ کە ئەنجامە پێویستی و زیندووەکانی لەهەموو شوێنێکدا لە کارگەو کێڵگەو شاروو دیهاتدا سەبارەت بە بواری پێشکەوتنی دۆخەکانی سیاسی و ئابووری و کێمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و لاکانی تری ژیاندا لەڕووی خۆشگووزەرانی تەنیا کەسێك و تایبەتگەری تاقی کردنەوە

بەیاننامەکە دووپاتی ئەوەی کردەوە کە شۆڕشی ١٧ی تەمووز توانی کە تەرجومەی ئامانجو

بڕوانە ل ٧

شیراك بۆ ڕۆژنامەی «الثورة» دەدوێ

لەمەڕ کۆنگرەی ڕۆژنامەگەری‌یە کەوەریەدا کە نیود ڕۆی ١٠ی ئەم مانگە بەڕێز جاك شیراك عمدەی باریس و پاڵیۆراوی سەرەك کۆماری فەرەنسا بە ئامادەبوونی زیاتر لە (٥٠٠) ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەکانی جیهان بەستی بەڕێز شیراك هەڵویستی ئێرانی تاوانبارکردوو بەربڕسیاری جەنگی نێوان عیراق و ئێرانی دیایەپاڵ ئێران .

ئەمەش لە وڵامی پرسیاری پەیامنێری ڕۆژنامەی (الثورة)ەوە بوو لە پاریس .

وتی کاربەدەستانی ئێران لەم دەمانەی دوایی‌دا لەسەر دەست درێژی‌کردنی دژی عیراق خایاندی و پاڵی بە عیراقەوە نا کە بەرگری لەسەر بەخۆیی خۆی و نەتەوەکەی بکات .

لە وەڵامی پرسیارێکی تردا

بڕوانە ل ٧

وتەی هاوکاری :

هەشتەمین شوبات خەباتی لوتکە لە پێناوی سەربەستی دا

شۆڕشی (٨)ی شوبات کە پێشڕەوە چەکدارەکانی گەل و جەماوەران بەسەرکردایەتی حزبەکەمان لەسانی ١٩٦٨دا بەرپایان‌کرد ئەگەر چی تەمەنی درێژ نەبوو بەڵام چاکترین تاقی‌کردنەوەی شۆڕشگێڕی و هەڵقوڵانی توانستی خەباتگێڕی گەلەکەمانی لەمەیدانی شۆڕشی میللی‌دا خستەڕوو . شۆڕشێك کە تۆماری ڕەشی سەردەمی جەورو دکتاتوری‌و بەکتەنی پێچایەوە .

چارنە بڕو هەردەبوو شۆڕشێکی میللی بەبازووی جەماوەری هۆشیارو پێشڕەوە تێکۆشەرەکانی گەل ڕووبدات کەوا باوەڕ بە خواستی جەماوەر دەهێنن لە گۆڕین و لە حوکم‌کردنی گەل لەڕوانگەی بڕواکردن بەگەلەوەو بڕواکردن بە تەجرەبەکەی .. بۆ ئەوەی ئەو ئاواتە ڕەوایانەی بێنەدی کە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە پێناویاندا هەڵگیرسا ، دوای ئەوەی کە جەماوەرانی گەل بەهیوای ئەوە بوون ئەو شۆڕشە مەزنە مافی دیموکراتی و سەربەستیان بۆ جێ‌بەجێ بکات کە ساڵەهای ساڵ بوو لێی بێ‌بەش بوون .

شورشی ٨ی شوبات بەکێکە لە شۆڕشە بەرایی‌یەکانی نیشتمانی عەرەبی کە حزبێکی شۆڕشگێڕ پێی‌هەڵسابێت و باوەڕی‌بە ئامانجەکانی ئەتەوە هەبێت لە هێنانەدیی یەکێتی و سەربەستی و سوشیالیزم‌دا ، ئەگەر هێزە کۆنەپەرەستو بەکرێ‌گیراوەکان هەوڵیان‌ دەدا لەناو چوارچێوەیەکی شێواودا بیخەنە ڕوو . شۆڕشی ٨ی شوبات لەگەڵ ئەو ڕۆژگارە نالەبارەشی‌دا کە لە دەسەڵاتی خۆیدا نەبوو ئێستاش بە تەجرەبەیەکی شۆڕشگێڕی‌و تێکۆشانی پێشەوا دەژمێردرێت کە وا بازووی ڕۆڵەکانی جەماوەری گەل لە سوپایی‌و شاریدا تێکەڵ بەیەکبوون ، هەر لەبەر ئەوەیە حزبی ئێمە بەشۆڕشی هەموو گەل‌و شۆڕشی هەمرو جەماوەری هوشیاری داناودو سەرکردەکان بە بووکی شۆڕشەکانی نیشتمانی عەرەبیان لە قەڵەم داوە .

ئەمڕۆ کە ئێمە یادی شۆڕشی ٨ی شوبات دەکەینەوە ، لە ڕۆژانێکی مێژوویدا دەژین کە پەرەپێدان و بنیاتنان‌و گەشەکردن سەرتاپای هەرێمەکەمانی گرتووەتەوەو بەسەرکردایەتی سوارچاکی نەتەوە موهیب روکن صدام حسین سوپای نەبەزمان لە مەیدانی سەربەرزی‌و ئابڕوودا ئالای ئێرانەوەی مافی ڕەوای عیراقی هەڵکردووەو بەرەنگاری فارسی دوژمن بووە ، شەرێك دەکات کە دوژمن نەخشەی بۆ کێشاو بەسەر عیراقیاندا سەپاند . بەڵام سەربازو ئەفسەرانی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەمووزی مەزن‌و هەموو هێزە چەکدارەکان کە لە مەیداندا دەجەنگن

هاوکاری

بڕوانە ل ٧

— ئێران :—

● کردەوەی نوێ چەکدارەکانی کورد دژی دروست کراوەکانی ڕژێمی فارس

● ئێران لە گیروگرفت و بەشێوی و اخنکاوە توانای عیراق بە لامانەوە شتێکی کوت و بڕی بوو .

تاران - ١٠ - ئا - د - ع - چەکدارەکانی کورد بەردەوامن لە گەرم کردنی کردەوە سوپایی‌یەکانیاندا دژی هێزەکانی ڕژێمی فارسی‌ی ڕەگەرپەرست و لێدانی درووستکراوەکانی لە ناوچەی کوردستانی ئێراندا .

دەستەی ئەرکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی فارس دانی بەگوشتنی چوار سەربازوو بریندارباوونی دوانی‌تری فارس‌دا ناوە لەو پێکداهەڵپژانەدا کە ڕووی داوە لە نێوان تابوورێکی سوپایی هێزەکانی ئەو ڕژێمەو کۆمەڵێك چەکداری کورد لە باکوری شاری سنەی پایتەختی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٩-٢-١٩٨١ .

هەروەها بەیاننامەی باسەوانەکانی خومەینی . کە ڕادیۆی تاران شەوی ١٠ ی ئەم مانگە بڵاوی کردۆتەوە دانی بەکوشتنی سەربازێکی فارس‌و بریندارباوونی دووانی تردا ناوە لەو پێکداهەڵپژانەدا کە ١٠-٢-١٩٨١ لە ناوچەی کامیاران خوارووی ناوچەی کوردستانی ئێران ڕووی داوە .

هەینی ڕابووردوو لەگەڵ کوردە چەکدارەکاندالە (سنە) ڕووی‌داوە . هەروەها ئێزگەی تاران ڕۆژی ١٠ی ئەمەمانگە دانی بەوەدا ناوە کە چەکدارە کوردەکان هێرشیان بردۆتە سەر ڕەتێك لە هێزەکانی فارس لەدەوروو بەری سنە لای دیوان دەرە .. ئەوەشی ونووە ئەوهێرشە کە چەکی گرانی تێدا بەکار هاتووە بۆتە هۆی کوشتنی چوار کەس‌و بریندارباوونی دووکەسی هێزەکانی فارس .

بەنی صەدر لە درکاندنێکی‌نوێ‌دا :

قیینا - ٩ - - ئا - د - ع - کاربەدەستانی ڕژێمی ڕەگەز پەرستی فارس دانی بەگەرمبوونی ئەوهێرشانە داناوە کە کوردە چەکدارەکان دژی‌هێزو شوێنەکانی ئەورژێمە دەیبەن لە سەرەتای ئەمەمانگەدالە کوردستانی ئێراندا .

ئاژانسی دەنگ‌و باسی ئێرانی (پارس) شەوی ٩-١٠ ئەمەمانگە بڵاوی کردۆتەوە کە ڕۆژی ٨ی ئەمەمانگە ئەفسەرێك‌و دووجەندرمەی فارس کوژراون ئەمەش لە پیاهەڵپژانێکا لەگەڵ کوردە چەکدارەکاندا لە ڕێی (سنە)ی پایتەختی کوردستانی ئێران .. هەروەها دەستەی ئەرکانی ڕژێمی فارسی داتی بە کوشتنی سێ پۆلیسی ڕەگەز پەرست‌و بریندارباوونی دوانی تردا ناوە لە پیاهەڵپژانێکدا کە ڕۆژی

بڕوانە ل ٧

تۆپەکانمان ئاگری خەست لە شوێن و مۆڵگەکانی دوژمن بەردەدەن

نزیك دیزفول - لەعوادالفدعم وعباس الحدیدی‌یەوە نوێنەرانی ڕۆژنامەی (الثورة) لە کەرتی ناوەڕاست‌دا ڕۆژی ٩-٢- ١٩٨١ ئاگاداری ئەوبۆردوومانانە بوون کە تۆپەکانمان دەیکردن بۆ لێدانی‌شوێنەکانی پێشەوەی دوژمن‌وسوپاگاکەی لە دیزفول‌دا .

سەرچاوەیەکی سوپایی نوێنەرەکان وتی مەبەست بۆردوومان کردنی مۆڵگەو شوێنەکانی فارسی دوژمن بەدرێژایی گردەکانی دیزفول‌و هێڵی هاتووچۆو سوپاگاکانی پشتەوە بوو .

ڕوونی کردەوە کە تۆپێکی دوژمن شکێنراوەو دەست بەسەر باربەرێکی گەورەی پێشەنگی‌دا گیراوەو یەکێ لە دەوری‌یەکانی هێزە قارەنەکانمان هێرشێکی سەرکەوتوانەی چواردەوری دهلرانی کردووەو کەوتۆتە ماڵین‌و پاکردنەوەی دەستە ئەزیوەکانی فارس ..

نوێنەرەکان چوونە یەکێك لە مۆڵگەی هێزەکانمانەوە لە کەرتی دیزفول ئەو توانا بەرزەی نەبز کرد کە لە فارسی دوژمن دەوەشێنن .

لەکاتی بەیەکگەیشتن‌دا کە لە گەڵیاندا کردوون ئەوبەڕی شانازی خۆیان بو پاڵەوانی سەربەستی نەتەوایەتی مهیب رکن صدام حسین دەربڕیوەو بەڵێنیان بە بەڕێزی‌دا کە بەردەوامبن بۆ بەربەستی ئەوتەقەللایانەی کە دوژمن دەیدا دژی هێزەکانمان‌و زیانپێگەیاندنی لەگیان‌و کەل‌و پەلی جەنگی .

یەکێ لە جەنگاوەرەکان وتی شانازی زۆر دەکا بەوەوە کە چوار دەبابەی فارسەکانی لە یەکێ لە جەنگەکانی کۆندا شکاندووە کە لەگەڵ کەرتەکەی ئەودا کراوە . . کەچی جەنگاوەرێکی تر وتی توانیوێتی دوو بنکەی سارووخی بەیەك دەست وەشاندن لە جەنگێکدا کە لەسەر ڕووباری کەرخە ڕوویداوە بشکێنێ .

کۆمەڵەکانی عەرەب لە کۆنگرەی وڵاتانی بێلایەندا لە نیودەلهی کۆدە بنەوە

نیودەلهی - ٩ - واس - ئا - د - ع : شەوی ٩ ئەمەر ١٠ی ئەم مانگە کۆمەڵەکانی عەرەب کە بەشداری کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی بێلایەنیان کردووە بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد بوستە وەزیری دەرەوەی مەغرب کۆبوونەوە . لە کۆبوونەوەکەدا دەربارەی گۆنجانی نێو نوێنەرانی عەرەب کرا لەڕووی ئەوانەوە کە بەیەوندن بەو مەسەلانەی کە لە لیستەی کاری کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی بێلایەنداو بەیاننامەی هندستاندا لە کۆنگری‌کەدا هەن بۆ پتەو کردنی هەڵوێستی عەرەب .

دووەم کۆنگرەی راوێژکارە رۆژنامەنووسەکان دەست بە کاروباری خۆی دەکات

پێری بەیانی دووەم کۆنگرەی ساڵانەی راوێژکارە رۆژنامەنووسەکانی دەرەوەی وڵات لە ژێر چاودێری مامۆستا طارق عزیز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری سەرەك وەزیران کرایەوەو بەڕێز لطیف نصیف جاسمو راوێژکارە رۆژنامەنووسەکانو ژمارەیەکی زۆر لەکاربەدەستانی وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن تێدا ئامادەبوون .

لەسەرەتاوە ئامادەبوانی کۆنگرەکە دەقیقەیەك بۆ گیانی شەهیدانی قادسیەی صدام بە پێوە وەستانو .. ئینجا بەڕێز حسن محمد طوالبە بەڕێوەبەری گشتی دایەرەی پەیوەندییەکانی دەرەوە راپۆرتی کۆنگرەکەی خوێندەوە .

دوابە دوای خوێندنی راپۆرتی کۆنگرە بەڕێز طارق عزیز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری سەرەك وەزیران ووتەیەکی ئاراستەکردنو چۆنیەتی کارکردنی راوێژکارەکان لە نیشتمانی عەرەبیو ئەوروپاو ئاسیاو ئەفەریقیا پێشکەشکرد . .

تیایدا ووتی : ئەرکی سەرشانی راوێژکارەکان ئەم ساڵ واتە ساڵی ١٩٨١ گەلێ جیاوازە لەگەل ساڵەکانی ٩٨٠ ی لە ناوچەی عەرەبیو ی لەناوچەکانی تردا . . بە نسبەت ناوچەکانی عەرەبیو بەتایبەتی تونسو مەغریبو جەزایەر دەبێت راوێژکارەکان بە ووردی هۆیە سەرەکییەکانی جەنگی نێوان عیراقو ئێران بۆ هارنیشتمانییەکانیی ئەو رلاتانە روون بکەنەوە چونکە

بڕوانە ل ٧

خەلات کردنی ژمارەیەك لە کارگەرانی بواری قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری لە پارێزگەی بەسرەدا

ئەنجومەنی بەرزی هێرشی نیشتمانی سەفامگیری قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری ١٧٩ کەسی خەلات کردووە لەوانەی بەشداری چابووکانەی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریان لە پارێزگەی بەسرەدا کردووە .

خەلاتەکەش ئەم بەڕێزانە ئەندامانی ئەنجومەنی مەلبەندی قەلاچۆکردی نەخوێندەواریو چاودێری کەریە پەروەردەییەکانو دەستەی ئووسەرانی رۆژنامەی النورو ئەندامانی ئەنجومەنی گەلو بەڕێوەبەرەکانی راگەیاندنی ناوچەو تەلەفزیۆنی بەسرەو بەڕێوەبەرانی نووسینگەی ـ ـ ئا ـ د ـ ٤ ـ و ئەندامانی لیژنەکانی بەردەوامبوونی پارێزگەکەی گرتەوە .

خەلاتەکان بەڕێز زکی فیضی جێگری پارێزگاری لە ئاهەنگێكدا ٩ ی ئەمانگە دابەشی کرد لە هۆلی نیقابەی مامۆستایانی پارێزگەکەو ژمارەیەکی زۆری هاوڕیان ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی باعسی لقی بەسرەو لیژنەسراوانی پەروەردەیو ژمارەیەکی زۆری نەوەکانی خێزانی پەروەردەیی ئامادە بوون .

بەڕێز عبدالجبار عبدالمجید سلمان وەزیری پەروەردە لە نووسینێکی سووپاسکردندا بۆ ئەوانەی کە خەلاتەکە دەیانگرێتەوە وتی ئەمە ئەنجامی ئەو تەقەللادانەیە کە ئێرە داوتانە بۆ بەهێزکردنو پشتگرتنی رەوتی هێرشی نیشتمانی ناوبەراو سەرکەوتنیو دەربڕینێکی بەرزی تەقللای دلسۆزانەیو ئەنجامی باوەڕی قوڵتانە سەبارەت ئەوەی کە لە درارۆژدا دەیهێننە دی .

لەلایەکی ترەوە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە مبللییەکانی سەر بە دەزگای راپەڕاندنی هێرشی نیشتمانی سەقامگیر بۆ قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری گۆشەیەکی خوێندنی تایبەت بە چاودێری کردنی پەروەردەیی لە پارێزگەی قادسیەدا لەچوارشەممەی ریکەوتی ١١-٢-١٩٨١دا پێکهێنا .

وەزارەتی حوکمی ناوخۆیی دووبەیاننامەی ئامادەبوونی بۆلەبژاردنی دووئەندامی نوێی ئەنجومەنی نیشتمانی وناهادانان دەرکرد

وەزارەتی حوکمی ناوخۆیی بریاری دش‌کردنی ناوچەی دروەمی لەپارێزگەی سلێمانیدا بە دە بەشەوە کە رۆژی هەینی‌ی ریکەوتی ١٣-٣-١٩٨١ هەلبژاردنی تەواوکردنی تێدا دەکرێ بۆ هەلبژاردنی ئەندامی ئەنجومەنی یاسایی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بۆ شوێنی چۆلی خرالیتخۆش‌بوو عمر محی‌الدین شریف .

وەزارەت لەم‌لایەنەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد ئەمە دەقەکەیەتی : بە پێ ئەو بەیاننامەیەی لەدەستەی بەرزی چاودێری‌کردنی هەلبژاردنی ئەنجوومەنی یاساوە ژمارە (١٣) لە ٢١-١١-١٩٨١دا هاتووە بە گوێرەی ئەحکامی بەندی ٢٥ی یاسای ئەنجوومەنی یاسایی ناوچەی کوردستان بۆ ئۆتۆنومی ژمارە (٥٦) ساڵی ١٩٨٠ .

بریارماندا کە ناوچەی دروەمی هەلبژاردن لە پارێزگەی سلێمانی کە هەلبژاردنی تەواوکردنی رۆژی هەینی ١٣-٣-١٩٨١ تێدا دەکرێ بۆ هەلبژاردنی ئەندامی ئەنجومەنی یاسایی کە بەهۆی کۆچی دوایی خوالیتخۆش بوو عمر محی الدین شریفەوەو جۆل‌بوو دابەش‌کەین بۆ ئەم مەلبەندی کە لەلیستەی هەلواسراوی ئەم بەیاننامەیەدا هەن .

عبدالفتاح محمد امین
وەزیری حوکمی ناوخۆیی

هەروەها وەزارەتی حوکمی ناوخۆیی بەنامەیەکی لە لایەن دابەش‌کردنی ناوچەی سێیەمی هەلبژاردنەوە لە پارێزگەی ذی‌قار کە رۆژی ١٣-١٩٨١٣ بۆ تەواوکردنی هەلبژاردن دەکرێ دەرکردووە بۆ دابەش‌کردنی بەسی مەلبەندی هەلبژاردنەوە بۆ هەلبژاردنی ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ ئەندامێتی ئەو جێ چۆلەی ئەنجامی کۆچی دوایی خرالیتخۆش‌بوو طالب کیطان‌ەوە هاتە کایەوە.و ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە : بە پێی ئەوەی لەدەستەی بەرزی چاودێری کەری هەلبژاردنی ئەنجوومەنی ژمارە (٢٠)ی ٢١-١-١٩٨١ هاتووەو بە گوێرەی ئەحکامی بەندی (٢٤)ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی ژمارە (٥٥) ساڵی ١٩٨٠ بربارى دابەش‌کردنی ناوچەی سێیەمی هەلبژاردنمان‌دا لە پارێزگەی ذی‌قار کە هەلبژاردنی تەواوکردنی تێدا دەکرێ لە ١٣-٣-١٩٨١دا بۆ هەلبژاردنی ئەندامێتی چۆل کە ئەنجامی کۆچی دوایی خوالیتخۆش‌بوو طالب موسی کیطان‌ەوە هاتە کایەوە بەو مەلبەندانەی کە لە لیستەی هەلواسراوی ئەم بەیاننامەیەدا دیاری کراوە .

عبدالفتاح محمد امین
وەزیری حوکمی ناوخۆیی

ریکەوتنێك بۆ ئامادەکردنی نەخشەکانی قۆناغی دووەمی کۆمەڵگەی ئیستگە

لەدیوانی وەزارەتی راگەیاندن سەرلەبەیانی ٩/ی ئەمانگە ریکەوتنامەیەك لەگەڵ‌یەکی لەکومپانیاکانی جیهان مۆرکرا بۆ کاروباری راوێژکاریو ئامادەکردنی دوورودرێژو چاودێری کردنی‌رابەڕاندنی قۆناغی دووەمی کۆمەڵگەی ئیزگەو تەلەفزیۆنی بەغدا .

لەلایەنی عیراقەوە ریکەوتنامەکە بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری رۆشنبیریو راگەیاندن مۆری کردوو لە لایەن کومپانیاکەوە نوێنەرەکانی لەبەغدا مۆریان کرد .

ئەم ریکەوتنامەیەی کە خەرجی نزیکەی (٤) ملیۆن دیناره بریتییە لە دروست‌کردنی بیناو ستۆدیۆکانی تەلەفزیۆن بۆ بەرهەمدانو دەنگو باس بیجگە لە پاشکۆکانی وەك بەشی دیکۆرو ئەوخزمەتانەی پەیوەندیان پیانەوە هەیە .

هەروەها دروست‌کردنی بیناو ستۆدیۆکانی ئیزگەو ئەلن مەبەست هەروەها بیناى بەڕێوەبەرێتی بۆ بەڕێوەبەرێتی‌یەکانو بەشەکانی دەزگای گشتی ئیزگەو تەلەفزیۆن ..

بیناى تاقی‌کردنەوەکانو کۆلیجی مەشق‌دادانی ئیزگەو تەلەفزیۆنیو دروست‌کردنی شانۆیەکی تەلەفزیۆنی بۆ نۆمارکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن‌کە شوێنی خەلکی تێدابێتەوە .

بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری رۆشنبیریو راگەیاندن لە ئاهەنگی مۆرکردنی ریکەوتنامەکەدا پێخۆشحالی خۆی دەربڕی بۆ راپەڕاندنی ئەو پرۆژەیەو داوای لە کۆمپانیاکە کرد کە بە گوێرەی ئەو ریبازانەی کە مۆریان لەسەر کراوەو بە پێی ئەو ماوەیەی بۆی دانراوە تەواویان بکات .. هەروەها بەڕێز وەزیر دووپاتی بابەخدانی ئەوپەڕی تەقەللای کردەوە بۆ بابەخدان بە بڕاره‌کانی زانیاریو هونەری لە راپەڕاندی پرۆژەکەدا بەباشی .

کۆرێکی زانستی لە هەولێر .

دوێنی ١١-٢-١٩٨١ی ئەمانەتی گشتی کشتوکالو چاکردنی کشتوکال لە هۆلی رۆشنبیریو ئاراستە کردنی جووتیاران لە هەولێر کۆرێکی بۆ بەڕێز دکتور ئازاد خانەقا رێك حست ئەو کۆرە کە نزیکە ٢ سەعاتی خایاند بەناونیشانی کارتیکردنی مایکرورایز لەسەر شی‌کردنەوەی فوسفاتی زەوی ناوقاك‌و گۆرین باری رووەك بۆ مژینی ئەم فوسفاتەی بوو .

تیایدا دکتور ئازاد بەشێوەیێکی فرەوانو زانستیانە بابەتەکە بۆ ئامادەبووان ساغ‌کردەوەو وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانیش دابەوە کە ئاراستە دەکرا ئەمەو شایانی باسە کە زۆربەی‌ریزەبەرو فەرمانرەوان .

بەتەلەفۆن لەنووسینگەی هەولێر / نژاد

چەندان پرۆژەی خزمەت گوزاری لە پارێزگای سلێمانی بەردەبنا غەی ئانراوەو کراوەتەوە

بەبۆنەی بیرەوەری‌ی‌ەژدەمین ساڵەی شۆڕشی هەشتی شوبات (عروس‌الثورات)و بیرەوەری یانزە ساڵەی دامەزراندنی‌سوپای‌گەل ..ئەلن ئاهەنگ‌و چالاکی‌و کۆڕو میهرەجانانی‌وەرزش‌و رۆشنبیری‌و هونەری‌و کردنەوەی چەندان‌پیشانگای جۆراو جۆر لە سلێمانی‌دا ساز کرا هەموو‌ریکخراوە میللی‌و جەماوەری‌ـ بەکان تێدا بەشداریان کرد . پرۆگرامی یەکتێتی ناوخۆی نەقابەکانی کرێکاران لەپارێزگاکەوە بریتیبوو لە سازکردنی چەندین‌هەرەوەزی‌کاری میللی‌و بەستنی کۆڕی کرێکارانەوەسەردانی خێزانی شەهیدەکان‌و جەنگاوەران‌و خەلات پێشکەش کردنیان .

هەروەها پرۆگرامی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لقی سلێمانی بریتیبوو لە سەردانی خێزانی شەهیدەکان‌و بەسەرکردنەوەی بریندارەکان لە نەخۆشخانەکانداو پێشکەش‌کردنی خەلات بۆیان .. لە لایەکی ترپشەوە ریکخراوی پیشەنگاکان میهرجانێکی ووتارو شیعر خوێندنەوەو پیشانگایەکی بۆ وێنەی پیشەنگاکان سازکردو

بڕوانە ل ٧

تاوان دژی کوردستانی ئێران هەتاکەی !!!

« ناظم دلەند »

دۆستە ئازیزەکانم . . . هەر مێژووە بەرەو پێشەوە دەڕوا جا هەرکەسێك یا هەر نەتەوەیەك بە جۆرێك بوونی خۆی تیا تۆمار دەکات ، ئیمەی خاوەن ئەلێك شتی مەزن لاپەڕەکانی ئەومێژووە بە ئازایەتی پڕ دەکەینەوە .. کوردستانی ئەو دیو ئەوە بۆ چەند ساڵێك دەچێ ، چرای کامەرانی لە هیچ سووچێکا دانەگیرساندووەو تەپلێ شادی هیچ دەمانێك لێنەداوە .... ئەوەتا رژێمی مەلا جاهیلو دڵ رەشەکانی تاران‌و قوم هەتا ئیستاش خۆشەویستی لە کوردستانی ئەو دیودا دەکوژن‌و چرای دوارۆژ دەکوژێننەوەو لادێو گوندو شارە کوردەواریەکان بۆمبا باران دەکەن ... جا ئەمە کەی دەبێتە یەکسانی‌و دەبنە رابەری موسوڵمانێتی‌و لەمرۆڤایەتی دەگەن کەباوەڕیان بە مافی ئەوگەلە غەیرە فارسانە نەبێن ....

فێواکانی خومەینی لە جانتای هیچ دبلۆماسیەك جێی نابێتەوە ، چونکە هەمووی هەرگێرە شێوێنی‌و سەرلێ‌شێواوی‌یەو باسی هیچ ناکات جگە لە دەرپەڕاندنی عەزەلانی کەش‌و فشی خۆی نەبێت ... وا دەزانێ مرۆیەکەو تازە لە چەرخێکی ترا هاتۆتەوەو عادات‌و تەقالیدی ئەوانی بۆمان هێناوەتەوە ، بێ‌گومان وادەزانێت ئەمە لە هیچ چەرخێك ناوەشێتەوە تەنها لە چەرخی جادووگەریەت نەبێت ... کوشتنی ئەم‌و ئەو وێران کردنی شارو گوندو لادێی ئەونەتەوەو ئەم نەتەوە نەبێت .. وابزانین ئەمەشیان بەسەرچوو نە هۆلاکۆو نموونەی ئەو ماون تا ئەم جۆرە رەفتارە بکەن مەگەر خومەینی ، کەواتە دەبێ خومەینی یاساو نەریت‌و مێژوویەکی هەبێت هەمیشە لە بیرك هیچ کەسێکا نەبێ ، چونکە هیچ مرۆڤێك لە سەردەمی هاوچەرخەکەی ئەمرۆدا باوەڕی بە کوشتن‌و وێران‌کردن‌و بەر بەرەکانی نیە مەگەر ئەو انسانەی کە لە خۆیانەوە دڵ ڕەقو رەگەز پەرستبن‌و دوورین لە هەموو بیروباوەڕێکی شۆرشگێرییەت‌و پێش‌کەوتنخوازی .

خومەینی کە هەموو ئەو تاوانە ناپەسندانەش دەکات ئینجا خۆی بە مرۆڤێکی دیموکراتی خوازو ئاشتی خوازو مرۆڤ پەروەر دادەنێ ، بەڵام ئەمانە هەموو لە ئەوو نموونەی ئەو بێ‌بەرین ، چونکە ئەمانە پەیامی پیرۆزن هەموو کەسێك ناتوانێ بیگەیەنێ ، جا پێ‌شێڵ‌کردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردمان لە کوردستانی ئەودیودا وابزانین پاشەڕۆژەکەی بۆ جەماعەتی تاران خراپ هەڵدەگەڕێتەوە ، وەك هەڵگەڕاتەوەو جیهانیش باوەڕیان بەوەیە کە گەلی کورد هەیە پێوبستە مافەکانی پێشێڵ نەکرێت ... دوا رۆژ مێژوو دروست دەکات‌و ئەو گەلە زۆرلێ کراوانەی کە ئەمرۆ خەبات دەکەن بۆ ماچی سەریەستی بێ‌گومان نزیکەو هەرپێی دەگەن ....

سووپای میللی

دەورێکی دیارو ئەرکی تێکۆشەرانە

سووپای میللی لەناو ریزەکانی جەماوەری گەلەکەماندا بۆ بەرگری لەنیشتمان‌و دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕشی گەورەی‌وڵاتە تێکۆشەرەکەمان شوێنێکی بەرزی وەرگرتووەتان بە شانی هێزە چەکدارە دلێرەکانمان لە ناخەوە دەربارەی لەڕێ لانەدان‌و کارو کردەوەیان بەگەلێ جۆروەفای خۆیان لە ئاست بیروباوەڕووەك جێبەجێ کردنی رۆڵێکی مەبدانی لەودەورە خەباتەیەوەکە سووپای میللی وەك هێزێکی سووپایی‌لەجێی خۆیەوە پێی هەتساوە .

هەروەها سووپای میللی بەشداری جەنگی قادسیەی مدامی کردووە ئەمیش لەگەلێ رووەوە جیاوازە لەریزی پێشەوەدا بووە لەگەل هێزەکانی سووپا سەرکەوتووەکەمان یان لەبەرەی ناوخۆدا بووە لەگەل جەماوەری گەلە دلێرەکەماندا لە خەباتیاندا لەگەل جەنگ‌و ئاسۆ فراوانەکانیدا . . ئەمەش دەورێکی ئەوتۆی گەورەیە لە قەوارەی رەنگدانەوەی پێ‌گەیشتنی تاقی‌کردنەوەی دامەزراندنی سووپای میللی‌و چەسپاندنی پایەکانێتی . . هەروەها لەدایك‌بوونی سووپای میللی تەرجوومەی خواستەکانی بروتنەوەی خەباتی عەرەبی‌یە کە داوای بیروباوەڕەکانی بیرێ سۆشیالیستی کرد بە پێویستی هێنانی جەماوەری لە جەنگە خەباتی‌یەکانی‌داو بەرز کردنەوەی پاراستنی‌و بە شێوەیەکی چاك ئامادەکردنی بۆ ئەوەی بتوانێت بۆ پاراستنی نیشتمانەکەی دەوری خۆی ببینێ‌و وزە کاریگەرەکانی بخاتە کار لەڕێی وەدیهێنانی ئامانجە نەمرو پیرۆزەکانی نەتەوەی عەرەب.

بوونی سووپای میللی رەنەبێ بەکات‌و سەردەمەوە بەسترابێ بەلکو بوونێکە بریتیە لە رەنگدانەوەی ناخی بیروباوەڕەکان‌و دانانیان لەشوێنی جێبەجێ کردندا ئەمەدەربڕینە ئەوکاتە پێوبستە هەڵقوڵاوەی مێژوویی‌یە کە وڵاتەکەمان بەرەو رووی دەبێتەوە .

بڕوانە ل ٧

Institut kurde de Paris

بەرەو پرۆژەیەکی وەرگێڕان

محمدی ملا کریم

ڕۆشنبیری باران نییە بارێ و بدا بەسەر خەڵکدا . شیعریش نییە کە ئەوسا وا باو بوو شەپۆلێکی خۆی هەبە ئەپچێنێتە گوێی زیرەکی دەورێکی زۆریان لە شاعیر.. بەڵێ ڕاستە بەهرەو توانای ڕۆشنبیربوونداهەبەو، ئەم بەهرەو زیرەکییەش هەرچۆن بێ و سەرچاوەکەیان لە هەرکوێیەکەوە بێ، ڕیشەو ڕچەڵەکیان بە دەستی بنیادەم خۆی نییە ، بەڵام ئەوەش ئاشکرایە بەهرەو زیرەکی بێ خوێندەواری کەسێك ناکەن بە ڕۆشنبیرو بنچینەی ڕۆشنبیریش لە خوێندەواری و بەرزبوونەوەی پلەی و پاشان بەردەوام بوونی خوێندەوارانمان بۆ ڕۆشنبیربوون چەند تەسك و چەند چڕووکە . خۆ ئەگەر ئەو کتێب و کۆوارو ڕۆژنامانەشمان - بە عەرەبی و کوردیشەوە - پڕە پڕە کرد ، زیاتر بۆمان دەرئەکەوێ ئەو تەسکی و چڕووکییە چەند کوشندەو بیر نەزۆك کەرە . ساڵێکی ڕەبەق بگرە ، بزانە لەم ساڵەدا لەناو خۆماندا چەند کتێب و کۆوارو ڕۆژنامەی بەپێز دەرچووەو چەند لە دەرەوە هاتووەتە ناوەوە ، لەکاتێکا کە ئێستا بەپێی سەرژمێری یەکی ئەم دوایی یە ڕۆژی تێکڕا (٢١٠٠) کتێب لەچاپ ئەدرێ .. کە زمارەی ڕۆژانی یەکشەممووی ڕۆژنامەیەکی وەك (نیۆیۆرك تایمس)ی ئەمریکایی دارستانێکی هەشتا هەکتاریی بۆ ئەگرێ بە قاقەز .. من ئەمەوێ کەسێك بێ دەسم بخاتە سەر مانگی کتێبێکی بەپێزی بیر وشیارکەرەوەی ، باری سەرنج ڕوونی عەرەبی ، کە لە ماوەی ساڵێکدا ، پار بێ، پێرار بێ ، پێشتر بێ ، لە دەرەوە هاتبێ و لە بازارێکدا

لەمەوەیە ئەبینین نووسەری خاوەن بیرمان وەختە نەبێ.. شاعیرو شانۆنامەنووسەو چیرۆکنووسە تاکو تەراکانمان دەرفەتی ئەوەیان بۆ ناڕەخسێ بخوێننەوە تا بزانن خەڵکی وڵاتانی تر چی ئەڵێن و لە چی ئادون و چۆن بیر ئەکەنەوە .. عەیب نەبێ وەك کای گێرەیان لێ کردووین ، هەر بەدەوری خۆماندا دێین و دەچین و بەهۆی ئەمەوە بەرهەممان بێ تام و چێژو وێنەی کاڵ و ناوەڕۆکی بێ پێزە وەك دەغڵێك لە زەوی یەکسدا داچێنرابێ ساڵەهابێ وەرز لەدوای وەرز بکێڵرێتەوەو داچێنرێتەوەو هیچ پەبێکی خواکردو دەسکردی پێوە نەکری و لافاویش قوڕو لیتەی خۆی بەسەردا نەهێنابێ .. وەك داریکی زڕە پێوەنەکرابێ .. وەك سیماو ڕۆخساری دانیشتووانی دێیەکی دوورەپەرێزە لەگەڵ دەرو دراوسێ و خەڵکی لاوەکی ژن و ژن خوازیان نەبێ و هەر لەناو خۆیاندا زاوزێ بکەن ، هەر یەکێکیان بکری وێنەیەکی دەقی ئەوی کەبانەو هەموویان هەموو دەردو نەخۆشی یە میراتی یەکانی باو باپیرانیان لەناو خۆیاندا دەورنەکەنەوە ..

دیارە لە بارو دۆخی ئاوادا من چاوەڕوانی فەلەمبازێکی بیرێ نبێم لەناو کۆمەڵەی کوردەواری و ڕۆشنبیرانی کورددا .. دەردەکەش گەلێ لەوە قووڵترو سەختترە بە یەك دوو پێشنیار تیمارو چارەکرێ .. بەڵام دیارە ناشبێ دەسەوسان بوەستین . بۆیە من جارێکی کەش ڕووی دەم نەکەمەوە ئەو ڕۆشنبیرانەمان زمانە ئەورووپایی یەکان ئەزانن .. زمانە دراوسێکان ئەزانن .. داوا ئەکەم ئەمانە لەناو خۆیاندا دیداری ڕێك بخەن..

گفتوگۆیەك بکەن . . بەرنامەیەکی وەرگێڕان دانێن .. کتێب هەڵبژێرن .. هەریەکەشیان بۆ خۆی بڵانێك دانێ . ئەوانەش کە کوردی یەکەیان لەوانی کە باکترو ڕەوانترو ڕەساترە ئەرکی پیاچوونەوەو دارشتنەوەی وەرگێڕراوەکانی ئەوان بگرنە ئەستۆی خۆیان، تا بەم جۆرە بتوانین کارێك بکەین لە ماوەی ساڵێکدا ئاخشەیەکی بەردەوام بخەینە کار بۆ ئەوەی مانگی دوو یا هیچ نەبێ کتێبێکی باش لە لقێ لە لقەکانی زانستی ئادەمیزاد وەرگێڕینە سەر کوردی و بیخەینە بەردەستی خوێندەواری کوردو بیکەین بە خۆراکی مێشکی بە زانست ئینووی ..

ئەگەر دەزگای ڕۆشنبیریی کوردو یەکێتیی نووسەرانی کورد بیرێك لەم پێشنیارە بکەنەوەو بریاری جێ بەجێ کردنی بدەن ، لامێوایە ئەرکێکی پیرۆزی مێژوویی بەجێ دێنن و لاشم وایە بە هەردوولا توانای هێنانەدیی ئەم پێشنیارەیان هەیە .

چیرۆکی خنکاندن
پاشماوەی ژمارەی پێشوو

بۆم هەیە هەر گاتێ بمەوێ کونەکە بەجێ بهێڵم ، ئەوراق وکەل و پەلەکانمی دابەوە ، بەڵام پێم ڕاگەیاند کونەکە بەجێ ناهێڵم ودەبێ ڕوو بەرووی پەتی سێدارە ببمەوە، پێم گوت ئەم بڕیارەم بە گەورەکانی ڕابگەیەنێت .

وەختێ پرسیاری هۆبەکەیان لێم کرد ، ووتم من واتای بەندیخانەو مەرگو ترس فێر بووم ، ئێستا تیایاندا قال بوومەتەوەو خاوەن ئەزمونم لەبەر ئەوە وای بەباشتر دەزانم لەبری ئەوی دی کە هێشتا قال نەبۆتەوەو ئەزمونی نیە ، من لە سێدارە بدرێم .

منیان هێشتەوەو ئەویان ڕەها کرد کە دەریان کردمە گۆڕەپانی ساختمانە گەورەکە، نواریمە ئاسمان . تاقە یەك ئەستێرە دیار بوو .

تاریکی هەموو شتێك هەڵدەلوشێت ، تەنانەت تۆش ، تۆش ئەستێرەکەم بەتەنیایی جێت هێشتم .

ئەستێرەکەم بەتەنیایی جێت هێشتم .

« بە تەنێ لە دوورگەکانی شەودا مامەوە .

دڵم بەدەم ترسەوە سەما دەکات .

هەمیشە پڕ لە زریکەی ترسە » .

پەتی سێدارە لە گۆڕەپانی ساختمانە گەورەکەدا خۆی بۆ دەست لە مل کردنم ئامادە دەکات و منیش تەنیا تۆ شك دەبەم ئەی ئەستێرەکەم .

مادام پیاوان بەرەو پیری مەرگ دەچن و دەمرن سەربەستی ، ئازادی هەرگیز نامرن وهەر دەژین ئەی ئەستێرەکەم[1] .

١ - ئەستێرە لە دەقە بنەڕەتیەکەدا بۆ دوو مەبەست بەکار هاتووە .

بڕوانە ل ٦٤ - ٦٧ افاق عربیە ژمارە ١١ تموزی ١٩٨٠ .

تۆوەنیم

تووڕە نابم ..
حەزناکەم تۆش لێم تووڕەبی
من لە گڵێنەی چاوی خۆم چۆن دەتۆرێم ؟
من کەناری ڕووباریکی سەرشێتنم و
لە سینگی زەویی عیشقی باك چۆن دەشۆرێم ؟!
کەنارێکم ..

هەزارەها تووڵە نەمامو شۆڕەبی
لە هەردوو دیوم دا دەڕوێن
من باڵندەی ئاقارێکم
هەزاران هەزار هێڵلانە داندەمدەدەن
خۆشیان دەوێم .. خۆشم دەوێن
چی ئەستێرەی ئاسمان هەیە
فێری باڵەفڕەم دەکەن
بەڵام ڕووبار ..

دەبێ لە کانی داوێنی چیا بەرزا هەڵبقوڵێ
دەبێ کەنار
لەتەك گوڵو چنارو شەنگەبی سەوزا
بەستەی نەمری خۆی بڵێ
دەبێ باڵدار ..
لە ئاسمانێکی سەربەستدا
لە شەقەی باڵی ژین بدا
لەسەر هێڵلانەکەی خۆیدا
قوربانی بە فڕین بدا
بۆیە چیای بەرزم ئەتۆی
چنارو شەنگەبی سەوزم ئەتۆی
ئاسمانی بێ مەرزم ئەتۆی
باوەشی تۆبە هێڵلانەم
تین دەدا بەم دڵو گیانەم

١٩٨٠/١٠/٢٧

جەوهەر کرمانج

یەشارکە مالو

سروشت

لەکۆمەڵە چیرۆکیکیدا

● مارف عومەر گول ●

لەم ڕۆژانەدا لە لایەنوەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوە کۆمەڵێ چیرۆکی نووسەری ناودار « یەشار کەمال » کەوتە بازاڕەوە .مامۆستا « عبدالوهاب داقووقی » ئەم کتێبەی لەتورکی یەوە کردووە بە عەرەبی ، کتێبەکە بڕێتی یە لە پێشەکی یەکو حەوت چیرۆك کە ئەمانەن :

« شیرەخۆرە . دووکاندار. گرە . مێشوولە . شەروالی سپی . نوێن . حەقایەتێکی جەپەل » .

داقووقی لە پێشەکی یەکەدا ئەوە دەس نیشان دەکات کەوا لەم ساڵانەی دواییدا دەزگاکانی پەخشی و بڵاوکردنەوەی وڵاتان ، بەتایبەتی دەزگا ڕۆشنبیری - یەکانی فەرەنسا بەرهەمەکانی یەشار کەمال - یان لە تورکی یەوە وەرگێڕاوەو دەنگی یان گەیاندۆتە جیهان . ڕۆمانی (ئینجە مەمەد - حەمەسیس)یش یەکەم بەرهەمی ئەم نووسەرە بووە کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی و سەرنجی نووسەران و ڕەخنەگرانی ڕاکێشاوە ، تەناتەت هەندێکیان ئەم نووسەرەیان ناو ناوە (هۆمیرۆسی سەدەی بیستەم)

ئێمەی خوێندەواری کوردیش ساڵی (١٩٧٥) یەشار کەمال - مان بەهۆی ڕۆمانی (ئەفسانەی چیای ئاگری)یەوە ناسی کە مامۆستا « شوکور مستەفا » کردبووی بە کوردی یەشار کەمال گۆڕانی سروشت و گۆڕان و پێشکەوتنی مرۆڤ هاوشان دەکات ، دەڵێ هەردوولایان کار لە یەکتر دەکەن و پێکەوە دەگۆڕێن ، عبدالوهاب داقووقی ـیش لەم بارەیەوە لە پێشەکی یەکەیدا دەڵێ :

« شیرەخۆرە . دووکاندار. گرە . مێشوولە . شەروالی سپی . نوێن . حەقایەتێکی جەپەل » .

داقووقی لە پێشەکی یەکەدا ئەوە دەس نیشان دەکات کەوا لەم ساڵانەی دواییدا دەزگاکانی پەخشی و بڵاوکردنەوەی وڵاتان ، بەتایبەتی دەزگا ڕۆشنبیری - یەکانی فەرەنسا بەرهەمەکانی یەشار کەمال - یان لە تورکی یەوە وەرگێڕاوەو دەنگی یان گەیاندۆتە جیهان . ڕۆمانی (ئینجە مەمەد - حەمەسیس)یش یەکەم بەرهەمی ئەم نووسەرە بووە کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی و سەرنجی نووسەران و ڕەخنەگرانی ڕاکێشاوە ، تەناتەت هەندێکیان ئەم نووسەرەیان ناو ناوە (هۆمیرۆسی سەدەی بیستەم)

ئێمەی خوێندەواری کوردیش ساڵی (١٩٧٥) یەشار کەمال - مان بەهۆی ڕۆمانی (ئەفسانەی چیای ئاگری)یەوە ناسی کە مامۆستا « شوکور مستەفا » کردبووی بە کوردی یەشار کەمال گۆڕانی سروشت و گۆڕان و پێشکەوتنی مرۆڤ هاوشان دەکات ، دەڵێ هەردوولایان کار لە یەکتر دەکەن و پێکەوە دەگۆڕێن ، عبدالوهاب داقووقی ـیش لەم بارەیەوە لە پێشەکی یەکەیدا دەڵێ :

« شیرەخۆرە . دووکاندار. گرە . مێشوولە . شەروالی سپی . نوێن . حەقایەتێکی جەپەل » .

داقووقی لە پێشەکی یەکەدا ئەوە دەس نیشان دەکات کەوا لەم ساڵانەی دواییدا دەزگاکانی پەخشی و بڵاوکردنەوەی وڵاتان ، بەتایبەتی دەزگا ڕۆشنبیری - یەکانی فەرەنسا بەرهەمەکانی یەشار کەمال - یان لە تورکی یەوە وەرگێڕاوەو دەنگی یان گەیاندۆتە جیهان . ڕۆمانی (ئینجە مەمەد - حەمەسیس)یش یەکەم بەرهەمی ئەم نووسەرە بووە کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی و سەرنجی

ئەم جۆرە کارەی یەشار کەمال نرخی تایبەتیی هەیەو بە تێڕوانینێکی گەشەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات ، دڵیشی پڕە لە چیرۆك و داستان و ئەو حەقایەتانەی کە پشتاوپشت دەوترێنەوەو لەناو ناچن ، نووسینەکانیشی لەیەکدان و جووت کردنی مێژوو داستان و ڕاستی و ئەندێشەیە . ئەو سامانە میللی یە دەوڵەمەندەی زارەو زار دەکات و لە سەر شاخەکانی (ئارارات)ەوە بەرەو خوار دەبێتەوە ، یەشار کەمال بە گۆڕان و دەسکاری و زیادکردنەوە دەیخاتە بەرگی ئەدەبی یەوەو بیروباوەڕی خۆیی ئاوێتە دەکات ، خوێندەواریش کە نووسینی ئەم نووسەرە دەخوێنێتەوە ، ئەوەندە هەستوگیانی مرۆڤانەی گەشە دەستێنێ چەمۆڵە لە ناڕەوایی و زۆرداری و چەوساندنەوە دەنێت .

لەم حەوت چیرۆکەدا یەشار کەمال لەگەڵ ژیانی دەوروبەری خۆیدا ئەسەرو ئەوسەر دەکات ، لە دێر بە دێری چیرۆکەکاندا دەردو نەخۆشی دواکەوتن و تێنەگەیشتن لەلایەك و باوەڕو کۆلنەدان و هیواو ڕەنجدان لە لایەکی ترەوە ، هەردوو لا دبارو ئاشکران . ناکرێت ئێمە لەم کورتە لێدوانەدا چیرۆکەکان بگێڕینەوەو درێژدادرێ بکەین ، با خوێندەوار خۆی بگەڕێتەوە

بڕوانە ل ٧

ڕوانین
پاشماوەی ژمارەی پێشوو

بەوەیش نیە من دەمێکە شیعر دەنووسم یا لەگەڵی دەژیم دەزانم زۆر کەس لەدوای منەوە دەستیان دایە شیعر نووسین ئێستا زۆر لە پێشەوەی منن ، بڕواناکەم شاعیرێك هەبێت نەزانێ لە کام ـمەوقیعی- شیعری دایە .. خۆی نەناسێ ، بای چەندە .. بەڵام ئەو شاعیرانەی پێ لە جەرگی خۆیان دەنین کەمن ..

ـ: من دەڵێم وەرگێڕانی شیعر ، ئەگەر وەك نووسینی شیعر تەبێت چی وای کەمتر نیە ، وەکو هونەرێکی بالا .. ئەی تۆ ؟

ـ: من لەگەڵ تۆ دام .. وەرگێڕان هونەرێکە بۆ خۆی ، بەڵام وەرگێڕانی شیعر لوتکەی ئەو هونەرەیە .. وابزانم تۆیش لەکەلمای کە شیعر نووسین کارێکی سووك و ئاسان نییە ، داخۆ دەبێ وەرگێڕانی چۆن بێت ، هەڵبەتە زۆر گران. شاعیر کە دەچێتە ناو خەلوەتی شیعر نووسینەوە وەك ڕاوی چۆلەکە بکات ، ئاوا تۆڕ بۆ ووشە دەنێتەوە ، یا ئەم درەختو ئەو ئەم چڵو ئەو چڵ دەکات بە دوای چۆلەکەی وشەیێکی هەڵەتەدا ئەوجا با وەگێری دەخات یاخود ڕاوی بەتاڵە . بەکورتی شیعر نووسین ، - تەکلیفێکی- زۆری بەسەر شاعیرەوە هەیە ، دەزانی شاعیر لەپەنای هەر ووشەیەکدا خێوەت بۆ چەندین هەناسەو سووتان و ـموعاناتـو خرۆشـو کەف و کوڵە دەروونیەکانی هەڵدەدات ... دەزانی شاعیر لەگەڵ ئەو هەموو دەربڕینانەش هێشتا هەر بە چاوێکی نزمەوە سەیری زمان دەکا لەچاو ئەو کەف و کوڵانەی دەروونی بۆیە دەڵێم وەرگێڕانی شیعر کارێکە وەك شیعر نووسین گران ، وەرگێڕ نابێ هەر ڕستەی ڕووت و قوت وەربگێڕێ ، دەبێ ئەو دیوی وشەکان یەکسالا بکاتەوە ، ئەو دیوەی کە عاشق و سوتان و ـموعاناتی- شاعیری هەڵگرتووە . واتە کاری وەرگێڕ تابلۆی ناسکە .. ئەگەر زۆر وردو وێژدان بەرز نەبێ ،ناوچاوانی زوو بەر مۆری خیانتکاری دەکەوێ ..

ـ: باشە ئەگەر تۆ وەرگێڕێکی چاك بیت تەکلیف بکرێ کە کۆمەڵە شیعرێکی کوردی ،وەربگێڕیتە سەر زمانێکی بێگانە .. دەڵێم ـمەسەلەن- لەو دەنگانەی ئێستا دەبیستێرن کامەیان هاڵدەبژێری ؟

ـ: جار ی ـئەوەلەن- لە ـعاقڵان- دوورە من وەرگێڕێکی چاك بم یاخود بم بە وەرگێڕێکی چاك و بۆ ئەم کارە تەکلیف بکرێم.. دەزانی بۆ ؟

چونکە من لە زمانێك زیاتر نازانم بە کوردی دەنووسم و عەرەبیش هەر پێی دەخوێنمەوە . بەڵام ڕەنگە تۆ نەیتنی ی ئەوەوەم پێبدرکێنی کە کام لەو دەنگانەی ئەمڕۆ بە ـموستەحەق - دەزانم ؟ .

چونکە من لە زمانێك زیاتر نازانم .. بە کوردی دەنووسم و دەخوێنجەوە .. عەرەبیش هەرپێی دەڵێم بۆ وێژدان ئازادبوون ، دەبێ نموونەی شیعر ببێ بە سەنگی مەمەکی ئەم کارە .. هەمان زۆر ناوی بێناوەڕۆك ، هەبشمانە شتی زۆر پێیەو ناشناسرێ.. بەکورتی ناوت بۆ بژمێرم!!.. ئەمە ناکەم چونکە شاعیرانیش دڵیان ناسکە .

institut kurde de paris

وتەی لاپەڕە



لەم وڵاتەی ئێمەداو لە سایەی ئەو گۆڕانکاریە گەورانەدا ، شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەموزی پێشکەوتخواز ، بە سەر ژیانی کۆمەڵدا هێناویەتی بە مەبەستی بەرەوپێش بردنو کامەران کردنی تێکڕایی کۆمەڵانی خەڵك . ئافرەتان گەلێ دەستکەوتەی کۆمەڵایەتی مەزنیان بۆ هاتۆتەدی ، کە پاراستنو قول کردنەوەی ئەو دەستکەوتانە ، لەسەر جوستوچالاکی ئافرەتان خۆیان وەستاون .

ئەمڕۆ ئافرەتانی وڵاتی ئێمە ، لە چواردیواری ماڵدا دۆش داماو دانەماون ، لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا دەیان بینی کاردەکەنو بەشداری بنیاتنانی کۆمەڵی نوێی وڵاتەکەمان دەکەن .

هەروەك لەمەوبەرتر لەم لاپەڕەیەوە پێمان ڕاگەیاندن . دەمانەوێ وەك کاری ڕۆژنامەنووسی (هاوکاری)یش بەشداری ئەو گۆڕانکاریە بەرەوپێشەوە چونە بکات ، کە بەسەر ژیانی ئافرەتانی وڵاتەکەماندا بە گشتیو ئافرەتی کورد بەتایبەتی داهاتووە ، بۆیە دووبارە ، بانگتان دەکەین . . . دایکانی ئازیزو خوشکانی خۆشەویست . . . . بەشداری ئەم باقی کردنەوە ڕۆشنبیری یا بکەنو چاوەڕێین ...

● ئافرەتان ●

کە لە ڕۆژانی ئاشتیو نەهونیدا، ئافرەتی ئەم وڵاتە بەپێی ئەو بارو گۆزەرانەی شۆڕش بۆی ڕەخساندوە ، ئافرەت ، لە کارگە کریکاری چالاك بوەو بەشداری دلسۆزانەی کردوە لە زیاد کردنی بەرهەمداو ، ئافرەت مامۆستاو ڕابەر بوە لە توتابخانەکاندا ، فریشتەی خۆشەویستیو دلنەوایی مرۆڤایەتی بوە ، لەو کاتەدا ، کە ئافرەت خاوەنی قەڵەمی بەهێز بوە بۆ پتەو کردنی ئەرزیەتی روناکبیری خۆیو کۆمەڵەکەی ...

دەڵێین ، ئالەو کاتانەدا، کە ئافرەتی ئەم وڵاتە ، بەتواناو بەهرەی لێهاتوانە ، بوونی ڕاستەقینەی خۆی لە هەموو لایەنە بەرەوپێشەوە چوەکانی ژیاندا دووپات کردۆتەوە ...

ئەوا ئەمڕۆ ، کە وڵاتەکەمان لە شەڕی شەرەفمندیدا دژی دەستەی ڕەگەز پەرستی فارسەکان ، بەرگری لە سەربەخۆیو سەربەزری خاکو گەلی عیراق دەکا ، ئەوا ئافرەتی عیراق ، دایکی جەنگاوەرانو خوسکو ئازیزی جەنگاوەران ، سەرەڕای زیاد کردنی تواناو بەهرەی لێهاتوانەیان ، لە مەیدانەکانی بنیات ناندا، لە مەیدانی بەرگری کردن لە سەربەخۆی وڵاتیشدا تواناو لێهاتوی خۆی دووپات دەکاتەوە .

ئافرەتێکی زۆر لە هەموو لایەکی وڵاتدا بە شانازیەوە چونەتە ڕیزی سوپای میللیو لەو مەیدانە گرانەشدا .

ئافرەتی عیراق بە توانایو لێ هاتوی خۆی دووپاتکردەوە ، سەلماندنی ئافرەت ، جەنگاوەرێکی ئازاو بە جەرگە لە کاتی پێویستدا بۆ بەرگری کردن لە سەربەستیو سەربەخۆی وڵاتەکەیو شەرەفی گەلەکەی.

قادسیەی صدام، بەهرەی جەنگاوەری ئافرەتی عیراقی چەسپاند هەروەك ئازایەتیو بازووی پولاینی سەربازی عیراقی لە مەیدانی جەنگدا ساغ کردەوە .

کەواتە ، بۆ ئافرەتانمانە شانازی بە خۆیان تواناو بەهرەیانەوە بکەن ...

سڵاوتان لێبێ ...

خوشکو دایکانی کارگیرو مامۆستاو دایکو خوشکانی جەنگاوەری ئازاو بە جەرگو سەربەرز ...

● بەشی لێکۆڵینەوە ●

ئافرەتانی چەمچەماڵ و هاوبەشی جەنگ

● یەکیەتی ئافرەتانی چەمچەماڵ بەردەوام لە هەوڵی دلسۆزانەیاندان بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەرشانیانو هەردەم لە کاردان بۆ بەهێز کردنی بەرەی ناوخۆو ڕووبەڕوو بونەوەی هەموو ڕووداوێکی کوتوپڕی بۆردوومانی درندانەی تاقمەکەی خومەینیو هەموو جۆرە پێویستیەکی پاڵپشت گرتنی سوپای دلێرمان لە جەنگی قادسیەی صدام حسینداو لەم ڕووەوە خوشکە ئەشمیل عبداللە حسین لێپرسراوی لقی یەکیەتیی ئافرەتان لە چەمچەماڵ بۆ هاوکاری دوواو وتی :

× بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمانەوە لە جەنگی شەرفدا جەنگی قادسیەی صدام حسین لقی چەمچەماڵی یەکیەتی ئافرەتان گەلێ چالاکی جیوجولی دلسۆزانەی جێبەجێ کرد ئەویش بە نیازی هاوبەش سوپامان لەم جەنگەداو بەهێز کردنی جەبهەی ناوخۆو پشت گرتنی سوپا لە جەبهەی پێشەوەداو لێرەدا ئەتوانم گرنگەکانیان باس بکەم کە ئەمانە بوون .

پێك هێنانو ڕێکخستنی هەڵمەتی خوێن بەخشینو گەلێ لە ئافرەتانمان لە تیپەکانی بەرگری میللیدا ناونوسی خۆیانیان کردووەو ئێستا لەو تیپانەدا کار ئەکەنو هاوبەشی ئیشی ئیسعافاتو ئاگر کوژانەوەو برین پێچی ئەکەن . هەروەها یەکدوو جار سەرمان داوە لە خێزانی شەهیدو بریندارەکانی ناوچەکەو خەڵاتمان داونەتێو دڵخۆشمان کردوون . گەلێ کۆری فراوانمان گرتووە بۆ ئافرەتان بۆ ڕوون کردنەوەی هەڵوێستی دوژمنانەی خومەینیو تاقمەکەیی و باس کردنی سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمانو هاندانی ئافرەتان بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەنەوە بە توتابخانە گەلیەکانەوەو هەوڵ بدەن بە ڕێکوپێکی دەوامی مەلبەندەکانی خۆیان بکەنو هەر بە بۆنەی یادی دامەزراندنی سوپاو دامەزراندنی پۆلیسی عیراقیەوە بەرنامەیەکی تایبەتیمان برد بەڕێوەو بۆ پیرۆزبایی چوینە سەربازگاکانی ناوچەکەو پیرۆزبایمان لە ئەمسەرو سەربازە پاڵەوانەنمان کردوو خەڵاتمان دانیو بارەگاکەمان ڕازاندەوەو دروشمی تایبەتی یادەکانمان لە شارەکەدا هەڵواسیو ئاهەنگی پیرۆزبایمان ناردە سەربازگاکانو ئێمە لە هەموو ڕویەکەوە ئامادەیی خۆمان نیشان ئەدەین بۆ ئەوەی سەربازی وەفاداری سەرکردایەتیمان بین وهەمیشە چاوەڕوانی فەرماندەی سەرۆکی تیکۆشەر هەڤاڵ صدام حسین ئەبینو هەر سەرکەوتوبن سوپای دلێرمانو بزی گەلو وڵاتمان .

پ. هاوکاری لە سلێمانی

ئافرەت

لەدەرەوەکە سنوور

● لە مینای سان ئەنتۆنیۆو لە دووری ٢٠٠ کیلۆمەتر لە سانتیاغۆو ئەنتیکی سەیرو سەمەرەی مرۆڤایەتی ئەژیو بریتیە لە پیرەژنێکی ٥٤ ساڵە کە ناوی لیۆنتینا ئەسبینوزایەو لە ماوی تەمەنیدا ٤٤ منالی بووەو ٣٦ یان ژیاوون ، سێ جار سیانەی بووەو شەش جاریش دووانەی بووەو ئێستاش داوای زیاتر ئەکات.

لیۆنتینای خاوەنی ٤٤ منال

لیۆنتینا ساڵی ١٩٢٦ لە دایك بووەو لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا شوێ کردووە بە جیراردوا ئەلفیناو بە ساڵێك دووای شو کردنی سکی پڕبووەو ئەمساڵ ٤٤ هەمین منالی بووە .

لە هەموو شتێك سەبرتر ئەوەیە کە ئەم ئافرەتە هەموو منالەکانی لە ماڵی خۆیانداو لە یەك ژوورداو بە ئامادەی تەنها مێردەکەی بوونو ئێستا کەسی لا نەبووە .

ئەم ئافرەتە لە شێوەیەکی سادەو بێدەنگو هەژاریدا ئەژیو ئیشوکاری هەر کارەکەریو گسکدەری ماڵانەو لە گەرەکێکی میللیدا دانەنیشێ تاکو ئێستاش ١٤ منالی لای خوێنو هێشتا ئەچنە قوتابخانە ، بەڵام منالە گەورەکانی گەراونەتەوە شارەکەی خۆیان (سان ئەنتۆنیۆ) و ئیتر لەوێ ئەژین.

لیۆنتینا خۆی منالەکانی بەخێوکردووەو بە هۆی هێزی بڕواو چاکی ئیدارەیەوە توانیویەتی منالەکانی بە باشترین شێوەی پەروەردە بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار ناڕەحەتیو ناخۆشی بەدی هێنانی خواردەمەنیو جلوبەرگ پەیدا کردنی هاتۆتە ڕێگا ، چونکە زۆرن، مریا ناکەوێ .

بەڵام هێشتا هەر بەختیارەو تاکو ئەمساڵیش هیچ کەس لێی نەبیستوە کە باسی حاڵی خۆی بکات یان بێزاری دەربڕێت ، یان بڵێ توانام نەماوەو هەمیشە هەست بە شانازی ئەکاتو دڵی بە لێهاتنی خۆی زۆر خۆشە کە توانیویەتی ئەو هەموو منالەی بێت تا ئەمساڵ ١٦ کوڕەزاو کچەزای هەیەو کوڕە گەورەکەشی لە سەر ئەرکی دەوڵەت نێرراوەتە دەرەوەی وڵاتیان بۆ تەواو کردنی خوێندن . ... چەند سەیرە ژیانی سەر ئەم زەمینەو چەند شتی سەیرو سەمەرەی ژیانی مرۆڤایەتی تیایە .

ئامادە کردنی
حمە سعید حمە کریم

ئەو ژۆرەی ٤٤ منالەکەی تیا لە دایك بوون

Institut kurde de Paris

لەگەڵ جەنگی قادسیەی صدام دا

دام و دەزگا و دامەزراوەکانی سلێمانی لە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی خۆیاندان

ژماردنی سلێمانی وتی :-

× لەگەڵ درێژبوونەوەی شەڕی شەرف و باراستنی خاکو ئاومان لەگەڵ فارسە

پ. هاوکاری لە سلێمانی

● ماوەی زیاترلە چوارمانگ بەسەر جەنگی قادسیەی صدام حسین‌دا تێپەڕیو گەلی عێراقمان بەردەوام لە کاروباری تایبەتی خۆی‌نەکەوتووەو هەروەها دام‌و دەزگاو دامەزراوەکانی دەوڵەت‌بەردەوام پرۆژە خزمەت گوزاریەکانی خۆیان‌لە هەموو سەرانسەری وڵاتدا جێ‌بەجێ ئەکەن‌و دلسۆزانەکاروباری خۆیان رائەپەڕێنن

لە پارێزگای سلێمانیش‌دا هەروا هەموو ئەو لایەنانە لە تێکۆشانی هەمیشەیدان‌و ئێمەش لێ‌پرسراوی هەندێ لەو لایەنانەمان دی‌و دەربارەی کاروبارەکانیان پرسیارمان لێ‌کردن .

● بەرێوەبەرێتی سەر ژماردنی سلێمانی یەکێکە لە لایەنانە .کە ئیشوکاری بەردەوامەو هەموو پلانەکانی پێگەیاندنی نەتەوایەتی لەسەر چوێنەتی رابەراندنی ئیشوکاری ئەمان وەستاوەو لەم رووەوە بەرێز محمد علی بەکر بەرێوەبەری سەر ژماردنی سلێمانی وتی :-

× لەگەڵ درێژبوونەوەی شەڕی شەرف‌و باراستنی خاکو ئاومان لەگەڵ فارسە ڕەگەز پەرستەکانداو سەرەرای ئەو حاڵەتە ناخۆشەی کە وڵاتەکەمانی پیا تێپەڕ ئەبێ ، بەرێوەبەرێتی سەر ژماردنی سلێمانی بەردەوامە لە جێ‌بەجێ کردنی ئیشوکارو چالاکیەکانیداو پلانی ساڵانەی خۆی بە وردی جێ‌بەجێ کردووەو تاکو ئێستا لە نەخشەی تایبەتی لای ئەداوە، وەکو بەردەوامی لە کاروباری سەر ژماردنی، کاروباری

دەوڵەتدا ئیش ئەکەن‌و جموجوڵی گواستنەوەو ئێستا خەریکی سەر ژماردەی پەروەردەبین بۆ زانینی ژمارەی قوتابخانەکان‌و قوتابی لە هەموو قوناغەکانی خوێندندا بە سەرەتایی‌و ئامادەیی‌و ناوەندی‌و قوتابخانە پیشەییەکان‌و باخچەکانی‌و هەروەها زانینی پێویستی ئەم قوتابخانانە بۆ مامۆستایانی کورو کچ بۆ دانانی پلانێك بە نیازی پێش خستن‌و هێنانەدی گۆڕانکاری لە سەردەم لە کاروباری قوتابخانەکاندا لە روونی هونەری‌و ئیداری‌و ناوەرۆکی ئیش‌کردندا بۆ بەرەو پێش بردنی وڵاتمان‌و گەشتن بە وڵاتانی پێش‌کەوتوو . هەروەها سەرژماردنی تەندروستیمان هەیە بۆ زانینی ژمارەی پرۆژە تەندروستیەکانی پارێزگای سلێمانی لە مەلبەندی تەندروستی‌و خەستەخانەو عەیادەی گەلی‌و پێویستیان لە کادری تەندروستی‌و پزیشکی ، ئەمیش بە نیازی پێش خستنی ئەم لایە بە دانانی بلانتیکی تازەی پێشکەوتوی شایان بەم قوناغ‌و سەردەمەی گەل‌و وڵاتمان ، تاکو خزمەت‌گوزاری بگاتە دوورترین شوێنی وڵاتمان . هەروەها سەر ژماردنەکانی تریشمان لە پێشەسازی‌و دامەزراندن‌و کارگوزارانی دەوڵەتدا بەردەوامەو ئامادەین لە هەموو ئان‌و ساتێکدا سەربازی بە وەفای سەرکردایەتی خاك‌و وڵاتمان بین .

● بەرێز دکتور نهاد ئەتبەر عمر سەرۆکی تەندروستی سلێمانی دەربارەی پرۆژە تەندروسیتەکانیان وتی :-

× جەنگی ڕەوامان لەگەڵ فارسە ڕەگەزپەرستەکاندا بە هیچ جۆرێك کاری گەردۆتە سەر کاروباری پرۆژە تەندروسیتەکانمان‌و سەرەرای ئەوەش هەموو لایەنە تەندروستیەکانی پارێزگامان بەردەوام خەریکی دەورە کردنەوەن بۆ بەرگری میللی‌و ئیسعافات‌و خوێن بە خشین‌و کۆکردنەوەی بەخشش‌و پارە بۆ خێزانی شەهیدان‌و بریندارانی بۆردوومانی دەژمن ، لە رووی پرۆژەکانمانەوە گرنگەکانیان ئەمانەن .

فراوان‌کردنی خەستەخانەی ظواری‌ی لە سلێمانی‌و دانانی مەکینەو پێویستیەکانی شۆرین لە خەستەخانەی زانکۆ بە نزیکەی ١٦ هەزارو

بڕوانە ل : ٧

جەنگاوەرانی حەریرو دوانێك دەربارەی سەرکەوتن







دەستدرێژییەکانی رژێمی رەگەزپەرستی ئێران بۆسەر وڵاتەکەمان‌و هاوبەشی‌کردنی تێکرایی کۆمەڵانی خەڵك لە سەرکەوتنەمەزنەکانمان دژی ئەو دەست درێژییانە ، وێنەیەکی گەورەی دروست کردو موژدەی سەرکەوتنی گەورەتری‌گەیاند بەسەر دارو دەستەی ئەو رژێمە نارەسەنەی کە لەبەردەم بازووی رۆڵە دلێرەکانمان خەونی پووچەڵ‌کرایەوە ..

لە حەریر ، جەنگاوەرانی سوپای میللی هاوبەشی‌یەکی فراوانیان نواندووەو « هاوکاری » لە گەشتێکی تایبەتی‌دا لەگەڵیاندا کەوتە قسەو لە پێشەوە جەنگاوەر محمد حمد امین وتی :

× سوپای میللی وەك بارمەتی دەرێکی بە توانای گەل‌و شۆڕش ، هەمیشە ئامادەیە بەرگری لە مافە راستەقینەکانی وڵاتە خۆشەویستەکەمان بکات ، بەتایبەتی لە کاتێکا کە رژێمی ڕەگەزپەرستی تاران دەیەوێ شەڕ بفرۆشێ‌و زیاتر لە هەڵوێستێکی ناراست بەرامبەر بە مافەکانمان دەنوێنێ‌و ئەمەش پێویستی‌بە وەڵامدانەوە هەیەو ئەوە بو سوپای دلێرمان گەورەترین دەرسی دایە کاربەدەستانی ئەو رژێمە .

● جەنگاوەر یاسین زیاد لە وەڵامی پرسیارەکانی « هاوکاری » وتی :

× سەرکەوتنی گەورە لەم جەنگە عادیلانەیەدا ئەوە دەگەیەنێ کە گەلی عیراق چەندە بە باوەڕێکی گەورە ئامادەیە بۆ قوربانی‌دان لە پێناو پاراستنی خاك‌و ئاوی وڵاتەکەمان کە دوژمنی چاوچنۆك چاوی تێبڕیوەو دەیەوێ دەستی بۆ درێژ بکات ، بەڵام جێ شانازییە کە بەرامبەر بە هێزە نەیتوانی بەرامبەر بە گیانی دلێرەکانمان رای‌گردو لە خۆبردنی رۆڵە بە جەرگەکانمان بوەستێ ، ئەوەبو چەندەها سەرکەوتنی گەورەمان دەستخستو مێژوو ئەوە دەگێڕێتەوە .

● جەنگاوەر جلال عبدالله بەرامبەر بە سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمان دەڵێ :

× ئەو دەستە پۆڵاینەی کە سوپای قارەمان بەرامبەر بە دوژمنە راستەقینەکانمان وەشاندیان ، سەرلەنوێ ئەوەی دووپات کردەوە کە گەلی عیراق هەرگیز نابەزێ‌و لەسەر داواومافەکانی خۆی ستوورەو بەبێ ئەوەی سل بکاتەوە ، هەر وەکو لەم جەنگە شەرەفمەندیەدا نموونەی ئەو قارەمانیتیەی روون کردەوەو بۆ هەموو دنیای راگەیاند کە دارو دەستەکانی ئیمپریالیزم ناتوانێ دەست درێژی بکاتە سەر وڵاتە ئازیزەکەمان .

● جەنگاوەر فارس عزیز دەڵێ :

× جێی شانازییە کە سوپای دلێرمان لەم جەنگە مێژوویی‌یەدا گەورەترین نموونەی خەبات‌و تێکۆشانی تۆمارکرد سەرکەوتنمان بوە ڕووداوێکی ، مێژوویی‌و ئەو دەرسەش کە بە دوژمن درا لە بیر ڕەگەزپەرستانی ئێران و نۆکەرانی ناچێتەوە .

پاك و خاوێنی شارەکانمان و پێشکەوتنیان پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەك هەیە

بەرێوەبەری شارەوانی یەکانی هەولێر :

عبدالوهاب تالەبانی
پ. هاوکاری لە هەولێر

لە بارەگای بەرێوەبەرایەتی شارەوانی‌یەکانی هەولێر چاومان بە مامۆستا خسرو حمید عثمان کەوت کە بەرێوەبەری شارەوانی‌یەکانەو نەم گفتوگۆیەمان لەگەڵدا کرد ...

× دەوری هاوولاتی لە هاوکاری‌کردن لەگەڵ دەزگاکەتاندا چۆن دیاری‌دەکەیت.و ئامۆژگاریت چیە بۆیان بۆ پەرەپێدانی کاروباری‌خزمەت‌گوزاری شارەوانی‌یەکان‌و ڕاگرتنی پاك‌و خاوێنی‌شار ؟

– ئاواتی شارەوانی‌یەکان‌و پرۆژەکانی بۆ ئەوەیە کە هاوولاتی رازی بێ‌و دەوروپشتیشی پاك‌و خاوێن بێ‌و هەروەها نەخشەی بنەڕەتی باش بۆ گەڕەك‌و شەقامەکان دانرێ‌و جوان‌و ڕێك‌و پێك بن ، واتە هەموو شتێك بۆ خزمەتی هاوولاتیانەو دێتمە بەردەستیان ، بەڵام نابمێ دەوری هاوولاتیانیشمان لە بیر بچێتەوە بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجانە ، دەڵێین هاوولاتی دەوری گرنگی هەیە هەر لە سەرەتای ئیشەوە تا وەکو تەواوبوونی‌و ، تا ئەو کاتەش کە دێتە بەر دەستی‌و سوودی لێ‌دەبینێ‌و ، ئەگەر هاوولاتی خۆی حەزی لەپاك‌و خاوێنی نەبێ‌وهەولی بۆ نەدات هیچ شارێك خاوێن نا بێت بەراستی‌و بێ پێچ‌و پەنا دەیڵێم بەبێ هاوکاری خەڵکی شار لەگەڵماندا ناتوانین هەموو ئامانجەکانمان بهێنینە دی‌و لە زووەکەوە گوتراوە « چەپڵە بە دەستێك لێ نادرێت » .

× ئایا وەزعی شەڕی دژی تاقمە ڕەگەزپەرستەکەی خومەینی هیچ کاریگی کردۆتە سەر چالاکی‌یەکانی شارەوانی‌یەکان‌و پرۆژەکانی بۆ ئەوەیە کە هاوولاتی رازی بێ‌و دەوروپشتیشی پاك‌و خاوێن بێ‌و هەروەها نەخشەی بنەڕەتی باش بۆ گەڕەك‌و شەقامەکان دانرێ‌و جوان‌و ڕێك‌و پێك بن ، واتە هەموو شتێك بۆ خزمەتی هاوولاتیانەو دێتمە بەردەستیان ، بەڵام نابمێ دەوری هاوولاتیانیشمان لە بیر بچێتەوە بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجانە ، دەڵێین هاوولاتی دەوری گرنگی هەیە هەر لە سەرەتای ئیشەوە تا وەکو تەواوبوونی‌و ، تا ئەو کاتەش کە دێتە بەر دەستی‌و سوودی لێ‌دەبینێ‌و ، ئەگەر هاوولاتی خۆی حەزی لەپاك‌و خاوێنی نەبێ‌وهەولی بۆ نەدات هیچ شارێك خاوێن نا بێت بەراستی‌و بێ پێچ‌و پەنا دەیڵێم بەبێ هاوکاری خەڵکی شار لەگەڵماندا ناتوانین هەموو ئامانجەکانمان بهێنینە دی‌و لە زووەکەوە گوتراوە « چەپڵە بە دەستێك لێ نادرێت » .

× ئەو پرۆژانەی شارەوانی‌یەکانی هەولێر جێ‌بەجێ‌ی‌کردن لە ساڵی ڕابوردوودا چی‌بوون ؟

– تەنها لە شاری هەولێردا لە ساڵی ڕابوردوودا توانیومانە (١٥) پرۆژە تەواو بکەین کە هەمووی بۆ خزمەتی هاوولاتیانە کە گرنگترینیان قیرتاوکردنی هەندێ لە شەقامەکانی گەڕەکی شۆڕش‌و کانی‌و تەیراوەو ئازادی‌و رزگاری‌و بەشێك لە ڕێگای کەرکوك‌و بەحرکەو .

هەروەها قیرتاوکردنی بەشێك لە شەقامەکانی گەڕەکی ئاشتی‌و ڕێگای ئیسکان گەڕەکی روناکی‌و خەبات‌و فتکاوەودامەزراندنی چەندناوپژێنێك (نافورە)و چەند گازێنۆیەك .

لە شەقڵاوەش لە ساڵی ڕابوردوودا چەند پرۆژەیەکی گرنگ تەواو کراوە وەکو دروستکردنی بازاری پیشەیی‌یەکان‌و قیرتاوکردنی گەڕەکە تازەکان‌و گەڕەکەکانی ناو شارو کردنەوەی زێراب.

هەروەها لە کۆیەش ڕێگای حەمامۆك قیرتاوکراوەو بازارێکی نوێ‌و گۆڕستانێکی نوێ تەواو کراوەو هەروەها چەند شەقامێکی نێو کۆڵانەکانی شار قیرتاوکراوە .

هەروەها لە شاری ڕەواندوزیش چەند شەقامێکی تیا قیرتاو کراوەو مەیدانێك و گەراجێکیشی تیا دروست کراوە .

درێژەی نەدەمێ خزمەتکوزاری‌یەکانی شارەوانی – یەکانی هەولێر لە ساڵی ڕابوردوودا پەلی بۆ هەموو قەزاو ناحیەکانی تریش (مەخمور ، مێرگەسور ، عینکاوە ، دیبەگە ، دیانا ، هەریر ، خەبات ، قوشتپە ، تەقتەق) کوتاوەو هیوادارین ئەمسالیش بەردەوام بین‌و هەموو خزمەتێك پێشکەشی هاوولاتیانی خۆشەویست بکەین‌و بەڵێنی دەدەین کە لەمەودوا ئاگاداری نوسینگەی هاوکاری بکەنیەوە لە هەموو چالاکی‌یەکانمان .

قوتابیانی کوردستان

پ . هاوکاری لە هەولێر

کۆمەڵانی خەڵك بە هەموو ڕێکخراوەکانیەوە هاوبەشی‌بەتی راستەقینەیان لە جەنگی مێژوویی‌دا کردووەو بەردەوامن لە نواندنی‌و حاڵاکی فراوان لە پێناو ڕوون‌کردنەوەی هەڵوێستە نارەسەنەکانی رژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران . لە سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە کاردایەو بۆ ئەم مەبەستەش بەرێز حسن حسین سەرۆکی نووسینگەی سکرتاریەت وتی :

× شتێکی ڕوون‌و ئاشکرایە کە کەرتی قوتابیان بەشێکی دیاری کۆمەڵی ئێستامانەو لە باریاندا هەیە خزمەتێکی راستەقینەی سەردەم بکەن.. لە ئەنجامی ئەوەش ، ئەمڕۆ زیاتر ڕۆڵی خۆی دیار دەخات لە کاتێکا کە ڕەگەزپەرستەکانی ئێران بەو پەڕی نامرۆڤانە ، ویستیان دەسەدرێژی بکەنە سەر خاکی وڵاتە خۆشەویستەکەمان ، ئبتر یەکێتی قوتابیان بە هەموو لقەکانیەوە کەوتنە خۆ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە ڕێگای بەشداربونیان لە ریزەکانی بەرگری میللی‌و هەڵگرتنی چەك‌و چوونە ناو کۆمەڵانی خەڵك بۆ هوشیار – کردنەوەیان‌و ڕوون‌کردنەوەی ئامانجەکانی ئەم جەنگەرەوایە کە سوپای دلێرمان سەرکەوتنی مێژووی تێدا بە دەستهێناو ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ هەموو جیهانی دەسەلێنێ کە ڕۆڵیە فیدا کارەکانی عیراق زۆر بە جەرگ‌و بەگیانی لە خۆبردن‌و قوربانی‌دان بەرگری لە خاك‌و راستی‌ی دەکەن تا ئەو ڕۆژەی ڕژێمە ترسنۆکەکەی تاران دان بە مافە راستەقینەکانماندا دەنێ ..

● ئەنجا بەرێز خالد طاهر قادر لێ‌پرسراوی کاروباری ڕۆشنبیری ، چالاکیەکانی سکرتاریەتی قوتابیانمان بەسەرکردەوەو لە وەڵامی پرسیارەکانی « هاوکاری » وتی :

× یەکێتی بە هەموو لقەکانیەوە ، هاوبەشی لە خزمەتکردنی راستەقینەی ئەم جەنگە عادیلانەیە کردووە کە بە زۆرداریەکی‌و بە بەدی‌هێنانی مەبەستە گلاوەکانی سەباندیە سەر گەلی عیراق ، بەڵام گەلی عیراق بە تێکرایی ئازایانە ڕووبەڕووی ئەم دەست درێژیە بوونەوەو سوپای دلێرمان گەورەترین نموونەی قوربانی‌دانی پێش‌کەش کرد لە ڕێی سەرکەوتنە مەزنەکانی لە گێرانەوەی خاکی زەوت‌کراوو سەلماندنی مافەکانی .

نووسینگەی سکرتاریەت داوای لە لقەکانی هەولێرو سلێمانی‌و دهۆك کرد کە توانای خۆیان‌بخەنە کار لە چالاکی نواندن ، ئەوە بو دەست کرا بە کردنەوەی چەندەها خولی تایبەتی بۆ بەرگری میللی وەك بەشێکی دیار لە چالاکیەکانی ، لەگەڵ ئەوە ، چەندەها قوتابی لە هەموو قۆناغەکانەوە ، کەوتنە خۆ بو خوێن بەخشین بە بریندارانو پەیتا پەیتا سەریان دابە لقەکانمان، ئەنجا هەڵسان بە بەشداری‌کردن لە گەڵەکانی‌و بەستنی کۆری هوشیار کردنەوە لە ناو کۆمەڵان‌و چاپ‌کردنی پۆستەری سیاسی بەو بۆنەوەو بڵاوکردنەوەی بە یانامەیەکی تایبەتی بەسەر کوردستان‌و بەرەوام دەبین لە نواندنی چالاکی فراوان بەو بۆنەوە .

Institut Kurde de Paris

پیرلهاتنا مێژوو نڤیسی کورد حسین حزنی موکریانی

وەصفی حسن

سەی و سێ سال چون ئەی سەیدای «داماو» بەلێ نڤشتوکێت تەمان مشەخەلەکێ بو رونکرنا رێکا کاروانێ رۆشنەبیریێ ..

سەی و سێ سال چون و خوها ئەیناتەو زەحمەتاتەا بابویە پالڤەم دانەك بو بزاڤا تورەی و مێژویی ... و

سەی و سێ سال چون و فەنەرا هزرو بێریێت تە هەر دگەشن ...

سەی و سێ سال چون و لسەر وەغەرکرن و خاترخاستناتە بەلێ تە نەوەغرکریەو تو هەر یێ دژی ددلێ کورێت میللەتی دا ...

من گەلەك پێ خوشە ئەز ڤان چەند رێزکا لسەر ستێرەکا گەش دقادا مێژوا کوردی و روژنامەگەریا کوردی بنڤیسم ، هەر چەندە ئەڤ سەیدایە بڤان رێزکا ناهێتە ناسین و قەدرگرتن بەلێ ئەڤە بنێ پێناسینەکەو کورتە پەیڤەکە دبیرهاتنا سەی و سێ سالا سەر وەغەرکرنا هێژا و قەدرگران « حسین حزنی موکریانی (داماو) » ...

ناڤێ وی حسین کوری سەید عبداللطیف موکریانی یە ناز ناڤێ وی (حزنی) یە یا ژی (داماو) ، لسالا ١٨٩٣ لسازێرێ مهاباد یێ هاتیە دونیایی .

وەکی هەمی کەڤنە زانێت کورد خاندنا خو یا وەرگرتی ژ مەلاو مزگەڤتاو فەقیاتیێ.

ل سالا (١٩٠٥) چو (بەریڤانێ) ل ئیکاتیا سوفیەتی و چو نك ئاغایەکێ کوردو دەرسی گوتنە زاروکێت وان بزمانێ وان ، پاشی دەمەکێ گوپالێ خو هەلگرتو دەست بگەریانێ کر لهەمی وەلاتێ کوردستانێ ب جل و بەرگێت ئەڤغانی ، هەر وەسا چو هندەك دەولەتێت ئورپی و عەرەبی بو خاندنێ و زانینێ و ب سەرهەلبونا هندەك زانینێ و راستێت میژویێ هەتا ئاکنجی بوی ل سوریێ ل باژێرێ (حلب) و ل وێری بچەند کارەکا رابو دابشێت بژیتو نانێ دەستخو بێخست وەك چێکرنا موراو چێکرنا کالەشاو زنگراف .

ل سالا ١٩١٥ چاپخانانەکا نوی ژ (ئەلمانیا) کری و رابو ب چێکرنا هندەك قالبا بو پیتێت کوردی « پ ، چ ، ژ ، گ ، ڤ » و ئەڤ قالبە مشتکرن هەر ل (ئەلمانیا) و گەلەك پەرتوك هاتنە چاپکرن لڤێ چاپخانێ هەر وەسا گەلەك روژنامەو گۆڤار چاپدکرن ل (حلب ، راوندوز ، اربیل) ب رەنگەکێ ئاشکرایێ و بەرزەیێ .

ل سالا ١٩٢٥ چاپخانا خو ئینا « راواندوز » و ل وێرێ گۆڤارا خو یا لبن ناڤی (زاری کرمانجی) بەلاڤدکر شەش سالاو یازانا ئەوە ئەوبو سەر نڤیسێ وێ و بەرپستیاریێ هونەری یێ ڤێ گۆڤاری ، دڤی چاخی دا ئەوی گەلەك بەرتوکێت خو چاپدان و بەلاڤکرن .

لسالا ١٩٣٤ پشکداری کر دبەلاڤکرنا روژناما (ژیان) دگەل تورەڤانێ نەمر « پیرەمێرد » بو چاخێ سالەکی .

لسالا ١٩٣٥ پشکداری کر دبەلاڤکرنا گۆڤارا «روناکی».

لسالا ١٩٤٣ بو ئیسك ژ ئەندامێت دەستەکا نڤیسینا گۆڤارا (دەنگی گیتی تازە) ئەوا کو بالیۆزخانا بەریتانیا ل بەغدا بەلاڤدکر .

ئەڤ سەبداو رێبەرە دژیانا خودا گەلەك توشی بەلاو گرتنێ و دەربەدەریێ بویە .

سەیداو تورەڤان و روژنامە نڤیس و مێژو نڤیسێ مە ل مێژووا ٢١-٩-١٩٤٧ خاترا خو ژ مەخاست هزار سلاڤێت گەرم و گور لسەر گیانێ داماو بن .

حسین حزنی موکریانی ئیکەمین مێژونڤیس بو بزمانێ کوردی مێژوا کوردی نڤیسی و ئەڤە چەند بەرهەمێت « داماو » وێنە جاپکرێ :

١ - میرگەی دلان (مێژو) حلب ١٩٢٠ .

٢ - غونچەیێ بەهارستان (مێژو) حلب ١٩٢٥ .

٣ - پێشکەوتن (مێژو) ط ١ راوندوز ١٩٢٧ .

ط ٢ اربیل ١٩٦١ .

٤ - آورێکی پاشەوە (مێژو) چار پشك راوندوز ١٩٣١ .

٥ - مێژویی حکمدارانێ بابان (مێژو) راوندوز ١٩٣١ .

٦ - ناودارانی کورد (مێژو) راوندوز ١٩٣١ .

٧ - شاهەنشاهانی کوردی زەند (مێژو) راندوز ١٩٣٤ .

٨ - کوردو نادرشای هەوشاری (مێژو) راوندوز ١٩٣٤ .

٩ - میرانی سۆران (مێژو) ط ١ راوندوز ١٩٣٥ .

ط ٢ اربیل ١٩٦٢ .

١٠ - کوردستانی موکریان (مێژوو) پشکا ئیکی راوندوز ١٩٣٨ .

١١ - بە کورتی هەلکەوتی دیریکی لە روژنامەکاندا (مێژو) بەغدا ١٩٤٧ .

١٢ - لاپەرەیەك لە دێریکی کوردستانی موکریان (مێژو) بەغدا ١٩٤٧ .

١٣ - خۆشی و ترشی « چێروك بۆ زاروکا » . راوندوز ١٩٢٦ .

١٤ - پێشەوای ئایین « ئاینێ » راوندوز ١٩٢٦ .

١٥ - وێنەگەری و کولین « فوتگراف و زنگراف » (هونەر) راوندوز ١٩٣٤ .

١٦ - دەستوری خوو بو کورو کچ (بەروەردە) راوندوز ١٩٣٥ .

١٧ - بەخێوکردنی کرمی ئاوریشم «زانیاری» راوندوز ١٩٢٨ .

١٨ - گەوهەری یەکانە « مێژو » حلب ١٩٣٦ .



فەرهاد پیریال

جام و شووشە شکاوەکان

بۆنی بەیانی یە سارد ەکەت کرد .. بەیانێکی نامۆی دوای دەیان شەوی چاوەڕوانی و مەستی و هەسرەت ، گوێت بۆ قرتەی ئێسقانەکانی پشت هەلخست ، بە چاوان دالانی گەراجە نراوانەکەت لێستەوە . . مەستێتی دوێنێ شەوت بیر کەوتەوە .. فلیمە کۆنەکەت لە مێشکدا شۆردەوە ئەمشەو بۆ مال ناگەڕێمەوە.. بۆچ بگەڕێمەوە .. بۆنی چ باوکێتی یەکی بە بەزەیی و کام ویژدانی زیندووم لێدێ . . سەگە برسی یەکانیش ناملێسنەوە .. نەخوازەلا مندالەکانم .. چۆن دلم دێ !! خۆزگەم بە ڕەقە نانێکی بە جێماوی گەدایەك.. ناخۆ لە نێو زاق و زیقی ئەم شۆستەو شەقامانەدا دەمدۆزنەوە !؟

سەرمای ئەم بەیانی یە وەك قین و خەفەتەکەت دەمارەکانی لەشی کەسیرە کردووی .. جگەرەیەکت ئاگردا .. بە خەیالی کێ دادەهات لە ناوەختێکی واهی دا . . لە ناکاودا . . ئەو ڕیزە دوکانە بڕوخێنن و ئەو قورەت بۆ بگرنەوە . . تووشی ئەو نەگبەتی و تەڕوەنەپی یەت بکەن .. خۆ تۆ هەرگیز بێ خەم نەبووی.. ناشتەوێ باڵندەی- گومانت یەسەر بینشێتەوە ، بەلام بۆچی شەوانە لە شەقامە چۆڵ و پڕ ئەلەتریك و بارو کۆشکە ڕووناکەکاندا .. لە باڵ دیوارێکی ڕماودا .. بە پارەی خۆشت هۆشیاریت بفرۆشیتە شەراب و . . کەسیش فەرهەنگی ژانەکانت نەخوێنێتەوە .. !؟

بە چوار پەلان تێ کەوتی .. خۆت و ژن و منداڵەکانت بەم وکانە بچووکەوە ـراسنتر ـ بە جام و شووشەوە بەند بوو .. مانگێ جارێك تەنەکەیەك « هێلم » و کۆمەلێك تەپەقی شووشە ـ و جامت دەکڕی و لە دوکانەکەت داوێشت . چ زۆر خواپێداوو مولکدار زۆر ... پێشرا نەدەگەیشتی ، هەرچەند هەوڵدانت وەك مبلی سەعاتە چالمە کۆنەکەی قەد . . دیوارە ڕزیوەکەی ماڵتان هەر لە یەك بازنەدا دەسوڕایەوە و دووبارە دەبۆوە، بەلام بێزار نەدەبووی .. ژینت هەتاوی سوتاوی بەر سێبەرێکی زۆر گەورە بوو.. سێبەری خۆشەویستی پێنج دل ! لەگەل هاوڕێ دوکانداراەکانیشت وا ڕاهاتبوون .. ئێو ران . . بە نەرمە گۆرانی زەردەخەنەوە بەرەو گەڕەکەکانت شۆڕ دەبوونەوە.. دلت چۆلەکەیەکی بە بارانی ئارەزوو ئاسا بۆ باوەشێکی گەرم هەل دەلەرزی ، کەچی ئێستە ئەو دلەت هێشتا چەند پارچەیەکی لە ژێر کەستەك و بلۆکی دیوارە ڕووخاوەکەی جێ ماوە .. هیوات ئاسا پرزۆل پرزۆل بووە ، کە یەکەمجار زانت کرد بەرامبەر دیمەنەکە بوەستی دەمی تیژی بلدۆزەرەکە هەم لە جەرگی ژانی تۆ چەقی و هەم نێوچەوانی دوکانەکەشتی دامالی ..

زگت پێچێکی دا ، سەرت هێشتا کەمێك گران بوو ، دوور ڕۆئیتە ئوتومبیل و پاسە بچکەلە وێستاوەکان ، لەشت بە ساردیی ئەو شەوە کەمێك خووسا بوو .. گەرمیێکی فەرمانبەرە سەر ڕووتاوەیەش هەر یەکە :

ـ هەتا ئێستە فرمانی بارەپێدان لە بدی دوکانە ڕوخێنراوەکان بۆ کەس دەرنەچووە .. هەفتەیەکی دیکە سەر بدەوە ..

ئەو بینایانەی لە شوێنی ڕیزە دوکانەکانی ئێوە دروستی دەکەن بە پێی نەخشەیەکی نوێ .. شارەکە جوانتر و سوود بەخشتر دەکەن . . ئوتێلێك ، باخچەیەکی گشتی، دایرەیەکی پۆلیس ، بارێك، مەیدانێکیش بۆ مەشق تیداکردن .

پاشماوەی هێزە پەرت بووەکەت کۆکردەوە ، گەراجەکە جمەی دەهات هەلسایتەوە ، جگەرەیەکت ئاگردا ، ئەفەندی یە ورگەستوورەکە دەمی سلاوێکی بۆ جوولاندی ...

ـ بایز .. جامم لە بەنجەرەکانی خانووەکەی ترم نەگرتووە .. گەرەکمە ئەویش خۆت جامی تێبگری ـ ببوورە ئێستە جامچێتی ناکەم .

ـ ئەو فل فەقیرانە هەر ڕۆژێ لەسەر پەتێك یاری دەکەن .

موچرکێکی تەزیوی نێو دەمارەکانت پاشەکشەی ڕفە ناوختەکەتی کرد .. داسی چاوەکانت کەوتە پاکۆکردنی ڕیزە ئوتومبیلەکان، لە پڕ بیرت کەوتەوە ، دوێنێ بەیمانت دایە « ڕەزا» لە مرۆ بەولاوە سەفەری ڕێگەی (هـ)ی بۆ بکەی دیدەنی کۆنە هاوڕێکەت خورپەیەکی خستە دلتەوە ، هەر ئەویش بوو لە هەرزەکاری دا فێری ئاژۆتنی ئوتومبیلی کردیت.. هەوا نووسی ، سەیری دۆجە فریشقەکەی لە مەڕ خۆت کرد .. لە پڕ هەرزانی پاسە شینە زلەکەی مێری قینی هەلساندی . . ژاوەی گەراجەکەو خەستتر بوونی غوبارو تیشکی گەرمی خۆر تالەکانی سمێلتی دایە بەر بەزەیی ددانەکانت ، دوو نەفەر سواربوون ، ئوتومبیلێکی دیکە بەڕێ کەوت ، تۆ تووڕەییت هەلسا ، تینی گەرما چەند تنۆکە ئارەقەیەکی گەرمی بە بناگوێت هێنا خوارەوە.. سێ کەسی دیکە لخزانە سەر کرشنەکانەوە ، پاپۆڕی چوار دل لەنگەریان گرت ، شریقەی دەرگاکە هەشت چاوەکەی ئێستەش لەوانەیە بارووبوویکت بکا :

ـ چێتر وایە بەم ئوتومبیلە بگیرسێتەوە .

کلیلی ئوتومبیلەکەت لێ وەرگرت ، بە چاوێکی گاکڕین لە ئوتومبیلەکەت ڕۆنی .. لەوانەیە هەر دوای مانگێکی دیکە لە ژێر باری قەرزی خاوەن جام و کەرەسەکان دەرتبهێنێ ، ئوتومبیلێك بە بەردەمتدا گوزەری کرد تۆزو غوبارێکی لە بێزاری ی تۆ خەستتر بووە پاشماوەی ، پێویستە چەند بانگێك بدەیت ، دات ئوتومبیلێکی دیکەش بەڕێ کەوت بە بانگ چەند وشەیەکی دیکەشت لە بەلەززەتیشت دۆڕاند بوو کە هەموو شەوان لە نامێزێك دا وەچنگت دەکەوتو پارچە سەهۆڵە تەزیوە تژمی خوێ کەی دلتی شەقار شەقار دەکرد . . ئەو ڕۆژە کە پێی وتم : (ـ پێویستە منیش قۆلی لێ هەلکەم) من پێم وت : ئەء .. تۆ ئافرەتی .. ئەرکێکی کەت لەشانە .. نابێ قاچت لە دەرگا بچێتە دەرەوە . تووڕە بووم ، بەلام ئەو ڕاستی کرد ...

بەلام لە دوای چی .. ئێستە کلکە مشك لە ماڵەکەمان بە نارد نابێ .. ڕوومان لە زستانێکی ساردیشە، سەرین و بەتانییە شرەکانمان دەکەونە بەر ددانی مشکە برسی یەکان .. من لە چاخانەو شۆستەی شەوان ، ژن و منداڵەکانیشم لە میانەی چوار دیوارە قوڕینەکە دەگرین .. بۆ هەژاری و چارەنووسی خۆمان دەگرین ، چەند بەختی خۆشمم خۆش دەوێ کە دەگەڕێمەوە ماڵ وەك بێچوە پشیلەی برسی و لاواز دەورم دەدەن و بە لق و گەلاو دەست و قاچی درەختی گیانە تێنووو لاوازو ووشکەلەکەم هەلدەگەڕێن و بەلام چیم لە دەست دێ . . . .

ڕووتەلەیەکی وەك منی هیچ گەورە نەناسێکیش بروانا کەم لە هیچ کارگەیەك ئیشێکم بدەنێ .. لە مەیدانەکانیش سۆراغم زۆر کرد .. هەموو بەیانی یەکان لەگەل لادێیی و کرێکارانێکی زۆر .. هەناسە سارد گەڕامەوە .. ئەمە دوو مانگیش بەسەر چوو سوالکەرێکی نەفرەت لێ کراو بێ سوود ڕێگەی ئەو دایەرەیە دەکوتیتەوە .. وەلامی ئەو فەرمانبەرە سەر ڕووتاوەیەش هەر یەکە :

ـ هەتا ئێستە فرمانی بارەپێدان لە بدی دوکانە ڕوخێنراوەکان بۆ کەس دەرنەچووە .. هەفتەیەکی دیکە سەر بدەوە ..

ـ بایز .. جامم لە بەنجەرەکانی خانووەکەی ترم نەگرتووە .. گەرەکمە ئەویش خۆت جامی تێبگری ـ ببوورە ئێستە جامچێتی ناکەم .

ـ ئەو فل فەقیرانە هەر ڕۆژێ لەسەر پەتێك یاری دەکەن .

موچرکێکی تەزیوی نێو دەمارەکانت پاشەکشەی ڕفە ناوختەکەتی کرد .. داسی چاوەکانت کەوتە پاکۆکردنی ڕیزە ئوتومبیلەکان، لە پڕ بیرت کەوتەوە ، دوێنێ بەیمانت دایە « ڕەزا» لە مرۆ بەولاوە سەفەری ڕێگەی (هـ)ی بۆ بکەی دیدەنی کۆنە هاوڕێکەت خورپەیەکی خستە دلتەوە ، هەر ئەویش بوو لە هەرزەکاری دا فێری ئاژۆتنی ئوتومبیلی کردیت.. هەلدەپەڕین گالتەیان پێ دەکردیت .. زاروکەکانی خۆتت بینی بە خێرایی یەکی زۆر لە تۆی تارمایی و کۆلەکەو دیوارە تازەکان دا دوای بەکتر دەکەوتن .. ون دەبوون .. دوردەکەوتنەوە.. دەبوو بە گیانداری بچووك بچووك .. وون دەبوونەوە.. دەردەکەوتنەوە .. بە دوایان دەکەوتیت .. نە تدەدۆزینەوە .. مێشکت کاس دەبوو گوێت لە قاقای پێکەنینێك دەبوو .. پێکەنینێکی گالتە جاڕێ ئاسایی .. ئاسایی تر لە گریانی شەوانی سەرخۆشی و ڕکەسیرەیی یەکانی خۆت .

دەفتەری یادگار

شاعیرێکی نەناسراوی پارچە شیعر

لە لاپەڕەیەکی دەسخەتێك لە دەسخەتەکانی کتێبخانەی شبتخەولای خەرپانیدا ئەم سێ پارچە شیعرەی خوارەوەم بینی کە بە نازناوی (فارغ) کۆتاییان پێ دێ. واتە شیعری (فارغ) ناوێکن ، ئەلبەتە ئەمەیش ناوی شیعرییە نەك ناوی خۆی و ، ناوی خۆی نازانین . لە دەسخەتەکەدا جگە لە شیعرەکان هیچی دیکە نەنووسراوەو هیچی لێ نازانم .

ئەوەی پالم پێوە دەنێ بۆ بلاوکردنەوەی ئەم شیعرانە مێژووی دەسخەتەکەیە ،ئەم دەسخەتە لە ساڵی (١٢٧٢)دا نووسراوەتەوەو بەم پێیە لەوانەیە شاعیر هاوچەرخی ئالی بێت .

دەبێ ئەوە بڵێم کە لە پال شیعرەکان خۆباندا هیچ مێژوویەك نەنووسراوە ،بەلام ئەو خەتەی شیعرەکانی پێ نووسراوە لەو خەتانە دەچێ کە لە دەسخەتەکەدا شتیان پێ نووسراوە . هەروەها ئەوەیش ناشارمەوە کە هەندێ وشەو زاراوەی شیعرەکان لە تازە دەچن .

جا وەك وتم مێژووی دەسخەتەکە کۆنەو تا ئێستەیش ، ئەوەندەی من گەڕاوم و گۆڤارو روژنامەکانم پشکنیوە ، ناوی ئەم شاعیرەم نەدیوە .. بۆیە وا ئەم شیعرانەتان دەخەینە پێش چاو بە هیوای ئەوەی جێگەی خۆیان بگرن :

پارچەی یەکەم :

ئەی ڕەفیقان ! کامیابی وەصلی شیرین خوسرەوە
زیللەتی فەرهادی میسکین باری هیجرانی ئەوە
سەر بڵندی و جاهو مەغروری لەبەر نادانیە
عەیشی دنیا ، سەربەسەر ، نیسبەت بەبێداری خەوە
لەم زەمیندا نووکی بێڵێ (١) کۆششت قەت دامەنێ
هەر قولانجێکت بە نەرمی دێتە بەر باقی چەوە
صۆفی ! یۆ شوهرەت یەناوانی شەرایت دانیا
ئیستە نامەردا ! ئەر بە دەستاری دەدەن بیگۆڕەوە
ئەر قەلەندەر ساکنی مەیخانەیە لۆمەی مەکەن
ئەسپی تەدبیری لە مەیداز قەزادا کەم دەوە
هەر موصیبەت راحەتێکی وا لە دوو ، ڕوو وەرمەگێڕ
تەعبی هەورازو پشووی سەربەرزی خاصی ڕێڕەوە
ئەختەری سەعدت ئەگەر بەم ڕەنگە ڕووناکی بدا
ئیستە (فارغ) بنوە تا ڕۆژی قیامەت هەر شەوە

پارچەی دوەم

صەدای تەکبیرە دێ ئیمشەو گومانم عیدی قوربانە
وەکو صۆفی فەلەك مەدهۆشی نەشئەی صەوتی قورئانە
بڵێ تا بێ خەبەر نەمرێ ، گرانی بەس بکا زاهید
بسووتێنێ بە مەستی خەرفە ئیمشەو بەزمی ڕەندانە
بە ڕەشحەی ئابی تێفت ڕۆح و دل ڕەهنی حەیاتێکە
مەناعەت مەرگە ، بسم الله عەطا ڕەسمی کەریمانە !
لە بەختی (من) (٢) بەیدە صوورەتی جەمعییەتی خاطر
کە دایم دل لەبەر هیجران وەکو زولفت پەرێشانە
دوێنی من لە پیری مەیفرۆشم هاتەگوێ وای وت :
جیهان یەکسەر بەهای جامێکە (دربختا !(٣) چ هەرزانە !
وتی : (فارغ)! ئەوا جەژنە ، قوربانیت دەکەم صوبحەی
وتم : طالیع مەدەد ناکا ، بەدەن مەجرووحی پەیکانە

پارچەی سێهەم

شەهیدی دەستی خۆتم لەم وڵاتە
بە قوربان بمگەرێ ! تەن کەلوەلاتە
لە عەرصەی عیشقی تۆدا گۆی وجوودم
عەجەب مەغلووبی چەوگانی بەلاتە
کلیلە ، دلنیابووم لە ڕۆحم
بە سەرما بێنە هەرچی خۆت (حللاتە)ی(٤)
لە تاوی تیری غەمزەت ئەر نەئالم
کەمان ئەبرۆ ! تو خودا چیم دەستەلاتە ؟!
دەریچەی چاوەکەم تاریکە بێ تۆ
هەتا کەی چاوەکەم مەیلی جە لاتە ؟
دلت خۆشە ڕەقیب ! ئەر بمنوژێ دۆست
بڕۆ ! وەللا ئەوە عەینی خەلاتە
چلۆن وەصلی دەبێ (فارغ) لەگەل تۆ ؟
کە تۆ (ئەلوەند) ، (ئیستیغنا) قەلاتە !

محمد علی قەرەداغی

پەراویز :

(١) هەلیش دەگرێ (نووکی بێڵی) بێت .
(٢) « من » لە دەسخەتەکەدا نەبوو ، بۆمان زیاد کرد، چونکە بە بێ ڕاوم زانی .
(٣) ئەم وشەم بە تەواوی لێ ڕوون نەبوو .
(٤) ئەمەیشم بۆ ڕاست نەکرایەوە .

Institut Kurde de Paris

دوکتور حمادی «پاشماوە»

عەرەبیان بەتایبەتی ناوچەی کەنداو بە بۆواریکی زینەدووە دانراوە بۆ دەستبەسەر داگرتنو نفوزو ئەو سیاسەتەش گەلێ جارو بەزۆرشێوە کە لە گەڵ درخەکەی قۆناغیو تایبەتیدا بگونجێ ئەمەی دەربڕیوە .

دوکتور حمادی لەگەڵ وەزیرانی «پاشماوە»

عەرەبی یەکگرتوو بەتەنیا لەگەڵ هەریەکێکیاندا کۆبۆتەوە .

لەم کۆبوونەوانەشدا لەومەسەلانە کۆڵاونەتەوە کە حراونەتە بەردەم کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەو پەیوەندیان بەهاوکاریو گونجاندنی نێوان نرێنەرە عەرەبەکانەوە هەبە دووای ئەمکۆبوونەوانە کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرێز جاکسونی وەزیری دورەوەی غویاناو بەرێز عبدالقادر شاهی وەزیری دەرەوەی سری‌لانکادا هەریەکە بەجیا کردووە .

شیراك (پاشماوە)

دووبارە بەرێز شیراك قایل نەبوونی تەواوی خۆی بەرامبەر رێکەوتنامەکانی کامپ دیفد دەربڕیو دووباتی چارەسەری بەکەیدا دپەر- ودرانەی مەسەلەی فەلەستینی کردەوە .

بەبۆنەی بڕەوەری «پاشماوە»

جەندین چالاکی وەرزشی وەك تۆپی سەبەتەو باسکەوتینس لە نێوان تیپەکانی لیژنە مەحلی‌یەکانەوە پێك‌هێنا هەروەها رێکخراوی ژەوجەوانانیش بەشداری ئاهەنگەکانی هەشتی شوباتو دامەزراندنی سوپای میللی کردو چەندین چالاکی رۆشنبیری وەك پیشانگای بلاوکراوەی دیوارو پۆستەری سیاسیو وێنەی کاریکاتیری سازکرد بیجگە لە بەشداری- پۆستەری سیاسیو وێنەی پۆستەری سیاسیو وێنەی زەیتی کە لە بەغدا ساز دەکرێت .

لە هەمانکاتدا یەکێتی گشتی لاوانی عیراق بەم بۆنە پیرۆزەیەوە میهرەجانێکی ئەدەبی ساز کردو گەلێ فلیمی وەسایقی دەربارەی سەرکەوتنەکانی سوپای دنێرمانو پاڵەوانەتی جەنگاوەران لەم شەڕەدا بەسەر (آیة الله) کانی تاران‌و فوم کە دەستیان خستوتە بینە قاقای گەلانی خەباتکەرانی ئیران پیشاندا .

هەر بەم بۆنەیشەوە بەرێز ولید محمود پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت بەردی بناغەی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری داناو بیست خانو کە بۆ مووچەخۆرانی بارێوەبەرێتی رێگاوبانی سلێمانی دروست کرابوون کردەوەو بەردی بناغەی دروستکردنی عەنبارو کەراجی بەرێوەبەرێتی ئاودێری سلێمانی دانا ... هەروەها (١٢٠) شوقە لە مەلبەندی پارێزگاکە بەمەسەر خارەنەکانیاندا دابەش کراو هەر بەم بۆنەیشەوە لە مەلبەندی قەزاو ناحیەکانی پارێزگاکە چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر بەردی بناغەی دانراوەو ئاهەنگی جۆربەجۆریش لە هەموو ناحیەکانی پارێزگاکەوە بەو بۆنەیەوە ساز کراوە .

حمە سعید حمە کریم لە سلێمانی

دووەم کۆنگرەی «پاشماوە»

لەوە دەچێت کە بەشی زۆری هاونیشتمانی‌یەکانی لە هۆیە سەرەکی‌یەکانی ئەم جەنکە شتێکی ئەوتۆ نازانن .. لە ئەوروپا لە وولاتەکانی تریشدا دەبێت بە جۆرێکی وابجوولێنەوە کە دانیشتوان نی‌یان تێبگەنو زیاتر لە هۆیە سەرەکی‌یەکانی ئەو جەنگەو شەرعی‌یەتی بەرانبەر بە عیراقو دەستدرێژی هەمیشەیی ئیران بەسەر عیراقا شتبنووسن.. شایانی باسە کۆنگرەکە چوار رۆژ درخایەنێت .

تێکنم رکیگە

رێکخراوی حزب «پاشماوە»

سۆشیالیستە هونەری‌یەکەی لە بەرەو روو چوونێکی نەتەوەیی رەسەندا بدات .

هەروەها وتویەتی ئەو سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکەی هێزەکانی عیراق بەسەر رەگەز پەرستەکانی فارس‌دا لەبەرەی رۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب ودیان هێناوە دووپاتی مەزنی‌وزەو ئەوتوانایە دەکاتەوە کە دروپاتی بوونی عیراق دەکاتەوە کە بەشێکی شۆڕشگێڕی بەکارو کارێگەرە لە وددیهێنانی سەرکەوتندا بۆ ئەتەوەی عەرەب .

یەشار کەمالو «پاشماوە»

سەر کتێبەکەو بیانخوێنیتەوە.

ئەو کەسانەی یەشار کەمال هەڵیان دەبژێرێو دەیانکاتە کەسانی چیرۆکەکانی ، هیچیان نامۆو نەناس نین لێمانەوە ، رۆژی بە دەیان جار دەیان‌بینین ، بەڵام ئاخۆ کەسێکی ئاسایی دەتوانێ دەس‌بخاتە سەر ناخو گیانی ئەوانەو رەنج بدات بۆ ئاشکراکردنی دەروونو رەوشتی نالەباری ئەوان ؟ نەخێر .. ! ئا لێرەوە دەڵێین : یەشار کەمال لە خۆیا نانووسێو بەپێی فەلسەفەیەکی ئاشکرا دەڕوانێتە ژیان . هەر لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا دیارە کە یەشار کەمال لەگەڵ بابەتی سەرەکی‌یەکەوە گرێیان دەدات، بەڵام وەکو هێڵێکی دیاری‌کراو بابەتە سەرەکی‌یەکە دیارەو کز نابێت ، بۆنموونە لە چیرۆکی (شیرە خۆرە)دا کە یەکەم چیرۆکی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەیە لەگەڵ بابەتی بەخێوکردنی منالەکەدا مەسەلەی رەنجو ئیش‌کردن بەردەوامەو وەکو دوو هێڵی هاوتەریب جگە لە بابەتی هەستو ئارەزووی کچێك کە منداڵەکە دەگرێتە باوەشیو تەزوویەکی بەتام بە گیانیدا دێت ، ئەمانە سەرەڕای قسەی نابووتو تانەو خۆتێهەڵقورتاندنی ئەو خەڵکە ، کە ئافرەتە شەلەکە منداڵەکە بەخێو دەکات .

لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانەدا جۆرە سادەیی‌و روونی‌یەك دەبینین ، بەڵام دەبێ ئەوە رەچاو بکەین وەکو عەبدالوهاب داقووقی لە پێشەکی‌یەکەدا دەڵێ : کەوا ئەم چیرۆکانە نۆبەرەی نووسینەکانی یەشار کەمالن، لە پاش ئەم چیرۆکانەوە دەستی بە رۆمان نووسین کردووە » کەواتە زۆر لەمێژە ئەمانە نووسراون کە دەکاتە سەرەتای ژیانی‌ئەدەبی‌ی یەشار کەمال ، سەرەڕای ئەمەش وەکو گوتمان بە پێی بیروڕاو فەلسەفەو ئایدیولۆژی‌یەکی تایبەتی لە شت دەکۆڵێتەوەو دەڕوانێتە دواکەوتنو نەخۆشی‌یەکانی کۆمەڵو کێشەکانی ژیان .

وتەی هاوکاری « پاشماوە »

بیرو باوەڕی حزبیان کردووە بە گڕی‌ئاگر رێگەی خەباتو چەك رووناك دەکاتەوەو سات بەسات بە هەنگاوی جەسپاوو بەخواستی پتەو لە دوژمن دەچنەپێشو راوەدووی دەنێن . ئەمانە بەهێزی بیرو باوەڕەکانی حزبو شۆرش پشت ئەستوورنو لە بڕوای حزبی تێکۆشەرمان حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالست و ئازایەتی سەرکردەی هەڵکەوتوویان هەڤاڵ صدام حسین ئیلهام وەردەگرن بۆیە هەمیشە سەرکەوتوونو ئابەزنو هەمیشە بەڵێن بۆ هاوری‌یانی باوەڕو چەك تازەدەکەنەوەو ئەو ئەمانەتە بەدلسۆزی دەپارێزن کە لە پێناویدا تێکۆشەرانی حزبو سوپای ئازامان بەپایەی شەهیدی گەیشتوون .

ئیتر لە یادی بووکی شۆڕشاندا سلاویان پێش‌کەش دەکەین ، سلاو لە هەموو شەهیدێك کە لە مەیدانی سەربەستیو بەرگری‌کردن لە سەربەرزی نیشتمانو زەوی‌یەکەی بووەتە قۆچی توربانی .

لەگەڵ جەنگی «پاشماوە»

١٨٤ دینار ، هەروەها چاك‌کردنەوەو دەست پیاهێنانی هەندێ لە خەستەخانەی قەزاو ناحیەکان وەکو دەربەندیخانو پێنجوێنو قەلادزێ بە نزیکەی ١٨ هەزارو ٧٦٥ دینار ، وەئێستا خەریکی نیشتەجێیەکین بۆ پزیشکە مقیمەکانی خەستەخانەی منالانی سلێمانی . وە لەگەڵ شوێنی بارێزگاکەدا مەلبەندی قەندوستیو خەستەخانەمان کردۆتەوەو لە تەواووبوندان وەکو تیلەکۆ ، بێتواتە ، جێشانە بەرزنجە ، سیروان، سەنگاو ، زەرایەن ، سەنگەسەر ، بازیان ، مۆرباس ، ئەم پرۆژانە هەموویان خانویان لەگەڵدایە بۆ کادرە تەندورستیە کانیان .

هەروەها سەرۆکایەتیمان هەندێ پرۆژەی تەندروستی تری هەیە کە بە تەماین بلاویان بکەینەوە بۆ دانی بە بەڵینەدرو لە ماوەی ساڵی رابووردوودا نەوانە هەندێ مەلبەندی تەندروستیو خەستەخانەو خانوی پزیشك لە قەزاو ناحیەو دێ هاوچەرخیەکاندا،

ئەلێ پرۆژەمان تەواو بوو ، و ئێمە بەردەوامین لە جێبەجێکردنی کاروبارماندا‌و بەڵێن ئەدەین بەرەو کاری دنسۆزانە تر بچین .

● دامەزراوەی گشتی گشتوکاڵی شارەزوور جالاکانەو زۆر بە تەنگەوە پلانی گشتوکاڵی ساڵانەی خۆی جێبەجێ کردووە لەم رووەوە بەرێز جاسم محمد صالح السعدی بەرێوەبەری گشتی ئەو دامەزراوەیە وتی :-

× ئێستاکەو لەگەڵ بەردەوامی جەنگی شەرەفدا لەگەڵ فارسە رەگەزپەرستە - کاندا بەرێوەبەرێتی گشتی دامەزراوەی کشتوکاڵی شارەزوور پلانی زستانەی ساڵانەی خۆی جێبەجێ ئەکات کە توانیومانە نزیکەی پانتایی ١٢٠ هەزار دۆنم زەوی بکیڵینو ٩٨ هەزارو ٢٤١ دۆنم زەویمان کردووە بە گەنمو جۆر ٨٤١ دۆنمان کردووە بە چەوەندەری شەکرو ٢٢٨ دۆنم بە سەوزەواتی زستانەو ئەم زەویانە لە بەشی تایبەتیو هەرەوەزیدان . بەڵام لە زەویەکانی خۆماندا تاکو ئێستا (٦) هەزار دۆنم بکیڵینو ٢٠٠ دۆنم بە گەنمو ٥٠ دۆنم بە گونجیو ٥ هەزارو ٢٠٠ دۆنمان لە پلانی خۆمان بە دەر کردووە تاکو ئێستاش هەر بەردەوامین لە کارو‌باری کیڵانو چاندندا .

● بەرێز بەرێوەبەری گشتی بەردەوام بوو وتی :-

× وەلە پلانی بەرێوەبەرێتیماندا هەیە کە نزیکەی ١٦١هەزارو ٤٤٠ دۆنم بکەین بە بە رو بۆمی جۆراو جۆر لە هەردوو بەشی تایبەتیو سۆشیالیستیدا ، لەو (١٤٨) هەزارو ٤٤٩ دۆنمی ئەکەین بە گەنمو جۆ ٨ هەزارو ٦٦٩ دۆنمی ئەکەین بە نۆك ١٢٧٩ دۆنمی ئەکەین بە نیشك‌و ١٥١٥ دۆنمی ئەکەین بە چەوەندەرو ١٥٢٨ دۆنم ئەکەین بە پاقلەو سیرو گونجیو سەوزەواتی زستانە.

هەروەها ئێستا هەندێ تیپی تایبەتیمان پێك هێناوە بۆ بەرهەم‌هێنانی کشتوکاڵیو بەرو بومی زستانە لە ناو زەویەکانی خۆماندا بۆ پەیداکردنی شارەزایی لە بەرهەم‌هێنان‌داو بەکارهێنانی هەموو توانا کادری‌یەکانی دەزگاکەمان بە نیازی پێش خستنی ئیشوکاری کشتوکاڵیو زۆرکردنی بەرهەمو لەو نیبانە (١٥) پانزە تیپمان کردووە بۆ چاندنی ٩ هەزارو ٦٤٥ دۆنم بە بەرووبوومی جۆراوجۆر کە نزیکەی ٢٨٤ کرێکارو فەرمانبەری کاری تیا ئەکەنو بە گوێرەی ئاوو هەوای ناوچەکە بەرنامەو خشتەی تایبەتیمان بۆ داناوونبە جۆرێك کە بلانەکەیان سەرکەوتوو بێت .

ئێمەپەیمان تازە ئەکەینەوە بۆ سەرکردایەتیمانو سەرۆکی فەرمانده هەڤاڵ صدام حسین کە هەمیشە سەربازی بە وەفایەن بۆ جێبەجێ کردنی ئیشوکارەکانمانو چاوەروانی ئیشارەتی ئەواینن بۆ هەرچی فەرمانێك پێمان بسپێرن .

سوپای میللی «پاشماوە»

لێرەدا ئەو دامەزراوێکی میللی جەماوەری‌یە بە بروتنەوەی بیروباوەرکانەوە بۆ بەرەوپێشەوە چوون بەستراوەو چاوەڕێی دڕخەکان بۆ گەورەبوونی ناکات بەلکو بە حوکمی درووستبوونە شۆڕشگێڕی- یەکەی دڕخ بۆ خۆی دادەنی کە تێیدا پێبگات .

هەروەها یەکێکە لە بەرهەمە سووپێرە دانراوەکان بۆ بەرەوروو لەباوەڕی پۆلایی جەماوەرەوە هەڵقوڵاوو لە (کرێکاروو توتابیو موچەخۆرو جووتیارو رۆشنبیراندا) خۆی بنوێنی ئەمەش زۆربوونی ئەو هۆیە رەسەنانە دەگەیەنێ کە وا لە سووپای میللی دەکات لەسەر بنکەیەکی وا فراوان درووست بێ کە هەموو خاکی نیشتمان بگرێتەوە .

٢ - سووپای میللی دامەزراوێکە رووی راستی شۆڕشگێڕانە درووستی کردەوەو تەرجومەی کاری سەرکردایەتی‌یەکەوە لە توانای دەربڕینی خواستی سەرکردایەتی‌یە سیاسی‌یەکەی دایە دوور لە کاری رۆشنبیری بیروماقراتیانەو ئەمەش بوو وای لێ کرد هەمیشە ئامادەبێ بۆ ئەو ئەخشانەی کە سەرکردایەتی- یەکەی ئەخشەیان دەکاتو ئۆك بێ بۆ وەدیهێنانی ئەو کارانەی کە پێویستیتی .

٤ - سووپای میللی کارێکی دابینکەرو رەوشتیو تێگەیشتووە خۆی ئەو بنکانەی توانای جوڵانی خێرای دەداتێ کە ئەم دوو شتەش لە شوێنی خۆیدا دای‌دەنین لە لەنگەری پێویستی‌یەکانی داو وای لێ دەکەن بە گرێرەی خواست کارەکانی بە باشی جێبەجێ بکات .

ئەم سووپای میللی‌یە بە بەکێ لەکەڵو پەلەکانی دامەزراندن لە کۆمەڵدا دادەنرێ .. کە گەلەکەمان کاتێ راپەڕێ بۆ دامەزراندنی تاقی‌کردنەوە سەربەخۆکەی..

چونی هێزی دووژمن شۆڕش‌و یارمەتیدانی سووپا ئەکاتی جەنگدا هەروەها هەروەك لە بەشداری کردنی لەگەڵ بەشە چەکدارەکانماندا لە بەرەوڕوو چونی دەستدرێژی فارسی رەگەزپەرستدا دیارە لە حسابێ باوەڕەکاندا هێزێکی کوشتاریکاری جەماوەری چەکداری ئامادە درووست دەکات بۆ بینینی دەوری خۆی هەرکاتێ پێویستبوو .

ئامادەبوونی هەمیشەو توانای لەجێبەجێ کردنی پلە بەرزکانی‌دا بەخێراترین کات هەلی کوتو پڕی لەدەست دوژمن دەدات‌و خاباندنی ئاگاداری کردنی شۆڕشگێڕانەو دروركەوتنەوە لە سڵ‌کردنەوە لەکاتە پێویستەکاندا وەدەستدێنێ . ئەمە ئەوەیە کە بە ئاشکرا لە سووپای میللی‌و ئەو تاقی‌کردنەوەدا کە تەقەلای کردنی داوە دیارە .. کە لێرەوە دەتوانرێ ئەمچاکانەی ئەم دامەزراوە جەماوەری‌یە فراوانە هەڵبژاردە بکرێ کە شۆڕش وبستی کە بگاتە پلەی ئەو خواستە مەزنانەی کە هەیەتی.

١ - دامەزراوێك کە رووی سەرکردایەتی‌یە لە دەربڕینی بیروباوەڕەکاندا ئەوانە کە تایبەتن بە ئامادە کردنی سووپایی بۆ جەماوەرو کە ئەمەش لە بۆشایی‌و مەبەستێکی خۆیی‌یەوە پێك‌نەهاتووە بەڵکو ئەنجامی راستی‌و دۆخی پەیدابووە تاقی‌کردنەوەی بەرخی چەندان ساڵ دووباتیان ئەمە کردۆتەوەو دەوڵەمەندیان کردووە لە وڵاتەکەماندا‌و کە لە ٨ی شباطی ١٩٧٠دا روناکی بینی لەگەڵ ئەوەی کە بەردێ بناغەی پێش ئەم مێژووە بوو.

٣ - سووپای میللی لەرووی شێوەی دامەزراندنو درووست بوونی هەیە کە جەنگاوەریان تیدا بەروەردە دەبێو نەریتی خۆشی هەیە کە دەستی پێوە دەگرنو لە چوار چێوەی‌دا پێویستی‌یەکان رادەبەڕێنرێن.

٥ - سووپای میللی کەم نەرم کاری جیای هەیە لە وەرگرتنی کاتی ناخۆش‌و چارەسەر کردنی بە گیانێکی شۆڕشگێڕی‌یەوە کە خزمەتی بیرو باوەڕکان بەکاتو ئامانجەکان وەدی بهێنێ . لە ناو خۆدا هێزێکی گەورەو رێکخراوو بەتوانایەو گەلێ جۆر چەکی سووك‌و گرانو یارمەتدەری هەیە . لە لایەکی ترەوە سروشتی رێك‌و پێکی ماوەی بەشداری کردنی سووپای میللی بە دەورێکی بایەخدار دێ لەو بوارەدا لە بلاوکردنەوەی حەماسی شۆڕشگێڕی‌و قول‌کردنەوەی ناوەڕۆکە بیروباوەڕی‌یەکان ئەمەش لە ماوەی مەشق- کردنی زیندوو نایابەوە .

لەسەر ئەمە ئەبێتە اقێك لە لقەکانی پتەوکردنی تێگەیشتنی جەماوەری‌و بەرزکردنەوەی بلەی ئەم تێگەیشتنە لەکاری رۆژانەو خەباتی بێوچانی‌یەوە .

سووپای میللی کە لە باوەشی شۆڕشدا گەورەبوو پێگەیی بۆ ئەوەی ببێتە سووپای جەماوەری عەرەبو پشتێکی بەهێزی هێزە چەکدارە دلێرەکەمان .. ئەمڕۆ بە قوتابخانەیەکی سووپایی جیا دادەنرێو ئەبێتە بەردی بناغەی سووپای شۆڕشی عەرەبو پێشەنگێکی جەماوەری کە دەڕوا بەرەو هەستانو سەرفرازی‌و دامەزراندنی کۆمەڵێکی دیموکراتی سۆشیالیستی یەکگرتوو .

Institut Kurde de Paris

پێشانگەی قادسیەی صدام

لەم رۆژانەدا هاوڕێ عبدالرزاق فارس ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ـ لقی سلێمانی ـ پێشانگەیەکی بەبۆنەی قادسیەی صدام لە هۆلی یانەی قوتابیانی زانکۆی سلێمانی کردەوە کە لەلایەن بەڕێوەبەرێتی پەیوەندی گشتی زانکۆی بصرەوە سارکرابوو . ئەم پێشانگەیە کەماوەی چەند روژێکی خایاند پێك هاتبوو لە چەند بەشێك لەوانە بەشی پۆستەری سیاسی کە (١٥) پانزەدانە بوو لەگەل بەشی وێنەی فۆتۆگرافی رەنگاو رەنگ وبەشی لیتۆگرافی وەی رۆژنامەگەری کە لەمەیدانەکانی جەنگەوە ئامادەکراون ، ئەمانەش تێکرا دوپاتی ئەو سەرکەوتنانەیان دەکردەوە کە سوپای عێراقی لە شەڕی رەوایدا دژی رژێمی تاران وەدەستی هێناون ، ئەمەوبەسەرکردنەوەی ئەو خزمەت گوزاریانەی کە کاربەدەستانی عێراقی پێشکەشی شارەرزگار کراوەکانی ناو خاکی ئێرانی دەکات شایانی باسە ئەم پێشانگەشە تاکە پێشانگەیەکی رەنگاو رەنگە کە بەم بۆنەیەوە لە عێراق دادەکرێتەوەو یەکەم زانکۆشە کەبەم کارە هەستاوە .

نوسینگەی سلێمانی



لە بیرەوەری (١٨) ساڵەی شۆڕشی (٨)ی شوباتدا و بیرەوەری (١١) ساڵەی دامەزراندنی سوپای میللی و یەکەم یادی راگەیاندنی نەتەوەیی

● سلاو لەبیرەوەری بوکی شۆڕشەکان ..

● سلاو لە چەنگاوەرانی سوپای میللی پشتیوانی پتەوی سوپای دلێرمانو پارێزگاری سەربەخۆیی و سەربەستیمان.

● سلاو لە یادی یەکەمی راگەیاندنی نەتەوەیی ..

● سلاو...لە سەرکردەو رابەری دلێر «صدام حسین»و .. بۆ پێشەوە .

چاپکراوەی نوێ

دیوانی چەفایی

لە چاپکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی زنجیرەی شیعر ، دیوانی شاعیری کلاسیکی چەفایی (شیخ) عبداللە شیخ محمد امین عەبابەیلەیی) دەرچوە کە مامۆستا محمد علی قەرەداخی کۆی کردۆتەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسیوە ، ئەم دیوانە لە (١٦٠) لاپەڕەی قەوارەمام ناوندیدایەو لەم دواییەدا کەوتۆتە بازاڕەوە .

ڕێزلێنانی شاعیرە لاوەکان

ئەو جەنگە رەوایەی کە وڵاتەکەمان مەردانە بۆ بەرگری لەسەربەستی خۆی دەستی داوەتێ بوە هۆی بەشداربوونی سەراپای کۆمەڵو دەزگا پیشەیی و ملیللی یەکانو لە هەموو لایەکەوە کۆمەڵانی خەڵك کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ بەشداربوونیکی فراوان لە پێناوی پەردە لادان لە رووی رەشی کاربەدەستەکانی رژێمی رەگەزپەرستی ئێران .

لاوە بە هرەمەندەکان لە هەموو لایەکەوە گۆرانی پیرۆزیان پێش کەش بە بازووی پۆلایینی سوپای دلێرمان کردو شاعیرە بەهرەمەندەکانیش شیعری خۆیان بۆ هۆنیەوە ،

ئەوەبو بەرێز محمد امین ئەمینداری گشتی کاروباری ناوخۆیی و سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندن بەوەکالەت ئەو شاعیرە لاوانەی رێزلێنا ، لە ئاهەنگێکی تایبەتیدا کە بەکیەتی قوتابیانی کوردستان سازی کردو تیایدا بەرێزی خەڵاتی رێزلێنانی پێش کەش کردن .

وەلە کاتی پێشوازی کردنی کۆمەڵێ شاعیری لێهاتوو کە بەشداری فراوانیان هەبووە لە نواندنی چالاکی رۆشنبیریدا، بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندن بەوەکالەت خەڵاتی پێش کەش بەم شاعیرە لاوانە کرد لە سەراپای قوتابخانەکاندا :

١ ـ نەسرین محی الدین .
٢ ـ پەیمانعەلی .
٣ ـ رووناك یاسین .
٤ ـ ئازاد قادر .
٥ ـ رزگاربینایی .
٦ ـ نجاة عزیز .
٧ ـ مهدی حسین .
٨ ـ ژیان عەزیز گەردی .
٩ ـ ئاوات بەرزەنجی .
١٠ ـ فاضل هاشم .
١١ ـ ستەرهید ئەیوب .
١٢ ـ کمال محمود .
١٣ ـ خالد کۆچەر .
١٤ ـ مجید لطیف .
١٥ ـ محمود عزیز .
١٦ ـ قاسم ئەحمەد .

وەئەوەی شایانی باسە لەم ماوەیەی دووایی مبهرەجانێکی فراوان رێك خراو ئەو شاعیرە لاوانە بەرهەمی خۆیان خوێندەوە .

وێنە وورشەی سروز

ئای کە جوان دەشنێیەوە .. وەك چەپکە گوڵێکی ئەو چیایە دێیە پێش چاوم.. دیارە ئەم بەیانیە بۆ رۆژێکی کوردانەی ناسك گەشاوی یەوە ئاخۆ دایکت بە کوڵوانە گوڵ گوڵینەکەیەوەو لە تەك گوڵەبەرۆژە تەقاندندا ـ چیرۆکی کام حەوت براکەی نەشتمانە سەوزەکەتی بۆ گێڕاوی یەوە ، وا هێندەت پێ خۆشە بەو سەربەستی یە ، بۆ ئەمڕۆی ڕوون بکەوی یە شنە شن ..

نازانم ئەو دەستە ناسکە بەفری یە پڕ ژانەت بۆ کام پرشنگ بەرز کردۆتەوە.. ئەی ئەو سەرە پڕ بۆی نانەت داوەتە دەست کام رەشە باوە.

ئای لە دەورت گەڕێم خۆ ئەگەر ئەو تۆپە ئەستێرە ـ یەکی پرشنگ داری دەم کانیاوی شارەکەشت بووایە ، بە هانای گەرمی کوردانەی تۆ .. کەم .. کەم .. گیانی دەیووە پشکۆ

کێ دەڵێ برسێتی زۆری بۆ نەهێناوی و بۆ پارچە نانێك باوەشت نەکردۆتەوە..! ئای لە بەرت مرم ئەو دایکەی تۆ .. چۆن لە بەر ئاهی برسێتیت ، بەرزە بالای چیایانەی خۆی ناکاتە گلکۆ.. ئەی ئەو باوکە دلە خەمەت، چۆن کۆشت بۆ ناکاتە بەهەشتێکی منداڵانو ، تۆش جارێ دێ لە ناو لم و خۆڵی کۆڵاندا ببیلە گوڵی یەکانت لە باتی ئاونگە کازیۆی دەم رێحانەی ئەو باخانەدا نەنێیتە

دەست کەوە ئازارێکەوە . .

کێ دەڵێ ئەو تۆپە خەمنە کانەکانی تۆ نەیئاوساندووەو تۆش هەرگیز ناتوانیت بنێ گۆرانی ئەو خەمانەت بژیت.. ئەگەر بێت و ئەو تۆپە خەمە لێت زویر بێ و لەو دوورەوە بۆت پێکەنێ ، لە وانەیە چاوەکانت بە کلی گریانێکی چیایانە بسوتێنی .. بەلام دایکت چاوەڕێی ئەوەیە سەرت بنێیە چنگ ئەو تۆپە ـ خەمەوەو سنگت پڕ کەیت لە بەفرە شیعر . . چاوانت پڕ کەیت لە سەوزە وەنەوشە ..

ئەی کێ دەڵێ تۆ کەیلی جوانی ئەو ئاسمانە شینو پڕ بارانەی شارەکەتان نەبوویت .. ئەی هەست کالی دەم بە ئاسۆ ! ئەوە بۆچی تەنیا تاوێ ڕووی نازت ناکەیە ئەم گیانە ماندووەی من و دلە بچکۆلەکەت بە ناسکی هەناسەی شیعرێکم فێنك کەیەوە .. ئای لە دەورت گەڕێم تۆ منالە کوردێکی و هەزار شیعری منت بە قوربان بێ .. !

چەباری حاجی کەریم

جیهانی منالان

چیرۆك بۆمنالان

مانگاو ئەسپ

لە کێڵگەیەکدا منداڵێك لە باوکی پرسی :

ـ بابە .. ئەو ئەسپە دەبینی لە بەیانی یەوە هەر دەلەوەڕێت .. کەچی مانگاکە شتێکی کەمی خواردو بۆ خۆی لە ژێر سێبەری دارەکەدا وەستاوە .

ـ باوکی وەلامی دایەو : ئەوەم ئەمە سەرگوزەشتە ـ یەکی هەیە بۆتی دەگێڕمەوە .

ـ منداڵەکە گوتی : بابە هەر ئێستاکە بۆم بگێڕەوە ئای کە چیرۆکەکە کانت خۆشن ..

ـ باوك گوتی : هەرچی یەکت دەوێت ئەوا من ئامادەم .

ـ ئەگێڕنەوە لە رۆژگارێکی کۆندا جادووگەری دارستان وبستی گیاندارەکان تاقی بکاتەوە . . ئەی ئەو بیاوە چاکەی کە حەز لە یارمەتی دانی خەڵکی تر دەکەیت و . . ئەی خۆپەرستی لووت بەرز . . جلی مرۆڤێکی ترە بەرو چووە ناو کێڵگەیەکەوە ئەسپێك و مانگایەکی تێدابوو دەلەوەران .. لە ئەسپەکە نزیك بووەوە کە دەلەوەڕا .. سەلاوی لێ کرد .. بەلام ئەسپەکە وەلامی نەدایەوە .. پێی گوت :

ـ ئەی ئەسپی رەوشت چاك رێگەی رووبارم پیشان نادەیت ؟

ـ ئەسپەکە بە تووڕەیی و بێ ئەوەی ئاوڕ لە جادووگەر بداتەوە : نامبینی دەلەوەڕێم .. ئای چ گیان لەبەرێکی بەدخووی دزێویت .. بڕو خوا بدگرێت.. من باوەڕناکەم لێرە رووبار هەبێت .

جادووگەرەکە رووی کردە مانگاکە کە گوێی بۆ گفتوگوی ئەو و ئەسپە شل کردبوو .. خێرا لێی پرسی :

ـ ئەی نەناسراو لەگەلم وەرە .. من ئەو رێگایەت پیشان دەدەم کە دەچێتە سەر رووبارەکە .. وەرە .. هیوادارم قسەی ئەسپەکە دلی نەئێشاندبیت .. لێرەدا جادووگەرەکە جلەکانی داکەندو . . رووی کردە ئەسپەکەو پێی گوت :

ـ تۆ .. ئەی لووت بەرزو سەرکێشی لە خۆبایی بڕوانە .. من جادووگەری دارستانم .. من خۆم دەمزانیت چەند خۆپەرستو چاوبرسیت . . وات لێ دەکەم کە هەر بلەوەڕێیتو بلەوەڕێیتو بلەوەڕێیتو بێ ئەوەی تێر بخوێت .. یان بحەسێیتەوە.

ـ ئینجا رووی کردە مانگاکە .. گوتی : بەلام تۆ ئەی مانگای چاکو دل فراوان . . دەتحەسێنمەوەو وات لێ دەکەم لە سەعاتێکدا دووجار بەقەدەر ئەوەی ئەسپەکە دەیخوات بخوێت . . پاشان بڕۆیت لە ژێر سێبەری دارێکدا بحەسێیتەوەو . . ئەمەی لەمەوبەر خواردووتە کاوێژبکەیت .

کاتێك کە ئەسپەکە ئەمەی بیست سەبری کابرای قسەکەری کرد زانی ی بە راستی جادووگەری دارستانەکەیە .. دەستی بە پاڕانەوەکرد بۆ ئەوکلیبەخشێت .. بەلام سوودی نەبوو .. بەم شێوەیە دەبینیت ئەسپەکە بەردەوام دەلەوڕێت . . بێ ئەوەی تێربیبیتو بەدرێژایی رۆژ لەبەر گەرما دەوستیتو گیاو گۆڵە دەقۆزیتەوە .. لەکاتێدا مانگاکە دەچێتە بەر سێبەرو ئەوەی لەچەند دەقیقەیەکدا خواردوویەتی کاوێژی دەکات.

کوڕم .. ئەمەیە سزای ئەوەی کە لە خۆی زیاتر ئاوڕ لە کەسی تر ناداتەوەو هەوڵی ئەوە نادات یارمەتی کەسانی تربدات کە پێویستیان بەیارمەتی یە .. کەچی خەڵاتی پیاو چاکان کە شادی لە یارمەتی کەسانی تردا دەبینن ئەوەیە کە ئێستاکە بۆ مانگاکە هەڵکەوتووە .

ـ منداڵەکە گوتی : بەراستی پاشەرۆژێکی خۆشو .. سزایەکی بەجێیە . چەند چاکە ئەوەی یارمەتی کەسانی تربداتو لەتەنگانەو پێویستیدا فریایان بکەوێت .

زادوق آدم

لە عەرەبی یەوە کردوویەتی بە کوردی

Institut Kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعیل رسول

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی لەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

بریاری مێژوویمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاک‌وئاوەکەمان‌و بە توانای لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەوەستێن بەربەستی ئەم بڕیارە مێژوویە ڕەوایەبکات .
سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

● پێنج شەممە ١٩ی شوبات ١٩٨١ ژمارە ٥٧٥ ●

● الخمیس ١٩ شباط ١٩٨١ العدد ٥٧٥ ●

موهیب ڕۆکن صدام حسین لە بەڕێ کردنی کۆمەڵێکی نوێی جەنگاوەرانی سوپای میللی دا دووپاتی دەکاتەوە :

گەل سەرچاوەیەکە لەبن نایەت

گەلی عیراق توانای ئەوەی هەیە سەربکەوێت و سەرکەوتنیش بپارێزێت

بەڕێز سەرۆك موهیب ڕۆکن صدام حسین سەرکردەی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان دووپاتی کردەوە کە گەلی عیراق ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بە ئازایەتی‌و بە باوەڕو بە تواناوە ، توانای ئەوەی هەیە سەربکەوێت‌و سەرکەوتن بپارێزێت‌و یەك لە دوای یەك دەست لە دوژمن بوەشێنێت .

هەروەها ووتی گەل قووڵی‌ی لەشکرکێشی‌و ئـــەو پاشەکشەو ئەو سەرچاوەیەیە کە ئۆتایی نایەت بۆ ئـــەوەی جەنگاوەرانی ئازا بە بەرەکانی جەنگ بەبەخشینت‌و هەمـــوو پێداویستی‌یەکی‌ی‌ی‌ی بە سوپای پاڵەوانمان بدات لە پێناوی پاراستنی ئیانی سەرکەوتن‌و بەردەوام بوونی‌دا .

سەرۆکی بەڕێز لە ووتەیەکی گرنگ‌دا لە کاتی بەڕێ کردنی کۆمەڵێکی نوێی جەنگاوەرانی سوپای میللی‌دا کە بۆ بەرەکانی جەنگ دەڕۆیشتن دووپاتی کردەوە باوەڕبوون بە شۆڕش‌و بە بیرو باوەڕەکانی شۆڕش بناغەی وەدەستهێنانی سەرکەوتنە ئاوەهایش عیراقی‌یەکان باوەڕیان بەوە هێنا کە ئەو هەتاوەی هەڵاتووە دەبێت لە هەلهاتن بەردەوام بێت‌و تاریکایی بە سەرچووو سەربەستی لە گەورەترین دەرگایەوە دەســـتی پێ کردو ... دەبێت سەربەرزی‌و شکۆمەندی‌و ئیشتمانپەروەریتی‌و دەستەڵات وەگرو چـــەند نەریتێکی بنەڕەتی لە ژیانی گەلی عیراق‌دا بپارێزێن ...

سەرۆکی بەڕێز پەنجەی بۆ ئەو سەرکەوتنە گەورانە ڕاکێشا کە سوپای دلێرمان وەدەی‌هێناون دووپاتیشی کردەوە ئەگەر فارسی دوژمن لە مل‌هوڕێتی‌ی خۆی‌دا بەردەوام بوو ئەوا عیراق توانای داگیرکردنی شاری تری هەیە .

دەقی ووتەکە لە لاپەڕە ٧ دا بخوێنەرەوە

وتەی هاوکاری

لە بەڕێوەبەرایەتی وەرگێڕانی وەزارەتی بەرگری سەرۆکی فەرماندەی «صدام حسین» دا

گەلی ئازای عیراق دەرسی نوێ بە دوژمن دەدات و لەگەڵ گیزمل کەوچ ناکات

هەر لە یەکـــەم ڕۆژی جەنگەوە ، سەربازە جەنگاوەرەکانی عیراق ، ئـــەو ڕاستی‌یەیان دووپات کردەوە ، کە گەلی عیراق بـــە کوردو عەرەب‌و هەموو کەمایەتی‌یە براکانیەوەو بەڕابەری سەرکردەی لێهاتوو صدام حسین ، ڕۆڵەی ڕۆژانی تەنگانەن‌و دەزانن چۆن دەجەنگن‌و بەرگری لە سەربەستی‌و سەربەرزی خاکی ئەم نیشتمانە ئازیزە دەکەن‌و گەلی عیراق مل‌کەچ ناکات‌و هەمیشە بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێت‌و ناگەڕێتەوە .

ئەو دەستە ڕەگەزبەرستەی خۆی بە سەر گەلانی ئێرانـــــدا سەپاندووەو لەپشت ئەوانـــەوە ناحەزانی ســـەربەرزیی عیراق ، خۆیان بەوە خەڵەتانـــد کە سەرکەوتنەکەی عیراق وەختی‌یەو زۆر نابات بارەکە بەجۆریکی تـــــر وەر دەچەرخێ . لەبـــەر ئەوە ، بەردەوام‌بوون لە هەڵوێستی‌ناپەسەندی‌و لەخۆبایـــی بوون . ڕۆژان دێت‌و ڕادەبوری زیاتر ئـــەو ڕاستی‌یە دەجەسپێ کە لـــــە بەرەکانی جەنگ‌دا فارســـــە ڕەگەزپەستەکان شکاون‌و بەردەوام دەشکێن بەڵام ئەو دەستە حوکمڕانەی کە وا ڕێزی دراوسێ‌یەتی ناگرێ‌و ڕێزی هیچ عورف‌و عادەتێکی پەیوەنـــــدی دەوڵەتان ناگرێ هەر بەو شێوەو نایەسەندانەتر ڕێـــزی گەلانی ئێران ناگەڕێت‌و هەر سوورە لەسەر ئەوەی فڕێیان‌بداتە ناو ئاگری شەڕەوەو خۆشیان لە « قم » و « تاران » خەریکی گیرفان‌و ورگ پڕ کردن‌و دزینی ڕەنجی شانی گەلانی ئێران .

بەڕامبەر باریکی ئاواو بەردەوامی ئـــەو ڕژێمە ڕەگەزپەرستە شەڕ خوازە . دەبوایە عیراقی شۆڕش‌و بەتواناو سەرکەوتوو چی‌بکات؟! دەگونجێ بکشێینەوەو ڕێگایان بدەین خەوی ناپاکانەیان بێتەدی‌و عیراق‌و گەلی عیراق مل‌کەچ بکەن ؟! نەء .. هەزار جار نەء .. ئەم گەلەی لەزمانی سەرکردەو ڕابەر (صدام حسین)ەوە دووپاتی کردەوە بۆیە تۆزو گەردی ساڵانی ڕابووردووی لەخۆی تەکان‌کە هەر بە سەربەرزی ڕێزو مەردایەتی‌یەوە هەنگاو بەرەو پاشەڕۆژی باشتر بنێ لەم پێناوەدا ، هەموو ڕۆڵەیەکی گەل ئامادەی گیان فیدایی‌و قوربانی دانـــە (عیراق لەرووی وەزن‌و وورەو تواناوە زۆر گەورە بووە) هەروەك سەرۆکی فەرمانـــدە دەڵێ‌و (دەبێ بارزگاری سەربەرزی‌و شەرەف‌و نیشمان پەروەری‌و ڕێـــز بکرێ وەك بەهای بنەڕەتی لە ژیانی گەلی عیراقدا)و لەبەر ئەوە دەبێ‌ئەو دڕندانەی لە« قم »و« تاران »دا خزاون دەرسی زیاتریان بۆ دابدرێ .

ئێران

خومەینی‌ی جادووگەر : نووسەرو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسەکان نائومێدی بە ئێران دابڵاو دەکەنەوە

خومەینی‌ی جادووگەر هێرشی‌بردە سەر بزووتنـــــــەوە نیشتمانی‌و پارتە سیاسی‌یەکان‌لە ئێران‌داو ئەو ڕۆڵـــــە دیارەشی پشت‌گوێ خست‌کە ئەو بزووتنەوانە لـــــە سەرکردایەتی کردنی گەلانـــی‌ئێران‌دا گێڕایان دژ بـــــــە ڕژێمی شا .

خومەینی لە ووتەیەکی‌دا کـــە ڕۆژی شەممەی ڕابـــوردوو ڕادیۆی تاران بڵاوی کـــردەوە وونی ئەم بزووتنەوەو ئـــەم پارتانە لە سەردەمی شـــــادا هیچ بەرهەڵستی‌یەکیـــــان نەکردووەو وای باس کردوون کە ئێستا بۆ پچڕپچڕ کردنی یەکێتی‌ی ئێران کار دەکەن .

هەروەها خومەینـــــــــی هێرشی بردووەتە ســـــــەر سەرکردایەتی‌یەکانی هێـــــزە چەکدارەکانـــــــی ئێران‌و لێپرسراوانـــــی ڕژێمەکەی لـــە دکتـــاتۆری نـــاوی بردوون دەدانیشی بـــــەوەدا ئاوەکە دکتاتۆریەت لە نـــاو هێزە چەکدارەکان‌دا یان لـــە ئێر لێپرسراوان لە ئێـــران‌دا هەیە کەکەمە لە سایـــــــەی ڕژێمە ڕەگەزپەرســـــــــتەو دواکەوتووەکەیدا پـــــــەرەی سەندووە .

هەروەها ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردوو سەرلەنوێ خومەینی هێرشی بردە سەر ڕۆشنبیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووســـــــــە ئێرانی‌یەکان‌و دووپاتیشـــــــی کردەوە کە لەو کاتـــــــــەوە ڕژێمەکەی هاتووەتە ســـــەر تەختی فەرمانڕەوایـــــــــی کەوتووەتە بەر شـــــــــالاوو ڕەخنەلێ‌گرتنی چەندین لایـــەن

خومەینی لە ووتەکەیدا کە ڕادیۆی تاران بـــــــــــلاوی کردووەتەوە وا باسی ئـــەو کۆمەڵە ڕۆشنبیری‌ونووسەرانەی کردووە کە نائومێدی بە نـــاو ڕبزی گەلانی ئێـــــــــــران بڵاودەکەنەوە .

ئەم ووتەیەی خومەینـــــی پاش ئەو هێرشـــە توندوتیژە بوود کە کۆمەڵێك لـــــــــە پارێزەرو نووسەرو ڕۆشنبیران ئەوانەی ناسراوان بەوەی کـــە دزی دەستەڵاتی شاتیکۆشاون کردبووبانە سەر ڕژێمـــــــی خومەینی .

لەلایەکـــی ترەوە کێ‌بەرکـــــێ بۆ دەستگرتن بەســـــــــــەر دەستەڵات‌دا لەنێوان هێزەکان‌دا لە ئێران ســـــــــــەرەڕای تاوانبارکردن‌و پەردە لـــە ڕوو هەڵدانی هەڵوەستی یەك تـــری بەردەوامە ئەوەبوو ڕۆژنامـــەی ـمیزانـــی سەر بە بازرگانـــی بەگەمین سەرەك وەزیرانـــــی ئێران لە ڕژێمی ئێـــــــران‌دا پەردەی لەسەر شانۆگـــەری‌ی بەرەڵاکردنی بەبارمتـــــەگیرا وەکانی ئەمریکا لادا .

ڕۆژنامەکە ووتوویەتـــــــی بەڵێندانی ئەمریکا سەبارەت بەرەڵاکردنی پارەدەســـــــــت بەسەرداگیراوەکانی ئێران بۆ ئێران هیچ شتێك ناوێنێت چونکە ئەگەر دەست‌بەســـەری بەبارمتەگیراوەکان نەکرابـــــا ئەوا پارەکانی ئێران لـــــــە وولاتە یەکگرتووەکان‌دادەستیان بەسەردا نەدەگیرا هەروەهـــا هەمان شت سەبارەت بـــــــە سکاڵاکانی ئەمریکا دەووترێت کە پاش دەست‌بەســـــــەردا گرتنی بەبارمتەگیراوەکـــــان دزی ئێران کردبوونی .

لەم کاتانەیش‌دا عبداللـــــــە شیرازی کە بەکێکە لەپیـــــاوە ئایینی‌یەکانی ئێرانە هێرشـــی بردووەتە سەر حکوومەتـــــی تاران چونکە سەری بـــــــۆ مەرجەکانی ئەمریکا شۆڕکـــرد لە کاتی بەرەڵاکردنـــــــــی بەبارمتەگیراوەکان‌دا .

سەرۆك وەزیرانی کوێت : لەڵوێستی عیراق سەبارەت بە جەنگ لە بواری سیاسی‌و سوپایی یەوە زۆر ئاشکرا و ڕوونە

شێخ سعدالعبدالله الصباح وەلی عەهدو سەرەکـــــــی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوێت لە ووتەیەکی‌دا لەگـــــەڵ سەرۆك‌نووسەرانی ڕۆژنامەکانی کوێت‌دا ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردوو ووتی هەڵوێســـــتی عیراق بە کورتی ئەوەیـــــــە ئامادەیە جەنگ ڕابگرێـــــت بەرانبەر بە وەرگرتنـــــــەوەی خاکی خۆی‌و لایەنی دووەم لە جەنگ‌دا چەند مەرجێکـــــــی داناوە کە عیراق ناتوانێـــــت قبووڵیان‌بکات .

هیوای خۆیشی دەربـــڕی جەنگی نێوان عیراق‌و ئێـــران ڕابوەستێت هەروەها هیوایشی دەربڕی هەوڵ‌و تەقەلاکانـــــی ئەو لیژنەیە سەربگرێـــــت کە کۆنگرەی وەزیرانـــــــی دەرڕۆی دەوڵەتە بێ‌لایەنەکان پێکیان هێنا بۆ ئـــــــــەوەی چارەسەری‌یەك بـــــــــــۆ ناکۆکی‌یەکە بدۆزرێتەوە .

هەروەها ووتیشی کوێـــت هەمیشەو بەردەوام ئارەزووی کردووە پەیوەندیەکانـــــــی لەگەڵ ڕژێمی نوێی ئێران‌دا بەردەوام بێت بەڵام ئـــــەو فسەو بەیاننامانەی لـــــــە ئێرانەوە پاش ئەوە دەرچوون لە چەشنی دەستێوەردانێکی کاروباری نێوخۆی وولاتانـــی کەناری عەرەبی بوون .

باڵا گەیشتە بەغدا

شەوی سێ شەممـــــــەی ڕابوردوو بەڕێز ئۆلف باڵـــا نێرراوی تایبەتی‌ی دکتـــــۆر کورت ڤالدهایم ئەمینـــداری گشتی‌ی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرەك وەزیرانی پێشـــــوی سوید بە سەردانێك کە چەنـــد ڕۆژێك دەخایەنێت گەیشتـــــە بەغدا .

باڵا لە دووانێکـــــــــــی ڕۆژنامەنووسی‌دا هیوای خۆی دەربڕی کە ئەم سەردانـــــەی ئێستای لە عیراق بەشـــداری ئەوە بکات ئاشتی بـــــــــۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە .

ئەوە بوو دکتۆر ســـــعدون حمادی وەزیـــــری دەرەوەو بەڕێز عصمت کتانی وەکیلی وەزارەتی دەرەوە لـــــــــــــە فڕۆکەخانە پێشوازی‌یان لـــــە ئێرراوێ دەوڵەتی کرد .

بەندکردنی ١٥ هاووڵاتی لە عەرەبستان

ڕۆژنامەی میزان ووتوویەتی یەکێك لە دادگاکانی ڕژێمـــی فارس لە شاری ئەحواز لـــەم دوایی‌یەدا بڕیاری دوو ساڵ بەندکردنی ١٥ هاووڵاتـــــی‌ی دەرکردووە لە دانیشتووانـــــی عەرەبستان چونکە بەرهەڵستی‌ی کارە نارەواکانی ڕژێمـــــــی ڕەگەزپەرستی خومەینی‌یـــان کردووە .

جیهان لە هەفتەیەکدا

● حکوومەتی هندســـتان ڕۆژی سێ‌شەممەی ڕابوردوو سنووری خۆی لە ویلایەتـــــی ـمانیپوور ـدرە لەگـــــــــەڵ بۆرمادا بەست ئەوبش بـــۆ ئەوەی نەهێڵێت هەوڵی ئـــەو کۆمەڵانە سەربگرێت کـــــــە دەیانەوێت بچنە نێو خاکـــی بۆرماوە ، حکوومەتی ئـــــەو ویلایەتەبش هات‌وچۆی بـــە شەو لە هەموو ناوچەکانـــی سەر سنووردا قەدەغەکردووە بۆ ئەوەی نەهێڵێت ئەو جۆرە هەوڵانە سەربگرن .

● سەرۆکانی شەشـــــــس دەوڵەتی ئەفریقیـــــا ڕۆژی سێ‌شەممەی ڕابوردوو لـــــە لۆساکا کۆبوونەوە بـــــــــۆ لێکۆڵینەوەی تەنگ‌و چەڵەمـــە ئابووری‌و ئاسایشی‌یەکانـــــی خوارووی ئەفریقیا ، لـــــەم کۆبوونەوەدا بۆشوانـــــــــاو مۆزەمبیق‌و تەنزانیـــــــــــــاو ئەنگۆلاو زامبیاو ســـــەرەك وەزیرانی زیمبابۆی ڕۆبـــەرت مۆگابی ئامادەبوون .

● ماسایۆشی ئیتـــــــۆ وەزیری دەرەوەی ژاپـــــۆن ڕاگەیاند کە وولاتەکەی دەست بە داوێنی هەر هەڵێکـــــــەوە دەئرێت پارمەتی‌ی چـــــاك کردنی پەیوەندییەکانی نێـــوان ژاپۆن‌و یەکێتی‌ی سۆڤیـــەت بدات ، لە ووتەیەکدا لـــــە بەردەمی پەرلەمان‌دا ووتـــــی دەبێت بەکێتی‌ی سۆڤیـــــەت بکەوێتە کار کردن لە پێنـــاوی چارەسەرکردنی مەسەلـــــەی دوورگەکانی کۆریك کـــــــە دەکەوێتە باکوری دوورگـــەی هۆکایدۆی ژاپۆنەوە .

● ڕافائیل مینگیفـــــــار ئەندامی سەرکردایەتـــــــی‌ی بەرەی دیموکراتی شۆڕشگێڕی لە سلفادۆر بە توندی هێرشی بردووەتە ســـــــەر وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بەردەوام دەست لـــــــــە کاروباری ناوخۆی سلفادۆر تێوەردەدات .

● دوێنێ دکتۆر کـــۆرت ڤالدهایم ئەمینداری گشتی‌ی نەتەوە یەکگرتووەکان بـــــــە سەردانێك گەیشتـــــــــــــە سوڵتانئشینی عومان .

بڕیاریش وایە لـــــــەم سەردانەیدا سەبارەت بـــــە مەسەلە نێودەوڵەتی‌یەکانـــــی ئێستا لەگەڵ لێپرسراوانـــــی عومان‌دا بکەوێتە گفت‌وگۆوە.

Institut Kurde de Paris

بەپێی ڕاسپاردەی سەرۆکی فەرمانڕەوا دابەش کردنی زەوی بەسەر خێزانی شەهیدانا لە هەولێر

لەم ڕۆژانەداو بە ئوێرەی ڕاسپاردەکانی سەرۆکی فەرمانڕەوا صدام حسین ، لەشاری هەولێردا چەندەها پارچە زەوی بەسەر ئەفسەرومفەوەزو هێزی ئاسایشی ناوخۆیی‌دا دابەش کرا .. سەرچاوەیەك لە پارێزگای هەولێر ئەمەی بە « هاوکاری » گەیاندوو گوتی : ژمارەی ئەم پارچە زەوی‌یانە گەیشتۆتە٧٣٧ پارچە زەوی ، جگە لەوەی کە بڕیار وایە هەرخێزانە شەهیدێك ٢٠٠ مەتر زەوی وەربگرێ .

هەر بەم بۆنەوە ، ئاهەنگێکی فراوان ساز کراو بەرێزان پارێزگاری هەولێرو مظهر مطنی ئەندامی لقی لێپرسراوانی هێزی ئاسایش‌ئامادەی بوونو بەرێز لێپرسراوی ئاراستەکردنی‌رامیاری ووتەیەکی خوێندەوەو ئەوەی دەست نیشان کرد کەسەرکردایەتی شۆرش بەردەوامە لە بەخششەکانی‌بۆ کۆمەڵانی خەڵکو وەفای هێزی ئاسایشی بۆ سەرکردایەتی حزبو شۆرش دووبات کردەوە .

نووسینگەی‌هاوکاری لە هەولێر (ش.ع)

وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن پێشانگایەکی پۆستەری سیاسی دەگاتە وە

بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری‌ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردوولە هۆلی کۆمەڵەی هونەرە تەشکیلی‌یەکان‌دا پێشانگایەکی‌پۆستەری سیاسی‌ی کردەوە .

ئەم پێشانگایە کە حەفتەیەکدەخایەنێت پۆستەری سیاسی‌ی ژمارەیەك لە هونەرمەندە عیراقی‌یەکانی تێدایە ئەو سەرکەوتنانەپیشان دەدەن کە پالەوانەکانی سەدەی بیستەم لە سەرسنووری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب تۆماریان دەکەن ئەویش‌بۆ گێڕانەوەی مافە ڕەواکانی خۆمان لە خاکو ئاودا .

تەواوکردنی ٢٩ ئەپارتمانی نیشتەجێ لە تەئمیم و سلێمانی و دهۆك

دامەزراوی گشتی‌ی جێبەجێ‌کردنی پرۆژەکانی نیشتەجێ‌کردنی باکوور لەماوەی مانگی ڕابوردوودا ٢٩ ئەپارتمانی نیشتەجێی تەواوکردکە ٣٤٨ شوقەیان تێدایەو بەسەر پارێزگای تەئمیم‌وسلێمانی‌و دهۆك‌دا دابەش کراون .

ئەم شوقانە کە ١٢٠یان کەوتوونەتە کەرکوك‌و ١٢٠ی تریان کەوتوونەتە سلێمانی‌و ١٠٨یان کەوتوونەتە دهۆك دووملیۆن‌و ٨٦ هەزار دیناریان تێچووە .

دامەزراوەکە ئێستا خەریکی چەندین پرۆژەی ترە لەگەڵ خزمەتگوزاری‌یەکانیدا لە سەرتاپای ناوچەی باکوووردا کە ١٩٨ ملیۆن‌و ٤٧٠ هەزار دیناریان تێدەچێت کە بریتی دەبن لە شەش هەزارو یازدە خانووی نیشتەجێی .

لە پارێزگای تەئمیم کار بەردەوامە بۆ دروستکردنی هەزارو پێنج سەد خانوو لەگەڵ ٢٥٢ شوقەی نیشتەجێو خزمەتگوزاری‌ی ٣٧٢ شوقەی دیکەدا .

لە پارێزگای نەینەوایش دامەزراوەکە هەزارو حەوت سەد خانووبەرەو نۆسەد شوقە لەگەڵ خزمەتگوزاری‌یەکانیدا دروستدەکات .

لە پارێزگای دهۆکیش ئێستا کار بەردەوامە بۆ دروستکردنی هەشت سەد خانوو لەگەڵ ٢٢٠ شوقەدا سەرەڕای خزمەتگوزاری‌ی حەوت سەد شوقە .

لە پارێزگای سلێمانیش ١٤٤ شوقە دروست دەکرێن لە گەڵ جێبەجێ‌کردنی خانووبەرەی خزمەتگوزاری‌ی ٤٧٢ شوقەدا سەرەڕای ٩٥٠ شوقەی تر لە پارێزگای صەلاحەدین .

چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لە پارێزگاکانداجێبەجێ دەکرێن

ئەمسال بەڕێوەبەرێتی‌یەکانی‌شارەوانی‌ی پارێزگاکان ژمارەیەك پرۆژەی‌خزمەتگوزاری جێبەجێ دەکەن کە بەئشتی ٢٨٣ ملیۆن‌و ٦٨٩هەزار دیناریان تێدەچێت .

بەڕێز فەر عبدالجبار بەڕێوەبەری گشتی‌ی شارەوانی ووتوویەتی ئەم‌پارەیە کرینی ئۆتۆمبێلی شوشتن‌و پاك کردنەوەی شەقامەکان‌و دەردانی ئاوی پیس‌و گۆاستنەوەی زبل‌و کارگەی قیرتاو کردن‌و جێبەجێ کردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری دابین دەکات کە بریتین لە قیرتاو کردنی شەقام‌و ڕاکێشانی بۆڕی‌ی ئاوەڕێی بارانەاوو دروستکردنی باخچەو شاری یاری‌و گازینۆو بازاڕو ئوتێل‌و گەراجی ئۆتۆمبیل .

هەروەها ووتوویەتی ئەو پارەیەی بۆ ئەم پرۆژانە تەرخان کراوە بەسەر هەژدە پارێزگادا دابەش کراوە بە چەشنێك بەشی پارێزگای دهۆك دەگاتە نۆ ملیۆن‌و ٢١٥ هەزار دینارو هی نەینەوا ١٦ ملیۆن‌و ٨٠٠ هەزار دینارو هی هەولێر ١٠ ملیۆن‌و ١١١ هەزار دینارو سلێمانی ٢٤ ملیۆن‌و ٣٦٥ هەزار دینارو هی تەئمیم ١٥ ملیۆن‌و ١١١ هەزار دینارو هی دیالە ١٢ ملیۆن‌و ٩٩ هەزار دینارو هی صەلاحەدین ٢٣ ملیۆن‌و ١١٥ هەزار دینارو بەغدا دوو ملیۆن‌و ٨٦٥ هەزار دینارو هی ئەنبار ١٥ ملیۆن‌و ٦٥٥ هەزار دینارو واسط پێنج ملیۆن‌و ٤٥٠ هەزار دینارو هی بابل نۆ ملیۆن‌و ٤٦٥ هەزار دینارو هی کەربەلا ١٢ ملیۆن‌و ١٨٥ هەزار دینارو هی نەجەف ٤٤ ملیۆن‌و ١١٠ هەزار دینارو هی قادسیە شەش ملیۆن‌و ٣٣٥ هەزار دینار .

ڕایۆرتی ناوخۆ

باس کردن و لێکۆڵینەوەی پێداویستیەکانی زانکۆی سلێمانی

● لە هەفتەی ڕابوردوودابەڕێز دکتور جاسم محمد خلف وەزیری‌خوێندنی بالاو لێکۆڵینەوەی زانستی‌بەسەردانێکی تایبەتی هاتە پارێزگای سلێمانی‌و بەڕێز جعفر عبدالکریم حسین‌وهاوڕێ عبدالرزاق فارس‌ڕاستگری نهێنی شوعبەی سلێمانی حزب‌و دکتور طارق‌رشاد عبدالله سەرۆکی زانکۆی سلێمانی‌و عەمیدی کولیجەکانی زانکۆ پێشوازیان‌کرد .

وەزیری بەڕێز سەری لە سەرکردایەتی سوعبەی سلێمانی حزب داو ، دوای ئەوە لە سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانیدا بە ئامادە بوونی سەرۆکی زانکۆی سلێمانی‌و نوێنەری یەکیەتی توتابیانی کوردستان لقی سلێمانی کۆبونەوەیەکی لەگەڵ ئەنجوومەنی زانکۆی سلێمانیدا کردو بەدرێژی باسی گیروگرفت‌و پێداویستیەکانی زانکۆی سلێمانیان کرد وەزیری بەڕێز بەڵێنی‌دا کە هەموو پێداویستی‌و داواکانیان بە زووترین کات بۆ جێبەجێ بکات‌و داوای لە هەموو مامۆستاو کاربەدەستانی زانکۆ کرد کە هەوڵی دڵسۆزانەو بەردەوام بدەن بۆ بەرزبونەوەی ڕادەی‌وانەوتنەوە پێگەیاندنی نەوەیەکی شۆڕشگێری ڕۆشنبیرو دڵسۆز بەم نیشتمانە .

● هەروەها وەزیری بەڕێز سەری لە هەندێ لە بەشەکانی کولیجەکان داو چاوی بە قوتابیان کەوتوو باسی گیروگرفت‌و چۆنیەتی ڕێڕەوی خوێندنی لەگەڵدا کردن‌و دوای ئەوە سەری لە هەندێ بەشی ناوخۆیی قوتابیان داو سەیری چۆنیەتی خزمەتگوزاری قوتابیانی کردو داوای لە کاربەدەستان کرد کە گرنگی‌و بایەخی تەواو بدەن بە خزمەتکردنی قوتابیان‌و خۆش‌گوزەرانی‌و هۆی حەوانەوەیان بۆ ئامادەبکەن .

● وەزیری بەڕێز لە وتوێژێکی ڕۆژنامەنووسینا بۆ پەیامنێری هاوکاری دەربارەی گرنگی سەردانەکەی بۆ سلێمانی وتی :-

× ئەم سەردانەی ئێمە لەڕۆشنایی ڕاسپاردەکانی سەرۆکی فەرمانڕەوا تێکۆشەر «صدام حسین »دا هاتووە، کە بەڕێزی هەمیشە داوائەکات پەیوەندی لێپرسراوان‌و دەستەودایەرەی جێبەجێ کردن‌و ڕاپەڕاندن بەرەو پتەوی ببرێت‌و هەوڵبدرێت بە هێزتربکرێت بۆ زانینی گیروگرفتی کارکردن‌و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی کۆسپی ڕێگای ئیش‌کردن ، ئەگەر بێت‌و سەبرێکی چالاکی سەرۆکی فەرمانڕەوا بکەین کە کردی‌و ئەیکات ، ئەوا ئەبینین پێویستی سەرشانمان باشترین‌و دڵسۆزانەترین هەوڵبدەین بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕێڕەوکاروانی دڵسۆزانەی ئەودابڕۆین‌و لە ئیشوکارماند پشت بە ڕاسپاردەکانی ئەو ببەستین .

پ ـ هاوکاری لە سلێمانی

قوتابیان

بە یارمەتی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق

١٨ی شوبات

● لە ١٨ی شوباتی ساڵی١٩٥٣دا بەکێتی‌یە دلێرەکەمان بەکێتی‌ی قوتابیانی کوردستان‌توانی‌ی چاو هەڵهێنێت‌و لەدایکبێت‌و بەگەمین کۆنگرەی دامەزراندنی خۆی ببەستێت‌و پارێزگاری لەمافی‌قوتابیانمان بکات .

● دامەزراندنی بەکێتی‌ی قوتابیانی کوردستان لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣دا وەنەبێت‌شتێکی ئاسایی بووبێت‌بەڵکو هۆیەکی کاریگەر بوو بۆ بۆدواڕۆژی قوتابیانی کوردستان کە لە جێگەی هەڤۆلانەوەهاتنە سەر ئەو بیرو باوەڕەی کە ئەم بەکێتی‌یە بە جەماوەری‌قوتابیانەوە بەستراوە هەرگیز لێی جیا نابێتەوەو پاشەڕۆژی‌یە پاشەڕۆژی قوتابیان‌و نیشتمانەکەیانەوە بەندە .

● ١٨ی شوباتی ئەم ساڵ.. یادی ٢٨ ساڵەی دامەزراندنی بەکێتی‌یەداڕەکەمانە .. قوتابیان لە یادی دامەزراندنی ئەم ساڵداپەیمان بۆ سەرۆکی تێکۆشەر و قارەمان صدام حسین نوێدەکەنەوە کە هەردەم سەربازی وەفادارو کۆڵنەدەر بن بۆ ڕاستنی دەستکەوتە پیرۆزەکانی شۆڕش‌و وەستان‌دژی تاقمەکەی خومەینی‌و بەکرێگیراوەکانی .. لە جەنگی قادسیەی صەدام‌دا بەڵێن تازە دەکەنەوە کە هەردەم لەخزمەت‌کردنی شۆڕشی ١٧ی تەمووزو پاراستنی مافەڕەواکانماندا بن لەگەڵ بەشداری‌کردنێکی تەواو لەم جەنگە ڕەوایەمان دژی فارسە ڕەگەزپەرستەکان‌و تاقمی‌خومەینی‌ی بەکرێگیراو .. ئیتر .. با هەر گەشاوە بێت‌ئالای یەکێتی‌ی قوتابیانی کوردستان لە بیرەوەری‌ی ٢٨ساڵەی دامەزراندنی‌دا .

عوسمان عەبدوڵا محەمەد
بەکێتی‌ی قوتابیانی کوردستان هەولێر

هەواڵەکانی یەکێتی بە بۆنەی بیرەوەری‌ی دامەزراندنیەوە

هەر لەگەڵ زرنگانەوەی دەنگی زوڵاڵی قوتابیانی کوردستان‌و بیرەوەری‌ی ٢٨ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی‌ی قوتابیانی کوردستان‌دا لەهەموو زانکۆ ئامۆژگاو کۆلێجو قوتابخانەکانی کوردستان‌دا لەڕۆژی ١٨ی شوباتدا بەبۆنەی ئەم بیرەوەری‌یە پیرۆزەوە ئاهەنگ گێڕرا .. لەپارێزگای هەولێر کە مەڵبەندی ناوچەی کوردستانە نووسینگەی سکرتاریەتی یەکێتی‌ی قوتابیانی کوردستان لەبارەگای خۆیدا پێشوازی‌ی لە (پیرۆزبایی‌کەران) کرد ، هەروەها نووسینگەی پۆشنبیری‌و ڕاگەیاندنی مەڵبەندی چەندین پۆستەری سیاسی‌ی ڕێك‌وپێکی بڵاوکردەوە کەتیپانیدا سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمانیان بەسەر فارسەکان‌دا دەردەخست جگە لە نیشان‌دانی دەوری قوتابیانی کوردستان لەجەنگی قادسیەی صەدام‌دا .. هەروەها بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی کە ڕۆژی ١٨ی شوبات لەگشت قوتابخانەکانی کوردستان‌دا خوێندرایەوە .. هەروەها نووسینگەی سکرتاریەت چەنین وێنەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانڕەوی بڵاوکردەوە جگە لە چەندین چاپەمەنی‌و بڵاوکراوەی تر کە تێیاندا لەم بۆنە پیرۆزە دوا بوو .. لقی هەولێری یەکێتی‌ی قوتابیانی کوردستانیش هەر بەم بۆنە پیرۆزەوە چەندین ئاهەنگ‌و فیستیڤاڵی شیعری‌و پێشانگای پۆستەری سیاسی‌ی ڕێك‌خست‌و لەقوتابخانەکانی شاری سلێمانی‌و زانکۆی سلێمانیش‌دا هەر لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٨ی شوباتدا بەیاننامەی نووسینگەی سکرتاریەتی یەکێتی‌ی قوتابیانی کوردستان خوێندرایەوە چەندین بڵاوکراوەو پۆستەر بەسەر قوتابی‌یەکان‌دا دابەش کران .. لەپارێزگای دهۆکیش هەمان ئاهەنگ‌گێڕان لە قوتابخانەکاندا سازدراو بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ گێڕرا .

بەیاننامەی نووسینگەی‌سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەبۆنەی یادی٢٨ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی‌یەوە

بە هاوکاری لەگەڵ نووسینگەی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق

یەکێتی‌ی قوتابیانی کوردستان بەبۆنەی یادی ٢٨ ساڵەی دامەزراندنیەوە بەیاننامەیەکی دەرکردووە بەیاننامەکە لە لایەن نووسینگەی سکرتاریەتی یەکێتی‌یەوە دەرچووە تێیدا دەڵێت :

ئەی جەماوەری قوتابیانی تێکۆشەر لە کوردستانی عیراقدا .. لەگەڵ هاتنی بیرەوەری‌ی ٢٨ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی‌یە تێکۆشەرەکە تان یەکێتی‌ی قوتابیانی کوردستان لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣دا ڕێبازی زەمری بەکیەتیەکەتان بە خەبات‌و تێکۆشان زیاتر بەرەدەستێنێ‌و ئەخرێتە سەرباری خەبات‌و ئاسۆی تازەمان لە ژێر سایەی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی گەلاوێژی نەمرو لەبەر سێبەری بیروباوەڕەکانی پارتی سەرکردە پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لەو کاتەی کە خەباتی قوتابیانی کوردستان بەردەوامە شان بەشانی خەباتی قوتابیانمان‌و جەماوەری گەلەکەمان لە بەرانبەری وڵات‌دا لە پێناوی هێنانە دەی عێراقێکی پێشکەوتوو ئاوەدان‌دا کە بە خێرو خۆشیەکانی سەرکردایەتی پارت‌و شۆڕش بە جەماوەرەوە بەستراوەتەوەو نیشانەی ڕێزو وەفاداری‌یە بۆ دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی گەلاوێژی پێشکەوتنخواز کە بۆ گەلی کوردمان بەگشتی‌و بۆ جەماوەری قوتابیانمان بەتایبەتی هاتووەتە دێ‌و ئەو پشتگیری‌یە گەورەیەی کە لە لایەن سەرکردەی تێکۆشەرو هەڤاڵی‌خەباتگێرمان کاك صدام حسین دەکرێت کە هیوای جەماوەرە خەباتگێڕەکەیەتی .

هەروەها بەیاننامەکە دەڵێت دامەزراندنی یەکێتی‌یە تێکۆشەرەکەتان نیشانەی پێویستی‌یەکی کاریگەر بوو لە چوارچێوەی کاری نیقابی‌دا بۆ ڕێکخستنی ڕێبازی خەباتی قوتابیان .. بەیاننامەکە بە دوورو درێژی باسی خەباتی قوتابیانی کردووە سەبارەت بە کۆنگرەکانی یەکێتی دواوەو هاتووەتە سەرقۆناغی ئێستاو دەڵێت :

ئاهەنگ گێڕانمان بە یادی ٢٨ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی‌یەکەتان کە قۆناغێکی مەزنی بڕیوە لە پتەوکردنی بناغەی ڕێکخستن‌و پەرەپێدانی پەیوەندی‌ی خەباتگێڕانەی هاوبەش لەگەڵ جەماوەری گەلەکەمان‌دا کە لەو پەڕی ئەو سەرکەوتنە مەزنانەدا ئەژین کە سوپای پاڵەوانی عیراق لە جەنگی قادسیەی صەدام‌دا وەدەستیان هێناوە ..

.. دەبا وێنەی وەفاداری‌و بەیاننامەکە لەکۆتایی‌دا دەڵێت دڵسۆزی پێشەوامان لەم بۆنە نەمرەیەدا گەورەتر بێ .. دەبا وێنەی پەیمان‌و وەفاداری دڵسۆزیمان سەر لە نوێ تازە بکەینەوە بۆ بەردەوام بوون لەسەر خەباتی درێژ خایەنی خۆمان .. با هەر سەربەرزو سەرفراز بێت سەرکەوتنەکانی جەنگی قادسیەی صەدام لەم بیرەوەری‌یە نەمرەی کە لە مێژووی خەباتی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردماندایە .

گوێرو.. خواستەکانی

لە چوارچێوەی بایەخدانی‌فراوانتر بۆ لێکۆڵینەوە لە کاروباری هاووڵاتیان‌ودەستنیشان‌کردنی مەودای پێشکەوتن لە هەمو لایەنەکانی‌ژیان‌و هەنگاوی نوێ ، ڕۆژنامەی « هاوکاری » لەم‌ماوەیەدا چەندەها گەشتی فراوانی کردە قەزاو ناحیەوتوندەکان بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بچێتە ناو خەڵکەوەو خواستەکانی کۆمەڵانی خەڵك دەربڕێ ..

ناحیەی« گوێر » یەکێکە لەو ناوچانەی کە لەم دووایەیەدا هەنگاوی تیا نراوەو وا خەریکە لە ئەنجامی ئەو بایەخ پێدانە بگەشێتەوە .. بەڵام لەگەڵ ئەو گوزارشە ، هێشتا هەندێ کێشە هەن وەك ئاخۆ تا کەی هەروا دەمێنێتەوە ؟!

ئەم پرسیارەو چەندەها شتی ترمان لە بەردەم بەڕێوەبەری ناحیەکە مامۆستا « فلیح جاسم سلمان » داناو لە وەڵامدا ووتی :

× ئەوی ڕاستی بێ ماوەیەکی دوورە ئەم ناوچەیە بە دەم ئەم گیروگرفتەی هەیە ، بەڵام دوای ئەوەی مەسەلەکە روو بەرووی لێپرسراوان کرا ، سەرۆکی فەرمانڕەوا پارەیەکی تایبەتی بە ملیونێك‌و نیو بۆ چاك‌کردنەوەی ڕێگاو چەند پرۆژەیەکی نوێ تر دانا‌و ئومێد دەکرێ لە ماوەیەکی کەمدا سەراپای ئەم گیروگرفتانەی باستان کرد چارەسەر بکرێن بە پشتگیری‌ی هاووڵاتیان .

× لە کاتی گەڕانماندا ئەوەمان بینی کە نەخۆشخانەکەی ئەم ناحیەیە دوکتۆری ئافرەتی تیدا نیە ؟

× لە نەخشەی ساڵی‌دا هاتوودا دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی تایبەتی هەیە کە دەتوانێ تا ڕادەیەك چاردەسەری ئەم لایەنە بکات و ئەو کاتەش بەئومێدین کادیری تەندروستی چاك کاری تێدا بکەن‌و بتوانن خزمەتی کۆمەڵانی خەڵك بکەن لەم ناوچەیەداو کاك حسن محمدی بەڕێوەبەری شارەوانی دەربارەی هەندی خواستی هاووڵاتیان دەڵێ :

× شارەوانی گوێر بۆی پشوودانەوە تەقەللای دەنوێنێ‌و ئەم داواکاریانەش جێی بایەخن ، بەڵام حەز ئەکەم وەڵامەکەیان لەم چەند پرۆژەیە دەست بکەوێ کە ئێستا لە جێبەجێ کردندان .

١ ـ چاك‌کردنی شەقامەکانی ناوخۆ بە (٧٠) هەزار دینار .

٢ ـ سیاجێك بۆ گوێر بە (٥) هەزار دینار .

٣ ـ گازینۆو چەشتخانەیەك بە (١٠٠) هەزار دینار .

٤ ـ چاك‌کردنی ڕێگاو بانەکان بە سەدوچل هەزار دینار .

٥ ـ باخچەیەکی گشتی‌ی بە (٣) هەزار دینارو سەرەڕای ئەوانە دامەزراندنی یانەی فەرمانبەرانو دابەش‌کردنی زەوی بەسەر هاوڵاتیاندا .

شێرزاد عبدالرحمن
پ . هاوکاری لە هەولێر

Institut kurde de Paris

پرۆژەی نووسینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی

سلێمانی صەباحی غالب

لە مێژە گوتراوە ((ئەدەب لێکدانەوەو بۆچوونی ئەدیبە بەرامبەر بابەت ، ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی هونەرمەندانەی زمانەوە ئەنجامدەدرێ)) .

ئەوە جۆرێکە لە (تاریف)وباسکردنی ئەدەب ، کەلێك پیاوی ئەدیبو سیاسەت‌مەدارو فەیلەسوفو کۆمەڵناس تاریفی دیکەیان کردووە ، بەڵام چونکە ئەدەبیش وەك هونەر بۆچوونو لێکدانەوەی جودا جودا هەڵدەگرێ . تا ئێستا نەتوانراوە تاریفێکی یەکگرتووی فرە لایەن کە گشت ئەدیبو چینو فەیلەسوفێك لە سەری یەك بکەون - بخرێتە قاڵبێکەوە.

دیاردەی بەو شێوە ، نا جۆرو نا دروست نییە ، بەڵکو لە خودی خۆیدا جوولەو دینامیکی‌یەتی ژیان پیشان دەدا کە لە ڕێگای زۆران بازیی بیرەوە پێشکەوتنی لابەنەکانی مرۆڤو دەوروبەری ساز دەبێ ... مرۆڤێکی هۆشیارو ئاگادار بەسەر تەواوی فەلسەفە تایبەتی‌یەکەی خۆیدا وا دەزانم رازی نابێ - لە لێکدانەوەی مەسەلەی بنەما بنەرەتی‌یەکانو تێڕوانینی سروشت لەگەڵ خاوەن فەلسەفەیەکی دوور لە خۆی یەك بگرێتەوە ، جا لەو ڕوانگەیەوە ئاسایی‌یە کە چەندان (تاریف) بۆ زانستە مرۆڤایەتی‌یەکان پەیدا بن .

بە هەرحال ئێمە گەرەکمان نی‌یە لێرەدا ئەم پەڕو ئەو پەڕی فیکری ئادەمی دەست نیشان بکەین ، بەڵکو دەمانەوێ بە شێوەیەکی سادەو ساکار بزانین ئایا کورد وەك نەتەوەیەك ئەدەبیات‌و ڕەخنەی هەیە ؟ ئەوجا تێکۆشانێکی‌زیاتر بکرێت بۆ نووسینو ئامادەکردنی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی‌و مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیاتی کوردی ... لەبەر ئەوەی بە دەستەوە نەبوونی دوو کتێبی بەو شێوە پێمان وایە هەموومان لێپرسراو دەکاو لە بەردەم کەلەپی خەڵکی بێگانەو بەرەی دوای خۆمانمان دادەنێ.

لە چ دۆخو قۆناغێکی مرۆڤایەتیدا بکری ، هۆیەکانی وجودی ئەدەب بڕێتین لە مرۆڤ ، دەوروو بەرو بابەت ، زمان ، لە تەك بوونی فەلسەفەوڕێبازی ژیان .

سووکە بیرکردنەوەیەکی بە ویژدانانەی مرۆڤێکی ئاسایی وا دەکا خاوەنێتی کورد بۆ هەر یەکێك لە جەوهەرو فۆرمی ئینسانانە ، ژیانگە ، زمانو فەلسەفە بچەسپێنێ مەبەست لە فەلسەفە بوونی ڕێبازو تێڕوانینی‌سەربەخۆی میللەتێك نی‌یە ، بە شێوەیەك بۆ هەر نەتەوەیەك فەلسەفەیەك دابنێین ، بەڵکو میراتێکی مرۆڤایەتی‌و لە کۆنەوە تا چەرخی ئێستا گشت نەتەوەیەك یا زۆربەیان بە ئەندازەی خۆیان هاوبەشیان تێدا کردووە ...

دیارە ئەو لێکدانەوەیە قەناعەتی بوونی ئەدەبیاتی کوردی لە دێر زەمانەوە یا ڕوونتر لە کاتێکەوە کورد هەیە ساغ دەکاتەوە ، بەڵام بۆ کۆنترین بەڵگەی ئەدەبیاتمان لە بابە تایەری هەمەدانی ٩٣٥ - ١٠١٠تێ نا پەڕێ ؟

ئەوە پرسیارێکە ڕاوەستانی گەرەکەو پێویستی بە وەرامێکی زانستانە هەیە کە ئەم نووسینە بۆ ئەوە تەرخان نەکراوە .

ئێمە وا دەزانین کاتێك تاکە تاکەکانی نەتەوەیەك هەبوون ، تێڕوانین‌و هەڵوێستیشان بەرامبەر بە گەردوون مەوزوع هەبوو ، یەکێك لە مەزنترین دەربڕینی تێڕوانینونە خشاندنی هەڵوێست بە کەرەسەی ئەدەبیات ئەنجام دەدەرێ ، کە لە قۆلایی ناخو بەرزی بیرو ژیری بڵندەوە هەڵدەقوڵێ ، ئەم لێکدانەوەیە وەك بۆ کورد ڕاستە ، بۆ میللەتانی دیکەش ڕاستە ، واتا کاتێك ئێمە بوویەن ئەدەبیاتیشمان هەبووە ، کە ئەوانیش بوون ئەدەبیاتیان هەبووە ، بە مانایەکی دیکە مێژووی ئەدەبیات لەگەڵ مێژووی نەتەوە یەکو هاتوونو دەڕۆن .

هەرگیز بە ڕەوای حەقیش نابینرێ ئەدەبیات بە ئارەزووی ڕووتو کات بەسەربردنو بێ ئیشی دابنرێ . جا ئەگەر کەسێك لە دەربڕینو چڕاندندا لە سنووری خۆی تێ نەپەڕێنێ بە ئەدیبێکی گچکەو نزم حساب دەکرێ ، ئەگەر توانی لە بەرهەمەکانیدا جیهانی دەوروبەرو مەسەلەو ڕووداوەکانی سەردەم باس بکاو خۆشی پێوە ببەستێتەوە ئەوا بە ئەدیبێکی گاورەو بڵند لە قەڵەم دەدرێ ، هەڵبەتە ئەگەر نەتەوەیەك ئەدیبی مەزنی نەبێ ئەوە دەگەیەنێ تاك لە کۆمەڵ جوێیەو بیریش لە کاسەی سەرەوە ناچێتە ناو واقیعەوە .

ئەو دوو بەرە ئەدیبە هەبوونو هەن لە لایەکەوە کە لە ڕووکردنە خودو خەڵکیو واقیعدا لێك دەترازێن ، لە لایەکی دیکەشەوە لە یەك دی جودا دەبنەوە ، ئەویش جۆری کارتێکردنو هەژاندنی خوێنەرو جەماوەرە ، چونکە « کاری ئەدیب هەر ئەوە نی‌یە شتێکمان تێ بگەیەنێو مانایەکمان بداتێ ، دەبێ لەگەڵ ئەوەشدا کارمان تێ بکا ، ئەو کاتە دەزانین ئەدیب دەبێ چەندە ماندوو بێ بۆ خستنەژێر باری ووشە تاوەکو فەرمانی خۆی بەجێ بگەیەنێ ، بۆیە ئەدیب پێویستە ووشەی سروشتی هونەرمەندانە بەکار بێنێ »[1] .

لێرەدا بڕێك لەوە گەیشتین کە ئەدەبیات لەگەڵ مێژووی میللەتدا هاتۆتە خوارێ ، بە عەقڵو بیرکردنەوەش ئەوە دەسەلمێنرێ کە ئەدەبیات هەبوو دەبێ ڕەخنەش هەبێو لەگەڵ یەکەم تیشکی بیرکردنەوەی مرۆڤدا کە هەستی بە جوانی‌و دژێوی یا ڕووناکی‌و تاریکی کردووە ڕەخنەش دروست بووە . ئێستا مەسەلەکە وای لێدێت :

میاالەت = ئەدەبیات = ڕەخنە .

ت.س. ئەلیوت دەڵێ ((من وا دەزانم ڕەخنە ئەو بیرکردنەوەیەیە کە لە شیعر دەگەڕێ بزانێ چی‌یەو فەرمانی چی‌یە ، چ جۆرە ئارەزوویەك تێر دەکاو بۆچی نوێسراوە ، یا بۆچی دەخوێنرێتەوەو بۆچی دەچڕێنرێ ، یا ئەوەیە لە دوو قۆناغەوە بریار لەسەر شیعر بدا ، لایەك وەرامی پرسیاری شیعر چی‌یەو لە لایەکی دیکەوە وەرامی پرسیاری ئایا ئەو چامەیە چاکە ، بداتەوە))[2] .

ئەلیوت کە دەڵێ شیعر : هەموو بەشەکانی دیکەی ئەدەبیاتی مەبەستە ، واتا گەرەکێتی لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی بە گشتی دیاری بکا کە بریتی‌یە لە لێکدانەوەو شی‌کردنەوەی ناوەڕۆکو فۆرم ، لەگەڵ بڕیاردان بە سەر دەقێکدا بە جوانی یا ناجوانی ، هەروەها تاوی ئەو بەرهەمە ئەدەبی‌یە لەسەر خوێنەرو مەبەست لە هاتنە دنیایەوە چی‌یە ؟!.

جا بە بوونی بەرهەمی ئەدەبی نیازو هەوڵدان بۆ ڕەخنە دروست بووە ، بنە مانایەکی ئاشکراتر کە یەکەم تێکستی ئەدەبی لای هەر نەتەوەیەك لە دایك بوو بێ ، ڕەخنەشی بە دوادا هاتووە ، ڕەخنە ئەدەبی‌ی تۆڕیش لەو یاسایە بەدەر نی‌یەو لەگەڵ یەکەم بەرهەمی ئەدەبیماندا باسکردنو قسە دەربارەی کراوە . جا ئەو باسو خواسە چۆن بووە ، سەرکەوتوو یا سەرنەکەوتوو بووە ، دبارە لە نووسینەوەی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیماندا وەدبار دەکەوێ‌و دەبان مەسەلەو پرسیاری ئاڵۆز وەرامیان دەدرێتەوە .

ئێمە لە دوای مانگی مایسی « ١٩٧٥ »ەوە کە زۆربەی کاتمان لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی بەسەر دەبردو بە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یە کۆنەکاندا دەچینەوە ، لەو گەڕانەدا زنجیرەیەك وتاری ڕەخنەیی « م. نووری » مان دۆزینەوە کە بۆ خۆیان بە میراتێکی گەورەی ڕەخنەی کوردی دەژمێرێن‌و بەردی بناغە بگرە چەند چینێکی ڕەخنەی ئەدەبی میللەتی ئێمەیە ... چاو کەوتنمان بە نووسینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بکەبنەوە ، چونکە قەناعەتمان وابوو کە دەبێ کوردیش بڕە هەوڵدانێکی لەو بارەوە هەبێ .

لە سەرەتادا دەمانویست لە بابە تایەری هەمەدانی‌یەوە بە مەلا پەرێشانو مەلای جەزیری‌و خانی‌و تا ١٩٧٠ دەست پێبکەین ، بەڵام کەروانیمان نیازو مەبەستەکەمان لە خۆمان گەورە تر بوو ، بۆبە بیرەکەمان گۆڕی‌و گردمان بە ڕەخنەی ئەدەبی لە کوردستانی خوارووداو لە ئالی‌یەوە تا ١٩٧٠ .

بەڵێ زۆرمان کردو فرەمان تۆکردنەوە ، لە وانەش زێدەتر لە زانستگا ، کۆلێجی ئەدەبیات، یەکێتی نووسەرانو کۆڕو کۆمەڵ زۆرتر قسەمان دەکرد ، تارەش وا دەزانین کە دەبێ لە ووڵاتێکی وەك ئێمەو لە نێو ڕۆشنبیرانو ئەدیبانی خۆماندا دەبێ پیاو هەمرو شتێکی خۆی بە نهێنی بکرێ‌و تا بۆی دەکرێ بە بێ دەنگی ئیش بکا ، ئەگەر وا نەکەی ئەوا خەڵکی لە تۆ ئازاترو خێراترن‌و دوایی ڕەنجەکەت دەبێ بە ڕەنجی پیاز فرۆش‌و هەوڵدانی ڕەنجبەری کورد .

پێمان خۆشە لەم نووسینەدا ئەوە ئاگاداری خوێنەری خۆشەویست بکەین کە سال دەبێ کتێبێکمان بە نێوی ڕەخنەی ئەدەبیاتی کوردی لە کوردستانی خوارووداو ١٨٠٠-١٩٧٠ ئامادە کردووە . بڕێتی‌یە لە چەند بەشێك ، لێرەدا ناوبان دەبەین .

بەشی بەکەم - ئەدەبیات .
بەشی دووەم - ڕەخنە .
بەشی شێهەم - ڕەخنەگر .
بەشی چوارەم - قۆناغی یەکەمی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە نالی‌یەوە تا ١٩٢٥ .
بەشی پێنجەم - م. نوری‌و ڕەخنەی ئەدەبی .
بەشی شەشەم - سەردەمی گۆڤاری گەلاوێژ .
بەشی حەوتەم - ١٩٥٠ - ١٩٧٠ .

هەڵو مەرجی بە چاپ گەیاندنی کتێبێکی کوردی وەك ئەدیبان‌و زوربەی خوێنەران دەزانن کارێکی گران‌و قورسە، ئەم نووسینە ئەوەندە بۆ ئێمە بە دەستەوە دەدا کە لایەکی گچکەی حەقیقەتێك دەر دەخا لە بارەی نووسینەوەی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی جا با ئەو هەوڵەی ئێمە چاپیش نەکرا بێ .

پەراوێزەکان

١ - الدکتور عزالدین اسماعیل ، الادب وفنونه ، الطبعة الرابعة ، القاهرة ١٩٦٨ ، ص ٣٢ .

٢ - [illegible] ، النقد الادبی ، مطبعة المعرفة ، القاهرة ، الطبعة الثانیة ، بلا ، ص ٢٢ .

ووتەی ئەم‌جارە

جمکێك لە گیروگرفتەکانی چاپەمەنی‌ی کوردی

دەزگای ڕۆشنبیری کوردی لە ڕێگەی دوو گۆڤارو ڕۆژنامەیەك‌و کۆمەڵە کتێبێکی کوردی‌یەوە هەرسالە لە مەیدانی ڕۆشنبیری‌و نووسین بە زمانی کوردیدا نیشانەیەك لە نیشانەکانی مەیدانی خزمەتی نەتەوەو نیشتمان دەپێکێ‌و ئەو وەختە ئێجگار شانازو دڵارامە کاتێ کە لەلەی (کردەوە) لە سەر نیشانەی ئاواتەکانی جووت بێت‌و پلانە تێرو تەسەلەکانی تا ئەوپەڕی توانا هەوڵیان بۆ درابێت‌و جێبەجێ کرابن .

دیارە ئێمەش وەکو هەموو خوێندەوارانی‌تر هەست بە گەڵێ گیروگرفتی چاپەمەنی‌ی کوردی دەکەین ، دەزانین کتێب چاپ کردن ئەرکێکی گەورەی دارایی‌یە دەکەوێتە سەر شانی نووسەرو خوێنەران‌و نرخی کتێب گرانە ، ژمارەی چاپکراو کەمە ، جۆرو چۆنیەتی‌ی کتێب لە بازاڕدا پێوانەیەکی بە سەنگ‌و بە ڕەنگی نی‌یە ، ئەوەی ئێمەش دەیکەین دەزانین لە ڕادەی ئاوات‌و هیوای ئێمەدا نی‌یە ، هەست دەکەین کەلێن دەکەوێتە نێوان کاتی دەرچوونی ژمارەی گۆڤارەکانمان ، ئەو کتێبانەی لە سەر کیسەی دەزگاکەمان چاپ دەکرێن ماوەیەکی زۆریان پێدەچێ تا چاپ دەکرێن‌و دەگەنە دەستی خوێنەران‌و لەلایەن جۆرو چەندیشەوە هەندێکیان تەواو نین‌و ... تاد .

کارو کردەوەی دەزگاکەشمان لە ئەنجامی کۆڕو کۆبوونەوەی وەرزانەو ساڵانەو وتووێژی کاربەدەست‌و کارگەرانی دەزگاکەو پرس‌و ڕا وەرگرتنی شارەزایان‌و ڕۆشنبیرانەدا لە سەر بناغەیەکی پتەوی هەڵسەنگاندن‌و بەرنامەی کار پلانی بۆ دادەڕێژین ، پلانەکەشمان هەمیشە بەوپەڕی ئاوات فراوانی‌و هیوا بەرری‌یەوە دەڕوانێتە دوارۆژی ڕوشنبیری‌ی کوردی‌و ئەوەندەی حەزی ئێمە حەردەکا خزمەت‌و کۆشش پەرە بێدات‌و هەنگاو گورجتر بکات بۆ بڕینی ڕێگای دوورو پێچانەوەی ڕێگاکە قۆناغ دوای قۆناغ .

بۆ ئاسانی‌ی چێبەجێ کردنیش هەمیشە ڕوو لە کاربەدەستانی بەڕێزی وەزارەت‌و دەزگاو بەڕێوەبەرێتی‌یە هاوکارەکانمان دەکەین‌و زیاتر داوای بەدەنگەوە هاتن‌و پشتگیری‌و یارمەتی دەکەین . ئەوەبوو بە نموونە بە خوێندەوارانی ڕادەگەیەنین کە سالی بار بڕیاری لە چاپدانی ٣٠٠ مەلزەمە کتێبی کوردیمان لە چاپخانەکانی (دار الحریة) وەرگرت ، لە کاتێکدا کە چاپخانەکان تابلۆی سەرقال‌و پڕکارن .. هەروەها جگە لەو چاپخانانە بۆ چاپکردنی کتێبەکانمان‌و گۆڤاری (ڕۆشنبیری) سەرمان لە چاپخانە نادەولەتی‌یەکانیش داو بەهۆیانەوە دەمانویست کارەکانمان ڕابەڕێنین .

بۆ لایەنی ڕاگرتنی ئاستێکی بەرزی ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری چاپەمەنی‌یەکانمان هەمیشە پەیوەندیمان بە نووسەرو ڕۆشنبیرانی کورد لە بەغداو لە کوردستان توندوتۆڵەو هەموودەم بانگیان دەکەین لە هاوکاریماندا بۆ خزمەتی ووشەی پاکی کوردی درێغی نەکەن ، ئەوان بەدەنگمانەوە بێن ئێمەش چی لە توانادابێ بۆ بڵاو کردنەوەی بەرهەمی بە نرخو قوولیان‌و ڕەز لێنانیان درێغی ناکەین . بۆ کتێب وەرگرتنیش تا لە سەر حیسابی دەزگاکەمان چاپبکرێن لیژنەیەکی پێشدەستی ڕێکخراوە کە یەکسەر لەو کتێبانە دەڕوانێت‌و لاوازەکانیان دەستنیشان دەکات‌و تەتەڵەیەك دەکات بەرلەوەی وەکو جاران بدرێن بە (شارەزایان)و ئەم لاو ئەو لایان پێبکرێت .

چیرۆکێکی تەسجیلی

مکرم رشید تائەبانی

خەڵکێکی زۆر بووین ، لە مانی لالۆ کەریم کۆ بووبوینەوە ، لالۆ ئەحمەدی خزمی میوانیان بوو ، ئێمەیش ڕۆیشتبووین هاڵو هەوالی ئەو خزمانەمان بزانین کە دراوسێی لالۆ ئەحمەدەن‌و پێکەوە لەیەك شاردا نیشتەجێن، دوای بەخێرهاتن‌و خۆشی‌و دشی‌و هەواڵپرسین، گفت‌وگۆیەکی زۆر هاتە ئاراوە ، باسی سەردەمی ڕابوردوو باڵی بەسەر گفت‌وگۆکاندا ڕاکێشابوو ، بۆیە ئێمەیش زۆرمان حەز لەو باسانە دەکرد ، بەوپەڕی ڕێزەوە گوێمان بۆ شل ڕادبوون .

لالۆ کەریم مژیکی لە جگەرەکەی داو دووکەڵێکی چڕ بەسەر سەرمانەوە توایەوە ، نۆرەی خۆی بە فیڕۆ نەداو دەستی پێکردو ووتی :-

لەو دێیە ڕاوەپۆڕ باوبوو ، بۆیە غەریب ئاغا دەست‌و پێوەندی خۆی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە ، هەر کەسەو سەرو تفەنگێکی تاپڕو دەمانچەی حەفت‌تیرو خەنجەرێکی بە شان‌و لاڕان‌و بەرۆکەوە بوو ، جگە لە تانجی‌و کوتەك .

لێرەدا مژیکی تری لە جگەرەکەی داو لەسەری ڕۆیشت :

هەرکە ڕاوەپۆڕ بووایە غەریب ئاغا مەفەری بە کەس نەدەدا ، هەموو خەڵکی گوندەکەی بۆ ڕاو دەبردو ، چەند پۆڕپشمیان ڕاو کردبایە ، ئاغا هەسووی لێزەوت دەکردن ، هیچ هەژارێکیش نەی‌دەویرا بڵێت لەل . کە پۆڕەکان بۆ مالی ئاغا دەبرانەوە ، جوان جوان سوور دەکرانەوەو،ئاغاودەست پێوەندەکەی وەکوو گورگی برسی دەکەوتنە وێزەیان .. .. پۆڕگرەکانیش لە مالەوە زەقەی چاویان دەهات‌و منداڵەکانیان هەناسەیان هەڵدەکێشا .

لالۆ کەریم دیسان ووتی : ئەو ساڵە من تازە بووبوومە مەلای دێیەکە ، مامان لە زنجیرکدا بوو ، خزمێکەمان بۆی بەخشیبووین .

لە ڕۆژێکی خۆشدا ، هەتاو هەموو لایەکی ڕووناك کردبووەوە ، بارەکی فێنك دەهات‌و دارو دەوەنەکانی دەلەرازەوە ، کوتوپڕ بۆ ڕاوەپۆڕ قڕ بە ئاوایدا کرا ، ئاغاو دەست‌و پێوەندەکەی‌و خەڵکی ئاوایی‌یەکە ڕوویان کردە چەم ، منیش تا ئێستا نەچووممەتە ڕاو ، ئەمە بەکەم جارە خۆم تاقی‌دەکەمەوە ، لەناو خەڵکەکەدا لاکەی سەرم دەهات .

کە گەیشتینە چەم ، تانجییەکانیان بەرداو ڕاوەپۆڕ دەستی پێ کرد ، بوو بە هەراو هوریاو بگرەو بەردە . ئەوەندەی پێنەچوو ووترا ها بیگرە هات ، سەیری سەرووی دەرختەکانم کرد پۆڕێکم دیت بەرەو من دەفڕی ، سووکو ئاسان هات‌و لەلای بنجێکی قامیشی نزیکی من‌دا نیشتەوەو خۆی حەشاردا ، منیش بە پسکە پسك ڕۆیشتم‌و بە ئاسانی توانیم بیگرم‌و بیخەیە تەنکەی باخەڵمەوە ، یەکێك لە ڕاوکەران لێم‌نزیك بووەو پێی‌ووتم خۆ پۆڕەکە لێرەدا نیشتەوە .. تۆ ئەتدی ، منیش ووتم دیم .. لێرەدا نیشتەوە بەڵام چی‌ی بەسەرهات ؟! ئەویش ووتی لەوانەیە خۆی دزیبێتەوە ، ئیتر کابرام لێدوورکەوتەوە ، هەناسەیەکی شادومانیم هەڵکێشاو دەستی ئۆخەیم بە سەر دڵم‌دا هێنا .

لێرەدا یەکێك لە منداڵەکان دەستی بە گریان کردو قسەی لالۆ کەریم بچڕێنرا ، لالۆ کەریم ئەمەی بە هەل زانی‌و مژیکی تری لە جگەرەکە دا ، منداڵ ژیرکرایەوە ، باس درێژەی کێشا :

نەختێك چوومە ئەو لا ترەوە ، ناو بنجە قامیش‌و تووترکەکان دەگەڕام، ئەوەندەم زانی دیسان ووترا .. ها .. بیگرە .. هات ، سەرنجم دا پۆڕێکی تر بە ئاسمانەوە بەرەو لای من دەفڕێت ، لەپڕ هات‌و لە نزیکەوە خۆی خیب‌کرد ، منیش تا بۆم کرا کوتەکێکم پێدا مالی ، بەڵام نەمبێکا ، هەر چۆنێك بوو کەوتمە دووی‌و ئەویشم گرت‌و خستمە نەنکەی باخەڵم هەروەش‌نەبوو بیسپە دارێك بە سکەم‌دا بچێت‌و گەدەو پڕخۆڵەم بکەوێتە ئەو ناوە . پیاوەکانی ئاغا سوارەبوون لەگەڵی ئاغادا چاویان لێبوو پۆڕەکەم خستە زانیم ئاغاو دەست‌و پێوەندەکەی چوار دەوریان دام‌و یەکێك لە پیاوەکانی ئاغا ووتی :

- کوا ئەو پۆڕەی گرتت ؟ دەری‌نەهێنیت پەپەتی‌ی دنیات بەسەر دەهێنین .

منیش لەبەر چاویان دەرمهێنان‌و هەردووکیانم سەربڕی‌و دبسان خستمنە باخەڵمەوە .

ئاغا کە ئەمەی دیت ، تووڕە بوو ، فەرمانی دا لێمی‌بستێنن، بەڵام من سوێندم خوارد نایێت‌و ناکرێت ، ئەو دوو پۆڕە بە کەس نادرێن ، چونکە کوڕەکەم سکی هاتووەو گۆشتی پۆڕی بۆ چاکە ، منیش بۆ ئەومن‌و کەس چاوی پێیان ناکەوێت . خۆم تووڕە کردو ڕووم لە ئاوایی کرد ، ئەوانیش وازیان لێهێنام ، کە گەیشتمە ماڵەوە ، کەپوانۆکەم زوو پاکی کردن‌و لێی‌نان‌و خەریك بوو سووری دەکردنەوە .

ئاغاو پیاوەکانیشی دوای من هەموو هاتبوونەوە ، هەموو پۆڕەکانیان کۆ کردبووەوە ، تەنانەت لالۆ فەرەج پۆڕێکی خواردبوو ، لە ترسان‌دا ووتبووی تانجی خواردوویەتی .

بۆ دواجار مژیکی لە جگەرەکە داو لەسەری ڕۆیشت :

پۆڕەکان لەناو تاوەی سوورکردنەوەدا بوون ، ئاغا پیاوێکی بەشوێن‌دا ناردم ، پێی‌ووتم :

- ئاغا ، پۆڕەکانی دەوێت ، لەبەر ئەوەی مەلا عەباس میوانیەتی بۆیە خۆی نەهات .

منیش پێم‌ڕاگەیاند : خۆم پۆڕەکانی بۆ دەهێنم . کابرا ڕۆیشت . زۆریشم پێ‌خۆش‌بوو مەلا عەباس میوانی ئاغایە .

پۆڕە سوورەوە کراوەکانمان لەسەر ئاگر داگرت‌و دانەگرت دیسان پیاوی ئاغا گەڕایەوە ، منیش پێم‌ووت : فەرموو ئەو ڕانە پۆڕە بەشی تۆیە ، کابرا تووڕەبوو، ووتی : تۆ گاڵتەمان پێدەکەیت . ئیتر لێی‌داو ڕۆیشت .

پاش ئەوەی هەردوو پۆڕ خوران ، خۆم ئامادە کردو چوروم بۆ ماڵو دیوەخانی ئاغا .

کە ڕۆیشتم ژوورەوە ، خەڵکێکی زۆری لێبوو ، ئاغا قاچ لەسەر قاچ پاڵی دابووەوە ، قاچی ڕادەوەشاند، سەڵوم کرد ، وەڵامیشیان نەدامەوە ، ڕاوەستام ، کەس نەی‌دەویرا پێم‌بڵێت فەرموو دانیشە . تا مەلا عەباس پێی‌ووتم : فەرموو دانیشە .

دانیشتم‌و دانەنیشتم ، لە جیاتی بەخێرهاتن ئاغا هەڵی‌دایەو ڕووی قسەی نێ‌کردم‌و ووتی :

- کەریم ، لە دێیەکەدا دوو ئاغا چۆن دەیان‌کرێت ؟

لە وەڵامدا ووتم :

- ئاغا مەبەستت ڕوونە ، بووەرە من ئاغا نیم ، بۆ مەسەلەی پۆڕەکانیش دەڵێم ، ئەو پۆڕەی ئێمە دەیانگرین ، وەك گۆشتی بەراز بۆ تۆ تۆ حەرامە ، چونکە ئەگەر من قیسپێك سکی دڕیم ، تەنیا پۆڕەکە بدەم‌و لە لاوە پۆڕەکە دەبێتە تۆڵە‌ی خوێنم ، من هیچ کاتێك ئامادە نیم ئەو پۆڕانە بە تۆ بدەم‌و لە لاوە منداڵەکانم بۆ گۆشتی پۆڕ هەناسە هەڵبکێشن .

ئاغاش ووتی : تۆبش وەکوو ئەم هەموو خەڵکە .

منیش ووتم : لە ژیانم‌دا ڕاست بوومەو ڕاست دەڕۆم ، بە لای شێردا دەدەم‌و لە هیچ ناترسم، ئەگەر تۆ پۆڕخۆریت، ئەم خەڵکە پۆڕ دەگرن ، پارە بدەو لێیان بکڕە ، نەك بە زۆر بکەویتە وێزەی ئەم بێدەسەڵاتانەو لێیان بستێنیت ، ئاخر خوا هەڵناگرێت.. ئەگەر شتێکیان لێهات .. ئەوا گوێشیان پێنادەیت‌و ئاشیان‌ناسیت ، خرێنیان بە فیڕۆ دەچێت .

لالۆ کەریم ووتی : ڕووی قسەم لە مەلا عەباس کردو ئەم پرسیارەم لە بەردەمیدا ووت‌کردەوە :

- مەلا ، تۆو خوا قسەکەم ڕاستە یان نا ؟

مەلابش بە بەڵگە ئەوەی چەسپاند کە گۆشتی ئەو پۆڕانە وەك گۆشتی بەراز حەرامەو نابێت ئاغا بە زۆر لێیان بستێنێت .

ئاغا کە ئەمەی بیست ، بێدەنگ بوو .. دامرکایەوەو مقی‌کرد ، بەڵام ئەمە بوو بە کینەیەك‌و لە دڵیدا هەر مایەوە .

کە زستان هات پێی‌ووتم :

- دێیەك‌و دوو ئاغایان چۆن ووتووە ؟!

منیش مەبەستی تێ‌گەیشتم لەو گوێندە گوێزامەوە گوندێکی دیکە ، لەوێ ژێنکم هەبوو ، لێرە کردم بە دوو !

ساڵ هات‌و ساڵ چووە ، دنیا گۆڕاو پاشەیەتی گۆڕاو گۆڕ بوو ، سەری ئاغاو دەرەبەگی تێدا چوو ، ئێمەیش لە دەستی زوڵم‌و ستەم ڕزگارمان بوو !

ساڵی ١٩٧٦ نووسراوەتەوە

Institut Kurde de Paris

هەڵسەنگاندنێکی نوێی گۆرانی و مۆسیقای کوردی

لە چاوپێکەوتنێکی هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغیدا دەربارەی هەڵسەنگاندنێکی نوێی گۆرانیو مۆسیقای کوردی ..... سەرەتا دەربارەی ئەو قۆناغانەی کە تا ئێستا ئەم بەرهەمە کوردییەی تیا تێپەڕیوە وتی دەتوانین ئەم جۆلانەوەی هونەریی لە ساڵانی ١٩٣٠ بە دواوە دەستنیشان بکەین ... چونکە لەو ساڵانەوە ئامێری مۆسیقا - جگە لە فۆلکلۆرییەکان - وردەوردە جێگای خۆی لە ئاوازی کوردیدا کردەوە ، ئەمەش بەتایبەتی دوای ئەوەی کە چەند مامۆستایەکو چەند هونەرمەندێک لە قوتابخانەکاندا خۆیان پێوە خەریك ئەکرد کە ئەمەبۆ خۆی هەنگاویك بوو ، بەڵام پێش ئەمە ئەو ئاوازی گۆرانیو مۆسیقایانەی لە کوردەواریدا هەبو زۆر بە شێوەیەکی ساکاری وەك خۆی پێشکەش ئەکران ، جگە لە چەند ئامێرێکی میللی ئەبێ وەك لوالكو دەهۆڵو زرنا کە لەو ئاوازانەدا دەوری هەبوە .

قۆناغی دوەم دەتوانین بەساڵانی ١٩٤٧ دەستنیشانی بکەین کە شانبەشانی چەند ئامێرێکی نوێی مۆسیقا بوە وەك کەمانو عودو کلارنێتو تۆکوردیۆن ... هتد ، کە شێوەی کارکردنیش لەگەڵ ئەم ئامێرانەدا شێوەیەکی ساکار بووەو لە سەر بنچینەیەکی زۆر زانستیانە نەبوە .. .. ئەمەش لەژێر دەستی هەندێ لاوی خوێن گەرمدا بوە کە هەمیشە هەوڵی پەرەپێدانی هونەری کوردیان داوە ..

هەروەها قۆناغی سێهەمیش لە ساڵانی ١٩٦٤ بەملاوە دەستی پێکردوە کە کۆمەڵێك لاوی تر بۆ هەمان مەبەست هاتنە کایەوەو شێوازی کاریان هەتا ئیستەش هەر بەردەوامەو رەنگی داوەتەوە، تەنانەت لە ناوچەکە خۆیشیدا پەلی هاوێشتوە بۆ ناوچەکانی تری ناو عێراق کە لەگەڵ ئەم کۆمەڵەدا بیر کردنەوەو ئامێری نوێو کادێری چاك هاتنە کایەوە کە بە چۆرێکی زانستانە کاریان لەگەڵ کەلەپوری مۆسیقای کوردیدا کردوەو هەوڵیان بۆ داوە .

ئاشکرایە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە سەر تێکڕای ژیانی سەر زەمینیدا هاتوە ژیانی کوردەواریشی گرتوەتەوە بەتایبەتی لایەنی هونەری مۆسیقا کە دەتوانم بێم هونەرمەندی (مۆسیقا) ئەمڕۆ بە چاو جارانەوە رۆشنبیرترو چاوکراوەترە بەتایبەتی هونەرمەندانی ئەمڕۆ لەپێناوی خزمەتکردنی میللەتەکەی خۆیاندا کارەکەی خۆیان زۆر بەلاوە پیرۆزەو بڕوایەکی گەورەیان پێیەی هەیەو رۆژبەرۆژ هەوڵی بەرەپێدانی زانیاریو رۆشنبیری خۆی ئەدات بۆ پێگەباندنی نەوەیەکی تر تاوەکو بە زیادەوە جێگای خۆی بگرێتەوە .

بەکورتی دەڵێم لەو قۆناغانەی کەتا ئێستا مۆسیقاو ئاوازی کوردی پیا تێپەڕیوە، ئەمڕۆ لە رابوردوی گەلێك گەشاوەترە لە روی هونەرییەوەو چ لەروی بیرکردنەوەوە ... ئەگەرچی هێشتا لە هەندێ کەموکوڕی بەدەرنییە کە ئەمەش رۆژان چارەسەری دەکات . . . . بەڵام ئەمانەش ئەوە ناگەیەنن کە لێرەدا بواری ئەوەمان پێبدەن کە بڵێین کاری هونەریمان تەواو رێك وپێکە ... نەء ... بەڵکو تەنها لە کوردەواریدا دەڵێین جۆلانەوەی مۆسیقا چەند هەنگاوێکی ناوەو بەرەو باشتریش دەروات بەمەرجێ زانیاریو رۆشنبیری پەیامی بڕوامان بێت بۆ سەرەتای هەر کارێکمان کە پێی هەڵدەستین .

باشان هونەرمەند کاك ئەنوەر قەرەداغی لەوەڵامی پرسیارێکی کەدا کەوتمان لە بواری زمانو دەبی کوردیدا هەوڵی ئەوە ئەدرێ کە بە زمانێکی یەکگرتوی ئەدەبی بنوسرێت ، ئایا سەبارەت بە گۆرانیو مۆسیقای کوردی ئەم هەوڵە دراوە ... و کامەیە ؟؟؟ دەڵێ :

لەراستیدا ئەم جۆرە کارانە هەتا ئێستا لە بواری مۆسیقای کوردیدا نەکراوە .... جا پێش ئەوەی ئەم هەنگاوە جێبەجێ بکرێت پێویستە بڵێین کە چی کراوە بۆ دەستنیشان کردنی روخسارو ناوەرۆکی مۆسیقای کوردی بەگشتی کە ئەمە لە خوێدا پێویستییەکی گەورەی بە لێکۆڵینەوەیەکی فراوانو زۆر فۆل هەیە لە بواری مۆسیقای کوردیدا .. .. چونکە بونی چەند دیالێکتێکی زمانی کوردیو ئەو شارستانیەتیەی کاری کردوەتە سەر کوردەواری شێوەی ژیانیان لە هەموو ناوچەکاندا ، وای لە ئاوازی کوردی کردوە کە هەر شێوەیەکیان لەوی کەیان جیاواز بێت .

هەروەها کاك ئەنوەر دەربارەی جیاوازی نێوان ئێستاو رابوردوو داهاتوی گۆرانیو مۆسیقای کوردی دەڵێ وەك لە پێشەوە دەست نیشانمان کرد گۆرانکاریەکی گەورە بەسەر زۆر چمکیو باوەجۆربەجۆرەکانی ژیانی کوردەواریدا هاتوە کە هونەریش لەم گۆرانکاریانە بێبەش نەبوە ... جا ئەگەر بێتو لەسەر هەمان شێوەو لەسەر بناغەیەکی زانستیانەتر هەنگاو بنێین ، ئەوا هیچ گومانی تیانییە کە هونەری مۆسیقامان پاشە رۆژێکی زۆر رونی ئەبێو جێگای خۆی لە نێوان موسیقای جیهانیدا دیار دەبێ ، جا لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم کە بڵێم دەست گرتنی - بەیماگەی هونەرە جوانەکان) لە پارێزگای سلێمانیدا هەنگاوێکی تر دەهاوێ بۆگەشە پێدانی هونەری کوردیمان ، هەروەها یارمەتیدانی هونەرمەندانو تیپو کۆمەڵە هونەرییەکان دەورێکی گەورەتر دەبینێ بۆ کردنەوەی دەروازەیەکی تر لە بواری مۆسیقای کوردیو هەمو بەشەکانی کەی هونەردا .

پاشان کاك ئەنوەر سەبارەت بە وەڵامی پرسیارێکی ترکە وتمان بەرای تۆ بەرهەمی ئێستای ئەم بوارە تا چ رادەیەك چوەتە نێو خەڵکی لادێ نشینەکانەوەو بۆچی وەرگرتنیان بەرادەی خەڵکی شار نییەو چارەسەری چۆن دەکرێ ؟؟ وتی وەڵامی ئەم پرسیارە لە دوو خاڵدا دەستنیشان دەکرێ :-

١ - هۆکانی راگەیاندن ، واتە لە رێگای رادیۆو تەلەفزیۆن تۆمارگەو ساز کردنی ئاهەنگی راستەوخۆ لە ناو لادێکانماندا .

٢ - جیاوازی پلەی رۆشنبیری نێوان خەڵکی لادێ نشینەکانمان لەلایەکو رادەی تێگەیشتنیان و لێکدانەوەیان بۆ ئاوازی نوێو تەنانەت کۆنیش کە کورو کچ بەشدار دەبێ کە بە هیچ کاتێ هەستم هەستێکی روکەش نەبوە پێش ئەوەی بۆ یەکەمجار بەرهەمێکم بڵاو بێتەوە... بەڵکو ئەو بەرهەمە لەگەڵیا تەواو قاڵ بووم ئینجا پێشکەشم کردوە ، بێگومان ئەو قاڵ بونەشم پلەی هەبوە لە ژیانما ... چونکە ئەو ئاوازەی کە چەند ساڵێك لەمەوبەر پێشکەشم کردوە ئێستا لەسەر هەمان بیر کردنەوە پێشکەش ناکرێ ، هەروەها ئەو ئاوازەی کە بۆ یەکەمجار بڵاو دەبێتەوە مەرج نییە کە بە یەکەم گوێ گرتن جێگای خۆی بکاتەوە چونکە پێویستی بەوە هەیە کە چەند جارێك گوێی لێبگیرێ بۆ ئەوەی بە باشی لە ناخی ئەو ئاوازە تێبگەیت جا لێرەدا بەکورتی دەڵێم گەر کاتێ بەرهەمێکی نوێ پێشکەشش دەکەم وا هەست دەکەم ئەو بەرهەمە نوێیە سەرەتایەکی نوێترە بۆ بەرهەمێکی نوێ تربنم ... لەبەر ئەوە هەمیشە بە روناك بینیەوە دەڕوانمە بەرهەمەکانم کە هەمیشە ئاواتم ئەوەبوە بتوانم خزمەتێکی راستەوخۆی میللەتەکەمی پێبکەم .**

فریا عبدالله حسین
نوسینگە سلێمانی

ئامۆژگارییەکانی مامۆستایانی هونەری جیهان بۆ هونەرمەندە لاوەکان

محمد عارف

لێونارۆدۆ داڤینشی

لێونارۆدۆ داڤینشی دەڵێ :-« پێویستە هونەرمەند ، بەشێوەیەکی ئەوتۆ ، چاوی خۆی پەروەردە بکات ، کە کە ئەندازەو ڕووخسارو کەراکتەری شتی بینراو (بە چاوی کڕیار) تەماشا بکاتو شێیان بکاتەوەو بتوانێ وەکو خۆیان ڕەسمیان بکات : جارێك لە ئەنجامی سەیر کردنی بەرامبەر واتە (بوون) دا ،وە جارێکی تر لە خەیاڵەوە، بە مەرجێك ، کە تابلۆکەی حاڵەتی یەکگم وەك تابلۆی حاڵەتی دووەم بێتو هیچ جیاوازییەکیان لە نێوانیدا نەبێ تا هونەرمەند ئەگاتە ئەمئەجامە هونەرییەبە سەختە ، ئەوە مانای ئەوە دەگەیێنی، کە خەیاڵی تەواو نیەو کەمووکوورتی هەیە ، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی مەشقی تازە هەیە .

لێرەدا پلەکانی هونەرییو زانستیی تەماشا کردنو تێگەیشتنو شێکردنەوە ، یەك دەگرنەوە ، واتە ، یەکەم : ئیمپرشنەکانی لە بوون وەرگیراو . دووەم : چەسپانیان لە هۆشمەندیو عەقڵدا (بە شێوەیەکی ئەبستراکت) .

سێیەم : بەرجەستە کردنو دەربڕینیان بە شێوەیەکی بینراوو بیستراو .

پێویستە هونەرمەندی لاو بەم سێ قۆناغەدا بڕوا کە دەتوانین ناوی لێبنێین :- (ڕێگای دیالەکتیکی بەرهەمی هونەریی .) .

یەکەم هەنگاوی گرنگی هونەرمەندی لاو لەوەوە دەست پێدەکا ، کە بزانێ چۆن تەماشای بوونو دەوروبەر بکات ، زانینو فێر بونی (سەیر کردن) مانای ئەوەیە کە ئەم هونەرمەندە ، دەستی بە لێکۆڵینەوەو شێکردنەوەی هونەرمەندانە کردووە .

قۆناغی دەربڕینی هونەرییو بەرجەستە کردنی ڕووخسار ، لە دوای قۆناغەکانی باسکراودا دەست پێدەکا .

لێرەدا پێویستە دەست بۆ ئەرکی سەختی هونەری نیگارکێشان درێژ بکەین ، کە بریتییە لە بەرجەستە کردنی شتی بینراو ، (کەسێ قوولایی) هەیە ، لەسەر ڕووێکی تەخت کە (تەنها دوو قوولایی) هەیە .

باشترین یارمەتیدەری هونەرمەندی لاو، بۆ چارەسەر کردنی کێشەی هونەریی ناوبراو، بەکار هێنانی (زانستی تەماشا کردنە) واتە (پەرسپەکتیف :

● لێکۆڵینەوەی دوورو درێژی هونەریی پشت بە مۆدێل بەستراوە ، بەردی بناغەی هونەری هەموو هونەرمەندێکە . هەر مەشقێکی هونەریی باسکراو ، پلەی هونەرییو ستاندارتی ڕاستەقینەی هونەرمەندی لاو بەرچاو دەخات .

● گۆی لە چ گۆرانییەکی کورد دەگری ؟

- بە زۆری گوێ لە دەنگە بەسۆزەکەی حسن زیرەك دەگرمو خۆ دەنگی محمدی ماملێش زۆر خۆشە .

● ئایاکە گۆرانی دەڵێی لاسایی کەس دەکەیتەوە؟

- نەخێر لاسایی هیچ گۆرانیبێژێك ناکەمەوە ، من دەنگی تایبەتی خۆمم هەیە .

● سوپاس ..

هەولێر

جلال سعید و... هونەرێکی میللی بەجۆش

● ئامادەکردنی ئەم ڕیپۆرتاجە لەیەکەم رۆژی پێشکەش کردنی بەرهەمەکانی تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێرەوە لەلام سەرەی هەڵدا ، کاتێك کە جەلال سعیدی هونەرمەند چوە سەرشانۆو بەدەنگە خۆشەکەیو لەگەڵ هونەرمەند قادر زیرەك چەند گۆرانییەکی فولکلوریان پێشکەش کرد ... داوییەیش ئەوە خۆی ئاهەنگێکی دەهۆڵبدانی ئەوتۆ بەجۆشی ساز کرد کە تا ئێستا لە میشکما دەزرنگێتەوە .

● کاکە جەلال خۆت پێشکەش بکە :

- جەلال سعید، لە بەهاری ٩٥٣ لە هەولێر لەدایك بووم

● لەکەیەوە دەستت بەگۆرانی گوتن کردوە ؟

- لە منالیمەوە .. حەزم لەگۆرانی گوتن کردوەو لەناو منداڵانی گەڕەکدا چەندین جار گۆرانیم گوتوە ، تاوەکو ساڵانی ٩٧٢ - ٩٧٣ خۆم بەهەندێ هونەرمەند ناساندو هاتمە کۆڕی هونەرەوە ، بە زۆریش حەزم لە گۆرانییە فولکلوریەکان دەکرد ، ئێستاش گۆرانیبێژی ئێستگەمو ئەندامیشم لە تیپی هەڵپەرکێی میللی هەولێر .

● چیت بۆ ئێستگەی رادیۆو تەلەفزیۆن تۆمار کردوە ؟

- تەنها سێ گۆرانیم لەو دەزگایەدا هەیەو هەرسێکیشی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کراون ، هەروەها (٣) سرودی بنشتمانیشم لە سەر جەنگی ئەمڕۆی ڕاوامان بە هونەری کوردی ڕەسەنمان بە گەلانی جیهان .

● ئایا بەرای تۆ هونەرمەندانی کورد توانیویانە جۆرە گونجانێکی پێشکەوتوانە لە نێوان گۆرانی کۆنو تازەدا (ئەگەر هەبێ) دروست بکەن ؟

- هونەرمەندی کورد ، ئەمڕۆ ، هیچ درێغیەکی لەم ڕووەوە نەکردوەو، توانیویەتی هونەری خۆی بە رێك وپێکی بگەیەنێتە جەماوەر ، بە شێوەی، ڕتووشکردنەوەی ئەو گۆرانییە فولکلۆریانە بە ئالەتی رۆژئاوایی لەگەڵ پەنجەی ئەو هونەرمەندە لاوانە تازە بێتەوە .

● ئایا بەرهەمی تازەت هەیە ؟

- بەڵێ ، پرۆژە لەسەر بەرهەمی تازە دەکەم ، حالیحازر خەریکم خۆم ئامادە دەکەم کە لەگەڵ تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێردا لە ٢-٣-٩٨١ بچمە ئەڵمانیاو فەرەنسا بۆ پێشکەش کردنی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان دژی ڕەگەزپەرستەکەی خومەینی گوتوە .

● چ جۆرە ئالەتێکی مۆسیقا بە باشی لێدەدەی ؟

- حەزم دەکرد هەموو ئالەتێکی مۆسیقا بە باشی لێبدەم ، بەڵام بەداخەوە ، تەنها (زەرب) بە باشی لێدەدەم کە ئەویش ئالەتێکی فۆلکلۆریە لەگەڵ (دەهۆل)ی شایی و هەڵپەرکێ .

- دەهۆلم زۆر خۆش دەوێ،تەنانەت دەڵێم نەورۆزو ، ڕەشبەلەکی نەورۆزیش بێ دەنگی دەهۆل ، شتێکی بێتامە ...

● ئایا بەرهەمی تازەت هەیە ؟

- بەڵێ ، پرۆژە لەسەر بەرهەمی تازە دەکەم ، حالیحازر خەریکم خۆم ئامادە دەکەم کە لەگەڵ تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێردا لە ٢-٣-٩٨١ بچمە ئەڵمانیاو فەرەنسا بۆ پێشکەش کردنی

فەرهەنگی هونەر / سەدەی وریابوونەوە

RENAISSANCE

مەبەس لە سەدەی وریا بوونەوە ، ئەو قۆناغە گرنگەیە لە مێژووی ئیتالیادا ، کە هونەرو وێژەو فەلسەفەو هونەری بینا کردنو ژیانی ئابووریو ئاستی ڕۆشنبیری ، لە سەدەی پازدەمینو شازدەمینی زایینیدا ، گەیشتبونە لووتکەیەکی هەرە بەرزی پێش کەوتن .

هونەرو ڕۆشنبیری گرێکیو ڕۆمانی ، دەستێکی باڵایان لەم سەدە زێڕینەی باسراوەدا هەبووە ، بنکەی فەلسەفەی ئەم سەدەیە ، لەسەر ئەوە دامەزراوە ، کە بەهۆی یارمەتی هونەرو وێژەو بەکارهێنانی ڕەوشتو خووی سرووشتی ، گەل پەروەردە دەکرێو هەستی مرۆڤایەتیو جوانییان دەگەشێنێتەوە .

نرخ پێدان بە مرۆڤو هێزەو توانای داهێنەرانەو بێسنووری ، بۆ پێش کەوتنو درووست کردنی ژیانێکی پڕ لە ئاشتیو کامەڕانی ، بەردی بناغەی فەلسەفەی ناوبراوی پێك هێناوەو ئەمەش نازناوی HUMNISM، واتە مرۆڤایەتی هەڵگرتووە .

بەرهەمە نەمرەکانی هونەرمەندانی بلیمەتان :- لێونارۆدۆ داڤینشیو مایکل ئەنجیلۆو ڕۆفائیلو تیتیان ... هتد ، لە جیهانی نیگارکێشانو پەیکەر تاشیدار ، و بەرهەمە نەمرەکانی دانتیو بوکاچۆو فازاری ، لە گۆڕەپانی وێژەو مێژوو نووسیدا ، باشترین نموونەی هەر بەرزی سەدەی وریا بوونەوەن .

« م . ع »

Institut kurde de Paris

بەرێوە بەری گشتی دامەزراوی رستن وچنینی خوری لە هەولێر

هەولێر دەبێتە مەڵبەندی پیشەسازی رستن وچنینی هەموو وڵات

● بە رووبەکی خۆش وزۆر بە گەرمەوە مامۆستا هشام مهدی داود بەرێوەبەری دامەزراوی رستن وچنینی خوری لە هەولێر پێشوازی لە پرسیارەکانی «هاوکاری» کردو ، لە دانیشتنێکی یەکسەعاتیدا بە دوروو درێژی باسی هەموو لایەنەکانی ئەم دامەزراوە گرنگەی بۆ کردین.

● مامۆستا هشام جەنگی بیرۆزی وڵاتەکەمان دژی تاقمە رەگەزپەرستەکەی خومەینی بوو بە هۆی زیاتر هاندانی خەڵکی وڵاتەکەمان بۆ کۆبوونەوە لە ژێر ئالای شۆڕشداو بەرپەرچدانەوەی دەسدرێژی حوکمڕانەکانی ئێران ... لەم دامەزراوەی ئێوەدا چۆن ئەم خۆ ئامادەکردنو کۆبوونەوەیە بەدی کرا ؟

× کرێکاران و فەرمانبەرانی ئەم دامەزراوە بە چەندین رێگا خۆ ئامادەکردنو هۆشیاری خۆیان بەرامبەر دەستدرێژی تاقمە رەگەزپەرستەکەی ئێران دەربڕیوە ، وەکو ئەوەی هەوڵێکی باشیان داوە بۆ پترکردنی بەرهەم ، تەنانەت دەتوانم بڵێم کە بەرهەمی ئێستامان دوو کات بەرهەمی پێش جەنگە ، ئەم راستیە بە تەواوی دەردەکەوێ کاتێ کە رێژەکانی بەرهەمی پێش جەنگ وپاش جەنگ دەخوێنینەوە ، شۆڕشمان سەربەرزە بەم میللەتە هۆشیارو لە خۆبوردوە ، گەلەکەمان لە کوردستان بە ئەوپەڕی دڵسۆزیەوە ئاواتەکانی شۆڕش جێبەجێ دەکاو بەبەلگە رای گەیاندوە کە دەتوانێ گەورەترین پلەی مەسئوولیەت هەڵگرێ .. .

رۆڵەکانی گەلەکەمان لە کوردستان دەوری باڵایان بینیوە لە پاراستنی دامەزراوە ئابوریو ستراتیژیەکانو هەوڵێکی گەورەیان داوە بۆ زیادکردنو چاک کردنی بەرهەم .

لێرەدا قسەکەی سەرۆکی پێشمەوا هەڤاڵ (صدام حسین) بەبیردا دێتەوە کەگوتی : ئەو عیراقیەی لە پێشدا یەك کیلۆی هەڵدەگرت ئێستا لە پێناوی سەرکەوتندا دە کیلوغرام هەڵدەگرێ . . . ئەم قسەی سەرۆکە لە کوردستان هاتە دیو بە تایبەتی لەم دامەزراوەدا . . کە دەتوانم بڵێم نموونەیەکی بچووکی کۆمەڵگای کوردستانە . .

کرێکاران و فەرمانبەرانی ئەم دامەزراوە ئەرکە نیشتمانیەکانی سەرشانیان بە گیانێکی وەفاداری بەرزەوە جێبەجێ دەکەن . . . هەر لێرەدا دوو بنکەی سوپای میلیمان هەبە هەموویان راوەستاون بۆ پێشێڵکردنی دامەزراوەکانن ، جگە لەمەش لەو نەخشەیەی کە بۆیان دانراوە ، لەوە گەلێ زیاترو چاکتر بەرهەمیان وەدێ هێناوە ..

ئەمە هەمووی شتی دڵخۆشکەرن کە گەلەکەمان بە کوردو عەرەبیەوە بەیەکریز ریز راوەستادن بۆ پێشێڵکردنی دەستدرێژی تاقمە رەگەزپەرستەکەی ئێران و پیلان و دەم درێژی جادووگەرەکانی قوم و تاران .

● **بەرای ئێوە رادەی بەرهەمی ئەمساڵتان بەرامبەر بەرهەمی ساڵی رابوردو چۆن دەبێ ؟**

– وەکو پێم گوتن ، ئێمە دڵنیاین لەوەی کە بەرهەمی ئەمساڵمان گەلێ زۆرترو چاکتر دەبێ لە ساڵی رابوردو وە بەرهەمەکانمان ئەوەندە چاکن کە هەموو هاوولاتیان بە دڵیان بوەوە و نایشارمەوە کە بار قازانجێکی باشمان کرد ، کە زیاتر بوو لەوەی بیرمان لێ کردبوەوە، با هەموو هاوولاتیەکانیش بزانن کە سەرکردایەتی شۆڕش بیری لەوە کردۆتەوە کە لەم شارە تازیزە بێتە مەڵبەندی پیشەسازی رستن و چنینی هەموو وڵات .

هەر وەها بۆ پاشە رۆژیش پرۆژەی گەورەمان بە دەستەوەیە و بڕیار وایە کە ئەم دامەزراوە بە شێوەیەك فراوانبکرێتەوە کە پێویستی بەرهەمی ئەمساڵتان بەرامبەر هەموو بازاڕی وڵاتەکەمان داپۆشێ .

هەر وەها پێم خۆشە کە پێتانی رابگەیەنم کە دامەزراوەکەمان بە چاکترین و پێشکەوتووترین دامەزراو دەرچوو بە سەر هەموو دامەزراوە کانی رستن و چنین لە وڵاتداو هەڤال طاهر توفیق وەزیری پیشەسازی وکانەکان ناداشتی بەکەمی پێشکەشی کردین .

● **مامۆستا ... هەر وتەیەکی ترتان ئەگەر هەیە...**

– بە ناوی خێزانی رستن و چنینەوە لە هەولێر پەیمان بۆ سەرۆکی تێکۆشەرمان صدام حسین دووپات دەکەینەوە ، کە هەمیشە سەربازی دڵسۆزی شۆڕش بین و ، بە هەموو جۆرێ بە خۆشەویستو هیوادارم هەمیشە لە پێشکەوتندا بێ بۆ خزمەت کردنی بزوتنەوەی رۆشنبیری لە کوردستاندا .

عبد الوهاب تاڵەبانی

نووسینگەی هەولێر

کرێکارانی دامەزراوەکەمان لەرەوەکوو لەموو خەڵکی کوردستان سەربازی دڵسۆزی شۆڕشن

لە یادی یادی سلێمانی

ژووری بازرگانی و کاری دلسۆزانە بۆ رابین کردنی پێویستیەکانی جەماوەر لە بازاڕدا

● **لەگەڵ گەشەکردنو پێش کەوتنی باری ئابوری و ژیانی گۆمەڵگای ئەمرۆماندا گۆڕانی ژیان بەرەو خۆشی گوزەران ترو ئاسودەتر جموجوڵو چالاکی کرینو فرۆشتنو بازرگانیو مامەڵەکردنی هەموو پێویستیەکانی ژیانی ئەمرۆ گەشەی سەندوەو بەشێکی زۆری جەماوەری گەل پێوەی خەریکەو ژیانیان لەسەر وەستاوەو وەکو شێوەیەکی دیار بازرگانیو مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیاو لایەنە رەسمیەکاندا پەرەی سەندوەو ئەم جۆرە چالاکیو جموجوڵانەش پێویستی بەسەر پەرشتیو رێك خستنو گەلێ کاروباری تر هەیە کە بەو مەبەستەو گەلێ مەبەستی تریش ژووری بازرگانی دامەزراوە بۆ ئەوەی لێ پرسراوی ئەو مەسەلانە بێت بە تایبەتی پەیوەندی نێوان جەماوەرو بازرگانەکانو کۆمپانیاو شوینەکانی تر کە بەزۆری هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا ئەکرێت . لە شاری سلیمانیشدا ژوری بازرگانی هەیەو گەلێ چالاکی جموجوڵی چاکیان هەیە بۆ رێك خستنی ئەو کاروبارانەو بۆ زیاتررووون کردنەوەی ئیشوکاریانو چۆنیەتی جالاکیەکاتیان سەرمان لە بارەگاکەیان داو هەندێ لە لێ پرسراوانیانمان بینیو گفتوگۆمان لە گەڵداکردنو وا لێرەدا بڵاوێ ئەکەینەوە .**

● **سەرەتا کاك ناجی عزت محمد صالح سەرۆکی ژووری بازرگانی سلێمانی دەربارەی گرنگترین ئیشوکاریان وتی :-**

× ژووری بازرگانی بە شێوەیەکی گشتی گەلێ ئیشوکارو چالاکیو جموجوڵی هەیە کە هەموو لە خزمەتی جەماوەرو گەلدایەو گرنگترینیان ئەمانەن .

وەرگرتنی ئەندامی ژووری بازرگانیو دروست کردنو رێك خستنی هەویەی ژوور بۆ بۆ هەموو ئەندامەکانو دەستنیشان کردنی کارە بازرگانیەکانیان .

لە لێژنەکانی دانانی نرخو مزایەدەی ئاشکراو وەکالەتی کۆمپانیاکانو گەلێ لێژنەی بازرگانیو ئابوری تردا هاوبەشی ئەکەینو نوێنەرمان ئەبێتە ئەندامی ئەو لێژنانە .

پەیوەندیەکی پتەو گەرمان هەیە لەگەڵ کۆمپانیاکانداو بە هەردوولا هەرچی کەمو کوری ئابوری هەبێ چارەسەری ئەکەینو ئایان هێڵین .

ژووری بازرگانی دەورێکی باڵای هەیە لە سەرپەرشتی کردنی مامەڵەو ئیشوکاری بازرگانی بەشی تایبەتیدا واتە (تجاره القطاع الخاص) کە ئەمە لابەنێکی گرنگی بازرگانی ئەمرۆیە .

● **کاك طە احمد طە بەرێوەبەری ژووری بازرگانی سلیمانی باسی هەندێ دەسکەوتی کردو وتی :-**

× زۆر دەمێکە ژووری بازرگانی بە هیوایە کە (یاسای تقاعدی بازرگانەکان) بەدەست بهێنیو بیکاتە دیاری بۆیانو بەردەوام هەر لە هەوڵدایە . بەزۆری بازرگانەکان هان ئەدەین بۆ کردنەوەی پرۆژەی پیشەسازی .

● **کاك طە ئەی ئێوە چیتان هەیە بە برا بازرگانەکانی بڵێن ؟**

× مەبەستی سەرەکی ئێمە سودی گشتیە تەنها ئەڵێم ئەرکی سەرشانی هەموو برایەکی بازرگانەکە لە بازاری ردش و یاری کردن بەنرخی کە لوپەڵو شاردنەوەی دوور بنەونەوەو ئاگایان لە جەماوەر بێت کە پێویستیەکانیان لێ گران نەکەنو هەموو هەوڵ بدەن بازاڕێکی خۆمالی وڵاتەکانی « نیوجرس »و لە بکەن بۆ ئەوەی هەموو لایەك ئاسودەو کامەرانو خۆش گوزەران بژین .

● **کاك محمد جزا حسین لێ پرسراوی بەشی نرخو لێکۆڵینەوە لە ژووری بازرگانی سلیمانیدا دەستی کرد بە قسەکردنو دەربارەی ئیشوکاری خۆیان لە بەشەکەدا وتی :-**

× لە کارەسەرەکی یەکانی بەشی نرخو لێکۆڵینەوە سەرپەرشتیو زانینی تیروگرتنەکانی ئەندامانی ژوورە بۆ ئەوەی بە هەردوو لا ئێمەو ئەوان چارەسەری بە کەڵکیان بۆ دابنێینو هەر لە سەرداوای خۆیان تاکو ئێستا توانیومانە کەرستەیان بۆ زیاد بکەینو هەوڵی یەکسانی دابەشکردنی موادیان بۆ بدەینو ئەوەشمان لا بردوە کەلوپەڵو پێویستی لە نروشتنداو لە کرینداب بان یەکەوە بەبەسترێو یان بە زۆر بدرێت بەسەر بازرگانەکاندا و وەکو کاك طەش باسی کرد یانەشمان کردۆتەوەو ئەوە ماوەی سێ ساڵە باشترین یانەیەو ناوبانگی چاکی خۆی پاراستووە .

پ. هاوکاری لە سلیمانی

پوختەی لێکۆڵینەوەیەك

دەربارەی کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی و کتێبخانەکانی تر لە وڵات وجیهاندا

ئەگەر چاوێکی سەرپێی جیهانیدا بگێڕین دەبینین ئەسکندەریەیە کە دەگەڕێتەوە خاوەن شکۆی خێزانی بطلیموس سوتر کە لە دەورو مردوە ، داینراوە ، بەڵام جێ بەجێکردنی ئەو ئەخشەیەش بۆ کورەکەی کە ناوی بطلیموس فیلادلفوس بوە دەگەڕێتەوە ... کە وا دەردەکەوێ ئەو خاوەن شکۆانە پارەیەکی چاکیان بۆ ئەم لایەنە تەرخان کردبێ تەنانەت لێیان دەگێڕنەوەکە بۆ دابین کردنی ئەم مەبەستە باجیان لە هەموو ئەو پاپۆڕانە سەندوە کە هاتونەتە یەندەری ئەسکندەریەوە . . ئەمانەش کتێبخانەکەیان بریتی بوە لە دروبەش بەشە گەورەکەیان لە کۆشکی خاوەن شکۆ بوە (بروکیومە)و ئەوی کە شیان لە پەرستگای (سیرابیس) بوە، بەڵام دوای ئەوەی قیصر لە ساڵی ٤٧ پێش زایندا بەلاماری بەشە گەورە کەیانی داوەو وێرانی کردوە ، ئیتر ئەوی تریان بوە بە مەڵبەندو سەرچاوەی کتێبەکانی تر .

بە هێزوی کتێبخانەکانی ئرنگترینیان کتێبخانەی بۆ ئەو نەخشەیەی کە یەکەم خەلیفەکانی ئەسکندەریە بەری ساڵی ٢٨٣ پێش زایندا

لەم روەشەوە لەم کتێبخانەوە نزیك بێت کتێبخانەکەی ئاشور بانیبال بوە کە لە نیوەی سەدەی رابوردودا لە ئەنجامی کاری پشکنیندا لە شاری نینوی دوزراوەتەوە جا بۆ ئەوەی ئەوە زیاتر لە مەبەستی خۆمان دورنەکەوینەوە لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی کە ئێستا پێی دەوترێ مەڵبەندی ئەماتەتی گشتی کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی کە لەگەڵ شۆڕشی ١٧ی تەمموزدا ساڵی ١٩٦٨ لەگەڵ کردەوەی زانکۆی سلێمانیدا ، دامەزراوەکە هەر لە سەرەتاوە دەستی بارمەتیو چاودیری بۆ درێژکراوەو ئێستاش دوو بینای کەورەی بۆ تەرخان کراوە

شایانی باسە ئێستا لەم کتێبخانەیەدا زیاتر لە ١٢٠ هەزار کتێب بە زمانی کوردیو عەرەبیو بێگانە هەیە لەگەڵ ٨٤٤ بابەتی زانستیو رۆشنبیری جگە لە (١٠٠و ٢) دوو هەزارو سەد بڕوا نامەونامەی تری زانستی لەگەڵ (٥٠٣) دەستنوسی ناباب دا سەبارەی ژمارەیەکی زۆری تر لە نەخشەو ئەتلەس و شریتی زانستی تۆمار کراوو فلیمو مایکرۆفلیم کە تا ئێستا ژمارەیان نزیکەی ٤٠٠ فلیم دەبێ و تا ئێستاش کتێبو سەرچاوەو بابەتی گەلالەکردنو زۆر کردنی ئایینیو زانیاریو کۆمەڵایەتیو زانستی تر کە تیکڕا ئەوا نەی تیا هەن دەکرێن بە (٣) سێ بەشەوە کە بریتین لە کۆمەڵێ کتێبی کوردیو عەرەبیو بێگانە کە بۆ هەر بەکەیان جێگایەکی تایبەتیان بۆ تەرخان کراوە کەهەر سێکیشیان بە پێی نەخشەی ریك خستنی (دیوی) ئامادە کراوەو بۆ هەر کۆمەڵێکیشیان ناوەرۆکی بۆ کراوە هەر بەکەیان بریتیە لە ناوەرۆکی دانەرو ناونیشانو بابەت .

شایانی باسە لەم کتێبخانەیەدا ژمارەیەکی بەهاداری دەستنوس هەبە کە لە زۆر سەرچاوەوە پەیدا کراوە ، بەڵام سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەستنوسانەی کە بەڕێز قادر ئاغای حاجی مەلا سعید بە دیاری پێشکەشی کردون کە تا ئێستا تێکڕای ژمارەیان دەگاتە ٤٧٢ دانە .

هەر وەها لە بەشی کوردیەکەی ئەم کتێبخانەیەدا زمارەیەکی زۆر لە کتێبو دەستنوسو سەرچاوەی تر هەن کە بریتین لە ٤٨٦٢ کتێبی جۆر بەجۆر کە نزیکەی ١٢٠٠ باسو ناونیشانیان تیادا هەیە لەوانەش فەلسەفەو ئایینی وزانیاری کۆمەڵایەتیو رومانەوانیو بابەتی هونەریو نەدەبیو مێژووی ... هتد .

جا ئەگەر لێرەدا ئاورێکی لە کتێبخانەکانی زانکۆکانی وڵاتمان بدەینەوە دەبینین کە دەوری ئەم کتێبخانانە لە دەوری دامو دەزگاکانی تر کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێ ، چونکە لە کاتێکا مامۆستای زانکۆکان لە لایەکەوە خەریکی بڵاوکردنەوەی زانستیو زانیاریەو فوتابیانیش لە لایەکی ترەوە خەریکی کۆکردنەوەیین دەبینین کتێبخانەکان پاڵپشتێکی گەورەی هەردوکیانە بو پەیدا کردنی دەستێك چەك هەڵدەگرینو بە دەستەکەی تر بەرهەم زیاد دەکەین .

هەر وەها بە ناوی کرێکاران و فەرمانبەرانی ئەم دامەزراوەوە سڵاوو پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی پێشمەوای کوردو عەرەب هەڤاڵ صدام حسین دەکەم بە بۆنەی سەرکەوتنە گەورەکانی سوپای دلێرمانەوە بە سەر فارسە رەگەزپەرستەکاندا ...

گەرمترین سڵاویشم بۆ « هاوکاری » خۆشەویستو هیوادارم هەمیشە لە پێشکەوتندا بێ بۆ خزمەت کردنی بزوتنەوەی رۆشنبیری لە کوردستاندا .

عبد الوهاب تاڵەبانی

نووسینگەی هەولێر

ژووری بازرگانی سلێمانی

تێبینی بۆ ئەم ریپۆرتاجە کەڵکم لەم سەرچاوانە وەرگرتوە .

١ – تاریخ المکتبات تالیف الفرد هیسیل .

٢ – مخطوطات /اسامه ناصر النقشبندی .

٣ – دراسه مسحیه للمکتبات الجامعیه فی العراق.

٤ – وقائع وبحوث المؤتمر المکتبی الرابع .

٥ – دلیل المکتبه المرکزیه والطالب الجدید ومجله ونشره زانکو .

٦ – هەر وەها بەرێز دکتۆر محمد فاضل قفتانو بەرێز ولیم بخیت نسیم یارمەتیان داوم .

ف . ع . Z نوسینگەی سلێمانی

سەرچاوەی جۆر بە جۆر بۆیان ، چونکە ئەم کتێبخانانە توانایەکی زانستی گەورەیان هەیە لەم روەوە کە تاڕادەیەك دەتوانێ سێ بەشی ئەو دەورە لە سەرکەوتنو سەرنەکەوتنی ڕاسەتێك یان بڕوا نامەیەکدا ببینێ کە قوتابیەك یان کەسێکی تر پێی هەڵدەستێت .. ... چا لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنج راکێشان بێت ئەوەیە کە تەنگو چەڵەمەی پەیدا کردنی زانیاری بە شێوەیەکی سەرەکی دێتە پێشەوە چونکە ئاشکرایە رۆژ بە رۆژ زانیاری مرۆڤایەتی گەلالە دەکرێو شێوەی هەڵگرتنیان لە کتێبخانەکاندا وای لێهاتوە بوەتە کارێکی گران بۆئەو کەسەی کە تەنانەت لە بواری پسبۆڕایەتی خۆیدا دەیەوێ باسێك بپشکەش بکات ، چونکە بۆی ناکرێ شوێنی هەمو ئەوە سەرچاوانە بکەوێ کە دەربارەی بابەتەکەی ئەون ، لەبەر ئەوە لە زۆر کتێبخانەکانی جیهانیدا چەندەها لێکۆڵینەوەو تاقی کردنەوە کراوە بۆ چارە سەرکردنی ئەم دیاردەیە بۆ دوپاتی ئەمەش بە پێی سەرژمێریەکی جیهانی کە بۆ ئەم مەبەستە کراوە کە دەلێ لە یەك ساڵدا (١٥ تا ٢٠)- ملیۆن لاپەرەی چاپ کراو لە جیهاندا دەردە چێت ئەم راستیە ئاشکرا دەکات ، هەر وەها پسپۆڕانی ئەم بوارە دەستنیشانی ئەوەشیان کردوە کە ئەم ژمارەیە هەر دە (١٠) ساڵ جارێك دوو ئەوندەی لێ دێت ... جا بۆ ئەوەی خوێنەرزۆر توشی چەرمە سەری نەبێت و کەڵك لە کاتی خۆی وەربگرێ ، شارەزایانی کتێبخانەکان ناچار بوون کە چەندەها رێگەو هۆو داهینانی نوێ بدۆزنەوە بۆ ئاسان کردنی دیاردەی ناو براو لەوانە ئامادە کردنی ناوەرۆکو دابەش کردنو پوختەکردن ..... هتد ، کە ئەمەش ماوەیەکی زۆر هەر وامایەوە هەتا چەند پەرەپێدانێکیان بە سەردا هێنا لەوانە بەکار هێنانی کۆمبیوتر کە بۆ یەکەم جار کتێبخانەی (تکساس) لە ساڵی ١٩٣٦ دا بە کاری هیناوە ، دوای نەویش لە ساڵی ١٩٤٢دا دامەزراوو بەك نرخ دروست ساڵی ١٩٥٠ دا کتێبخانەی (کونفرس) بە کاریان هیناوە .. .. دوای ئەمەش چەندەها پرۆژەی گەورە تری ئەم بوارە جێبەجێ کراوە گرنگترینیان پرۆژەی (مارك) لە ساڵی ١٩٦٥دا کە بە گەورەترین هەنگاوی بەرەو بێشەچونی کتێبخانەکان دەژمێردرێت .

Institut kurde de Paris

نوێ ترین جۆری شانۆی جیهان

شەپۆلی تازەو تاقی‌کردنەوەی پێشڕەوانە لە ئەدەب‌و هونەردا بە پێی کات‌و سەردەم‌هەر چارە لە قورنەیەکی ئەم جیهانە سەر هەڵ دەدات ،ئەم چارە ئەمریکای لاتین دەستپێشکەریی خۆی لەمەیدانی شانۆدا نووانـدووە ، ئەمەش لەسەر دەستی« ئۆگستوبوئال »ی هونەرمەندی بەرازیلی بووە ،کە نوێ‌ترین جۆری شانۆی جیهانی پێشکەش کردووە،بابزانین ئەم هونەرمەندە بەناوبانگە چی بەرهەم‌هێناوەو هەنگاوی نوێ‌کردنەوەی تا کوێیە ؟

« ئۆگستو بوئال » و شانۆی چەوساوە

● بوئال ساڵی ١٩٦٨ لە بەرازیل تیپێکی شانۆیی پێکەوەنا ، چەند شانۆییەکی مبللی لە جادەو نەقابەو مێرگ‌و کڵیسەکاندا پێشاندا ، لەم ساڵەدا کودەتای سوپایی فاشستی دووەم ڕووبدا .. تیپەکە ناچار بوو کە شانۆییەکی وەها دروست بکات لەگەڵ رژیمی چاولێوەبوونی - پۆلیس‌و توانای پیشاندان لە هەموو جێگایەکدا بگونجێت . ئەوە بوو - شانۆی رۆژنامەی زیندوو - هاتە کایەوە . بەڵام رژێمی فاشستی کە زانی شانۆکە بریتی‌یە لە تیپەشانۆیەکی بچووك لە هەر کۆمەڵ‌بەستنێکدا پێك دەهێنرێت‌و لە جفزی شانۆدا رژێمەکە ربسوادەکات ڕێگەی کارکردنیانی بەست . کوێش ساڵی ١٩٧١ بۆ نێچکاری بەرازیلی بەجێ هێشت ، بە شارانی ئەمریکای لاتیندا گەڕاو - شانۆی چەوساوەی خۆی پێشکەش کرد ، باشترین شێوەیەکی ئەم شانۆیەی گەشەپێداو ناوی نرا «شانۆی نادیار »..

بوئال چوو بۆ پورتەغال پاشان لە فەرەنسە جێگیر بوو ، سەری لە ئیتالیا ، بەلچیك ، ئەڵمانیا ،دانیمەرك‌و سویدداو شانۆییەکەی خۆی بە خەڵك ناسی‌و لابەنگرانی لێ‌کۆبووەوەو ناوبانگی دەنگی‌دایەوە . لەم دوایی‌یەدا مەلبەندێکی دامەزراندووە بە ناوی مەلبەندی خوێندن‌و بڵاوکردنەوەی تەکنیکی زیندووی دەربڕین، کە لەناو داروودەستەی شانۆکاراندا بە تەکنیکەکانی **بوئال** - دەناسرێت .

فەلسەفەی شانۆکەی

بوئال - دەناسرێت . دەڵێ:-تاکە خەمم‌ئەوەیە بیری لەتوانابوون‌و پێویستی تەعبیرکردنی تەماشاکەر بچەسپێت. هەر تەماشاکەرێك دەتوانێ ببێتە نوێنەر ، ئەمەش ئێجگارگرنگە . کە باس لە تەماشاکەر دەکەم وەنەبێ هەر مەبەستم تەماشاکەری شانۆیی بێت بە تەنیا بەڵکو تەماشاکەری ڕووداوی ڕۆژانەش کە بەبەر دەمیدا تێدەپەڕن بێ‌ئەوەی بەشداری‌یەکی بەکاریان تێدا بکات . خۆ لە ژیانی ڕۆژنەدا وا لە خەڵکەکە کراوە کە هەر بە تەماشاکەری بەڕێوەبچن .. ئەوەتا لە نێوان

دەقی تەواوی ووتە بەنرخەکەی بەڕێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین

گەلی عیراق مەودای لە شکرکێشی و پاڵپشت و ئەو سەرچاوە یەیە کە کۆتایی نایەت بۆ ئەوەی جەنگاوەرانی بەجەرگ بەبەرەکانی جەنگ ببەخشێت

ئابەم جۆرە گەلی عیراق بۆ دەستدرێژی‌کەرە ستەمکارەکان چەسپاندی کە لە توانایدایە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەربکەوێتو سەرکەوتنیش بپارێزێت .. فارسی دوژمن دەڵێت لەوانەیە عیراقی‌یەکان ماندوو بن .. پێشیان ووت پێش ئەوەی خۆی بڵێت .. پێیان‌ووت .. عیراقی‌یەکان لە دووەمین حەفتەی جەنگدا ماندوو دەبن .. پاشان هیوایان خستە بەر .. کە عیراقی‌یەکان لە دووەمین مانگدا ماندوو دەبن .. پاشان لەگەڵیدا دەستیان بە ژماردنی وەرزەکان کرد .. پێیان ووت عیراقی‌یەکان تەنیا لە پاییزدا دەجەنگێنو .. لە زستاندا نازانن بجەنگێن پاشان ئێستا بە هێرشی بەهار هیواداری دەکەن ..

هاوڕێیان .. بەناوی هەموو ئێوەوەو بە یارمەتی‌ی خودا بۆی دەچەسپێنین بەهار هی ئێمەیە وەك چۆن زستان هی ئێمە بوو هەروەك چۆن پاییزیش هی ئێمە بوو هاوینیش هەر وا دەبێت دیسان .. بە تواناو بە ئازایەتیو بە باوەڕتان بۆی دەچەسپێنن کە توانای ئەو دەست وەشاندنەتان هەیە کە لە زستانو لە بەهاردا شایانیەتی لێی بوەشێنن وەك چۆن لە پاییزدا لێتان وەشاند .. ئێوە بۆ بەرەکانی جەنگ دەڕۆن لە کاتێکدا ئێوەی سوپای میللیی کە لە هەموو نەریتەکانی جیهاندا بەوە ناسراوە کە تەنیا لە نێو خاکی نیشتمان لە ناو سنووردا دەجەنگێت ئێوە یاسایەکی نوێتان بۆ سوپا میللی‌یەکان داهێنا .. یاسایەکی نوێتان داهێنا کەس لە داهێنانیدا پێشتان نەکەوتووە باوباپیرانتان نەبێت .. لە سەرەتای پەیامی موسوڵمانێتی‌دا ئەو جەنگاوەرانەی کە لە یەکەمین قادسیەدا لە سەر خاکی عیراقدا جەنگان لە قوتابخانەو لە کۆڵێجی سوپایی‌یەوە دەرنە چووبوون .. چەکی بنەڕەتییان باوەڕ بوونیان بوو بە مەسەلەکەی خۆیان ئابەو چەشنە مێژوو بۆ یەکەمین ئەلقەکانی دەگێڕنەوە لە گیانو لەبەر دەوام بوونیو گەشی‌یدا سەر لە نوێ دووپاتی دەکەنەوە کە گەل هەمووی قووڵی‌ی لەشکرکێشی‌و ئەو پاڵپشتو ئەو سەرچاوەیەیە کە کۆتایی نایەت بۆ ئەوەی جەنگاوەرانی ئازا بە بەرەکانی جەنگ ببەخشێت .. هەر ئەو پاڵپشتەو ئەو سەرچاوەیەیە کە هەموو پێداویستی‌یەکانی هێزو یارمەتیدان بە سوپای دلێرمان دەبەخشێت لە پێناوی پاراستنی گیانی سەرکەوتنو بەردەوام بوونیدا ..

ئابەم جۆرە باش هەزارو چوارسەد سال هەمان یاسا دووبارە دەکەنەوە .. باوەڕ بوون بناغەیە ئابەم چەشنە عیراقی‌یەکان باوەڕیان هێنا .. باوەڕیان بە شۆڕشەکەیان هێنا .. باوەڕیان بە بیرو باوەڕەکانی شۆڕشەکەیان هێنا .. باوەڕیان بەوە هێنا کە ئەو هەتاوەی هەڵهاتووە پێویستە لە گەشی‌یدا بەردەوام بێتو باوەڕیان بەوە هێنا کە تاریکایی کۆتایی هاتو سەربەستی لە فراوانترین دەرگاکانیەوە دەستی پێکردو سەربەرزیو شکۆمەندی‌و نیشتمانپەروەرێتی‌و دەستەڵات دەبێت وەکوو نەریتی بنەڕەتی لە ژیانی گەلی عیراقدا بپارێزرێن .. ئابەم چەشنە پیاوە بە جەرگەکان گیانی خۆیان لە پێناوی گیانێکی باش تردا بەخت دەکەن .. گیانی شەهیدان ئەی برایان وون نەبووە بەلکوو لە جێگەیەکی تردا ڕوێنراوەو بۆنوبەرامەی لە ئاسمانی عیراقدا دەمێنێتەوە .. بەلکوو لە ئاسمانی نەتەوەی عەرەبدا لە پێناوی ئەم نەریتانەدا .. هەروەها لە پێناوی ئەوەی نەتەوەی عەرەب بە سەربەرزێتی بمێنێتەوەو .. بە هێزو بە کەرامەت بێتو لە پێناوی ئەوەی عیراقی سەرفرازی مەزن بە سەربەرزی‌و دەستەڵاتو بە نیشتمانپەروەرێتی‌ی پتەو بێتو مندالانی عیراق بە شادومانی بمێننەوە لەوانەی سوودیان لێ دەبینن‌و بۆ ئەوەی ئافرەتانی عیراق بە سەربەستی بمێنینەوەو نەوەی سەربەستیان بێتو لە سەربەستی‌دا بژین ...

برایان باوباپیرانتان لەمەو پێش لە یەکەمین قادسیەدا بەم چەشنە بوونو ئێوەیش ئەمڕۆ سەر لەنوێ بە هەمان گیانەوە مێژوو دووبارە دەکەنەوە ئەگەرچی هەزارو چوارسەد ساڵ کەوتووەتە نێوان هەردوو بەروارەکەوە .

بالەو خێزانانە بپرسین کە هاتوون بەڕێتان بکەن ئایا تێیان‌داهەیە بەوە قایل بێت کوڕەکەی بە زیندوویی‌و سەرشۆڕی بگەڕێتەوەو .. ئایا ئەم وای لا چاك ترە بە شەهیدی بۆی بگەڕێتەوە .. ئەم قسەیە ئاراستەی خێزانەکان دەکەم .

براینە کەواتە بەم جۆرە .. ئەی برایانی جەنگاوەر کەواتە بەم جۆرە .. خومەینی دەڵێت .. حەیدەری کەرار باپیرەی منەو باپیرەی عیراقی‌یەکان نی‌یەو .. باپیرەی صدام حسین نی‌یە پاش هەزارو چوارسەد ساڵ براینە پاش هەزارو چوارسەد ساڵ ئەو پیاوانەمان لە یادن کە بە سەربەرزی‌یەوە بۆ بەرگری کردن لە نەریتەکانی پەیام جەنگان چونکە بە بڕواو بە سەربەرزی‌و بە ئازایانە جەنگان .. ئابەم چەشنە من بۆ ئومانم بە یارمەتی‌ی خودا مێژوو پاش هەزارو چوارسەد ساڵ پاش ئێستا یادتان دەکاتەوە .. یادتان دەکاتەوە چونکە پیاوی بیرو باوەڕو پیاوی نەرتینو چونکە ئازاو بەجەرگ‌و پاڵەوانن لە ناو هێزە چەکدارەکان‌و لە ناو گەڵدا .. بەڕاستی جەنگان .. بە هەموو ئەوەی نەریتە دلێرو بەرزەکانی گیانی خۆبەخت کردن شایانیەتی .. بەڕاستی جەنگان بە هەموو ئەوەی بیرو باوەڕەکان شایانین .. باوەڕیش ناکەم بیرو باوەڕەکانیش شەیدای لە ئێوە جاکتر بن‌و لە ئێوە چاك تریان بوێت .. ئێوە سەرکردەیەك بوون شایانی سەرکردایەتی کردن بن .. بۆ بیرو باوەڕە مەزنەکان‌و .. ئێوە ڕۆڵەی سەرفرازن بۆ گەلی مەزن‌و بیرو باوەڕە مەزنەکان‌و .. ئێوە ڕۆڵەی دڵسۆزو پەیام هەڵگرو پارێزەری مێژوو بوون لە گیانی‌دا بۆ نەتەوەی نەبەردی عەرەب کەواتە خوا پشتیوانتان بێتو .. خوا پشتیوانی سوپاکەتان بێت ..

من گوێ لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی خومەینی دەگرم ، ئێوەش ڕاگەیاندنی خومەینی یان دەخوێننەوە یان گوێ لێدەگرن ، گوێتان لە بەلێنو هەرەشەکانیان دەبوو ، گوێتان لە دەنگ‌وباسی کردەوە نارەواو چەپەلەکانیان دەبوو کە بۆ نۆکەرانیان ڕێك دەخست کە گوایە بەغدا داگیر دەکەنو بەسەر داگیر دەکەنو کوت داگیر دەکەنو میسان‌و سلێمانی‌و دیالە بە لابەنی کەمەوە داگیر دەکەن ، بەڵام هەندێ جار دەیانوت ئێمە دەچین بۆ عیراق‌و ڕژێمەکەی دەروخێنین‌و سەرکردایەتیەکەی دەخەین‌و صدام حسین دەڕووخێنین‌و .. گوایە دارودەستەی خۆیان لە خائنەکان دەهێنن ، ڕۆشتن ، هەروەك پەندی شۆڕشگێڕی دەڵی ... ڕۆشتنە سەرنوبلکی مێژووەو ڕوشتنی پێگەڕانەوە ، لە خاکی عیراق ڕیشەکێش کران تا خاکی عیراق پیس نەکەن‌و هەوای عیراق پیس نەبێ‌و خوینیان خوێنی عیراق پیس نەکا کاتی خۆیننان بە هوی ژن‌و ژن‌خوازیەوە تێکەل خوێنی عیراقیەکان دەبێ . بەم جۆرە شۆڕش لە ڕەگەوە ڕیشە کێشی کردن تا دوایان پێبێت‌و عیراق هەر پاك‌و سەرفراز بمێنێتەوە .. نیشتمان پەروەر ، شریف ، کە مل‌کەچی قبول ناکات ، سەربەرزبێ ، هەمیشەو هەتاهەتایە .. منداڵ‌و ئافرەت‌و پیرو پیاو لە هەموو تەمەنێکا .

دەیوت ، دێتە ئێرەو حکومەت دەروخێنێ‌و حکومەتێکی تر دەهێنێ ، هەندی خائینی بچوك‌و کەم ، بچوك نەء بە تەمەنی ، بەلکو بە وەزع‌و مەوقەع‌و هەڵس‌وکەوتیان ، پیان‌خۆش‌بوو سەربە خومەینی‌بن‌و عیراق دەوڵەتێ بێ سەربە دەوڵەتی فارس ، تەنیا لەبەر ئەوەی حوکمڕای مل‌کەچ بن ، بەڵام هەموویان خەیالیان خاوبوو ، گەلی عیرافیان نەدەناسی لە خاوێنی‌و نیشتمان پەروەریدا ، لە شانازیدا بە سەربەرزی خۆی‌و نەتەوەکەیەوە ، نەیان دەزانی‌و هەستیان نەدەکرد بە قولی ئەو گۆڕانکاریەی کە بیرو باوەڕ لە عەقلیانداو لە نەفسیەتی عیراقیەکاندا دروستی کردوە ، بەو جۆرە خەیالیان خاوبوو ڕەنجیشیان بەبا چوو ، لە جیاتی ئەوەی بەغدای مەزن بگرن ، هەڵاتن ، بۆ ئەوەی سوپای ئازاتان‌و جەنگاوەرە ئازاکانی سوپای میللی کە پشتیوانیان دەکەن ، ئێستا لە موحەمەرەو نزیك دیزفول‌و خەفاجیەو حویزەو مهران بن‌و لە قەسری شیرین‌و سۆمارو نزیك کیلان بن‌و تواناشیان هەیە ، بە باوەڕەوە دەیلێین با دوژمن بەختی تاقی بکاتەوە لەبەر دەوامی‌جەنگدا تیا ببینی چۆن عیراقیەکان‌توانایان هەیە بۆ داگیرکردنی شاری ترو چونە ناو شاری تریان‌و دەرس دادانی تریان .

برا جەنگاوەرەکان :

کاتێ فەرمان دەرچوو بۆ سوپای عیراقی مەزن کەلە هەندێ شوێنی دیاری کراوی سەرسنووردا بوەستێ ، چونکە ئێمە سیفاتی تۆلە سەندنەوەمان نیە کاتێ بە توانا دەبین‌و ناشمانەوێ خەڵك مل‌کەچ بکەین کە دەتوانین‌و دیسان لە بیرو باوەڕماندا نیە دەست درێژی بکەین . بەڵام بە دوژمنی مل‌هوڕ دەڵێین کە ئیستاش بە وەهم دەژی ، زۆر هەڵمان دایە بۆ ئەوەی هوشیار ببێتەوەو بێتە سەر ڕێگای ئاشتی‌و ئاسایش ، بەڵام کاتێ بەردەوام دەبێ لەسەر مل‌هوڕی‌و چەقاوەسوییەتی دەرسی تری دادەین‌و ئەو دوژمنە مل‌هوڕە دەبێ تێبگا فرسەتی وەستانی نیسبی لە چونە پێشەوە بەرەو شارو دام‌و دەزگا ئابوریەکان‌و گرێکانی ڕێگای هاتوچۆ ، وەستان لە چونە پێشەوە تەنیافرسەت بوە پێدراوە بە خێر خوازان ئەگەر هەبوون ، ئەگەر خێر خواز هەبێ لە سیاسەتی ئێراندا ، تا بە ئاشتی‌و پێکەوە ژیانی بە ئاشتی لەگەڵ عیراق‌و نەتەوەی عەرەب رازی بن .

بە پێچەوانەی‌ئەمەز بە پشتیوانی خوا دەبینن چون شاری تر دەچێتە سەر ئەو شارانەوە کە بە دەست سوپای عیراقەوەیە ، ئەوساو هەروەك هەمیشە وتومانە ، هەروەك لە پێشەوە وتومانە ڕۆژگاری زیادەی بێهوی جەنگ مافی زیاتر دەخاتە ئەستوێ مل‌هوڕی بۆگەن‌و دەبێ بیدات . فرسەتی تری دەدەینێ ، ماوەیەکی کەمی ڕۆژگار ، تا چاو بە هەڵوبستیدا بگێڕێتەوەو مافە عادیلانەکانی گەلی عیراقی مەزن دەرس بکاو مافی عادیلانەی نەتەوەی عەرەب دەرس بکا کە هیچ نیە لە بەرگری کردن زیاتر لە ڕێزو ئاسایش‌و شەرەف‌و ئەهونی خۆی‌و ماوەدانیش بە ئیرانیەکان ، کە لە وڵاتەکەی خۆیان چۆنیان دەوێ وابژین بەبێ دەست خستنە کاروباریان کە دەست نەخەنە کاروباری نەتەوەی عەرەب . ڕێزی سیادەتیان لە سەر خاکی خۆیان دەگرین کاتێ ڕێزی سیادەتی عیراق‌و نەتەوەی عەرەب دەگرن ڕێز لە هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانیان دەگرین کاتی ڕێزی عیراق‌و هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانی نەتەوەی عەرەب دەگرن لە یەکیتی‌و خەبات‌و بنیات نانی کۆمەڵایەتی‌و ئەو ڕژیمانەی بۆ خۆیانی دادەمەزرێنن ، هەندی‌پێیان‌دەووتچەکی‌عیراق‌و جبەخانەی عیراق مەحدوودە ، لەوانەشە لە هەندێ سەرچاوەوە چەکی لێببڕێ ، لەبەر ئەوە چاوەڕێ بکەن لەوانەیە چەکیان لێببڕێ ئەوەیان لەبیر چوو ئەوەی چەکی کڕێ‌و دەرگای جبەخانەکانی چەکی کردەوە عیراقیەکان بوون‌و لە بیریان چوو بریان .. کە عیراق زۆر گەورە بوە ، عیراق گەورە تر بوە ، لە ڕووی وەزن‌و مەعنەویات‌و تواناوە .. عیراق کێشەی لە بار ترە لە ساڵی ١٩٧٠ و ٧١ و ٧٢ و ٧٣ و ٧٤ و٧٥ و ٧٧ و ٧٨ و ٧٩ و هەتا لە ساڵی ١٩٨٠ .

کەواتە ئەم عیراقە کە ڕێگەی خۆی بۆ دامەزراوەکانی چەك‌و جبەخانە دۆزیەوە دەتوانێت ڕێگەی تر بدۆزێتەوەو ڕوو لە دامەزراوی تری چەك‌و جبەخانەی بکات .. ئەم عیراقە کەس بەخۆڕایی چەك‌و جبەخانەی نەداوەتێ‌و مەرجیشی دانەناوە کاتێك کە چەك‌و جبەخانەی پێداوە .. کە واتە ئەم عیراقە لە توانایدایە چەکی تر لەو دامەزراوانەی کە هەلیان دەبژێرێت چەك‌و جبەخانە بهێنێت .. براینە ئێمە بە عیراقی‌یەکان‌و جیهان دەڵێین .. لەیەکەم هەفتەی دەست‌پێکردنی شەڕەوە تا ئێستا چەندان پەیمانی جەنگ کڕینمان بە ملیارەها دۆلار مۆر کردووەو .. کون‌و کەلەبەری تازەمان دۆزیەوە بۆ چۆنیەتی وەچنگ هێنانی چەك‌و جبەخانەی زیاد .. لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی کە بە بازاڕی ڕەش‌و سپی ناو دەبرێن سات‌وسەودامان کرد لە پێناوی ئەوەی چەك‌و جبەخانە وەچنگ خەین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ .. دووریش نی‌یە ئەوەندەی پێنەچێ بوەستین‌و بە ئێوەو عیراقی‌یەکان بڵێین تانك‌و فڕۆکەو تۆپ‌و جبەخانەمان ئێستا زۆرترە لەوەی لەسەرەتای شەڕدا هەمان‌بوون .. ئەئاوا لەگەڵ ژیاندا نەك لە شەڕ سات‌وسەودا دەکەین .. بە هەموو حیسابێك دەجووڵێینەوە لە پێناوی ژیان‌و چنگ خستنی چەك‌و جبەخانە لە هەموو لایەکەوە تەنیا قەوارەی زایۆنی نەبێت .. تەنیا لە قەوارەی زایۆنی چەك‌و جبەخانە وەرناگرین .. بەڵام دوژمنەکەتان چاوی ئێی نوقاندو ناوبژی قبوول کردو چەك‌و جبەخانەو پارچەی سپێری لە قەوارەی زایۆنی‌یەوە وەرگرت .. گرنگ ئەوەیە تفەنگی عیراقی پەکەی نەکەوێت‌و تۆپەکانی نەوەستێن ... ئەوەی بەلامانەوە گرنگبێت ئەوەیە هیچ لایەنێکی تری جیهانی سەرکەوتنەکەمان نەقۆزێتەوەو .. ئەوەی بەلامانەوە گرنکە هاوولاتی عیراقی سەر شۆڕ نەکات بەلکوو هەر بە سەربەرزی بژێت .. دیسان ئەوەی بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە ئەو چەك‌و جبەخانەیە بە شێوەیەکی جوان‌و باك‌و بە شەرەف‌و نیشتمان پەروەریەکی بەرزو بە گیانێکی نەتەوەیی بەرزەوە لە پێناوی داکۆکی کردن لە بیرو باوەڕەکاندا بەکار بهێنین .. گرنگترین شت ئەمەیە .. کەواتە ئەوانەی فارسی دوژمنیان بەوە فریودا کە وەرزەکانی ساڵ بەنیسبەت عیراقی‌یەکانەوە وەك بەك نین بە هەڵەدا چووبوون .. ئەوانەیش کە فریویان دان بەوەی کە چەك‌و جبەخانەی عیراقی ووشك دەبێت دیسان هەڵخەڵەتاون ئەوانەیش کە وایان دەزانی کە سەربەرزی‌و نەبەردی عیراقی‌یەکان کز دەبێتەوە ئەوانیش هەر هەڵخەڵەتاون . ئابەم جۆرە بۆیان ڕوون دەکەنەوەو سوپای نەبەردتان بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە ئێوە بێدەنێنە شەشەم مانگی شەڕەوە وەکوو ئەوەی بۆ زەماوەند بچن .. کەواتە عیراقی‌یەکان هەموویان .. هەتا ژنەکانیشیان ئامادەن‌و داوامان لێدەکەن بچنە مەیدانی شەڕەوە .. بەڵام ئێمە پێیان دەڵێین ئێستا وەختی نەهاتووە نەك بەو مەبەستەی کە لە دەوریان کەم بکەینەوە بەلکوو لەبەر ئەوەی هەڵوێستی ئێستای عیراقی‌یەکان پێویستی پێنی‌یە چونکە پیاوەکانی عیراق لە توانایاندا هەیە جێگەی خۆیان لە داکۆکی کردن لە عیراق‌و سەربەخۆیی عیراق‌و نەتەوەی عەرەبدا بگرن .

برایانی بیرو باوەڕ هەڵگر کەواتە بەم جۆرە .. سێ هەزار جەنگاوەر دەڕۆن‌و سێ هەزاری ترو سێ هەزاری تر بێ ئەوەی کۆتایی بێت بە دواتانەوە دێن .. کەواتە بەم جۆرە بەرەی جەنگ بە خوێنی تازە نوێ دەکەینەوە ... بۆ ئەوەی دوژمنە دەستدرێژکەرو مل‌هوڕە کەمان تێبگات کە ئێمە ئامادەین بەرەی جەنگ بێ ئەوەی کۆتایی بێت بە عیراقی‌یەکان نوێ بکەینەوە تاوەکوو چۆکی پێدابدەین‌و دان بە حەقدا بنێت یاخود قبوول بکات ئەگەریش قبوولی نەکرد ئەوە بە زۆری چۆکی پێدادەدەین .

برایان دوژمن لە سەربەتی کە سوود لە دەرسەکانی ڕابردوو وەر بگرێت ... لە سەربەتی بە باشی لەو دەرسانەو لە سەرکەوتنەکانی سوپاتان وورد ببێتەوە .. بەوە ئێ ڕانەهاتووین کە بە لووتبەرزی‌یەوە بدوێین .. بەڵام ئەوەی بیەوێ عیراق مل‌کەچ بکات لە سەربەتی لێدانی عیراقی‌یەکان قبوول بکات .. لە سەربەتی بە قوولی لە سەرکەوتنەکانتان وورد بێتەوەو لە خۆی بپرسێت لەبەر چی عیراقی‌یەکان کە سێ‌یەکی کەلی ئەوانن بە سەریاندا سەردەکەون .. لەبەر ئەوە نی‌یە چونکە لە سەر هەقن .. لەبەر ئەوە نی‌یە کە ئەوان خاوەن بیروباوەڕن‌و باوەڕ بەو بیروباوەڕانە دەکەن .. لەبەر ئەوە نی‌یە کە هەموو یەکێك لەوان ئاشکرا دەزانێت کە لە سەر هەقەو لە پێناوی داکۆکی کردن لە مەسەلەیەکی شەریف شەڕ دەکات .. برایان ئەگەر ئەمە نەبێت ئەی ئەمە چ بۆنەیەکە کە بێوەژن‌و دایکی جەرگ بڕاو کاتێك کە دەچینە سەرەخۆشیان بە سەربەرزی‌یەوە پێمان دەڵێن ڕۆلەکانی ترمان فیدای ئێوەو شۆڕشن .. ئەمە گیانی باوەر هێنان نی‌یە .. ئایا ئەگەر ئەم هەست کردنە بەم هەڵوێستە نەبوایە خزانەکردە پۆستاڵی ئیرانی‌یەکان قەدوباڵای پیاوو منداڵ لە بەغداو میسان‌و بەسرەو سلێمانی‌و دیالەدا بان نەدەکردەوە .. ئەمەیان دەویست .. نیازی ئەوەیان هەبوو پۆستاڵی سەربازەکانیان کە خۆمەینی‌و بەنی صدر سنگیان پێدەدەدەپەڕاندو دەیان‌ووت لە توانایاندا هەیە بەغدا داگیر بکەن بەژن‌وباڵای پیاوو منداڵ‌و ژنان پێی پانبکرێتەوە .

ئەمە مێژوویەکی نزیکە عیراقی‌یەکان لە بیریان نەکردووەو لە بیریانیش ناچێتەوە .. عیراقی‌یەکان هەموو ئەو چیرۆکانە دەزانن .. لەبەر ئەوەیە کە بەو زیرەکی‌و نەبەردییە شەڕ دەکەن‌و هەر لەبەر ئەوەیشە کە سەرکەوتن‌و بە پشتیوانی خوا لە شەڕەکانی داهاتووشیاندا سەردەکەون .. خوا دەستتان بگرێت‌و ئەو گیانە پیرۆزە کە هەڵتان گرتوە بپارێزێت .. خوا یارمەتی هەموو سەربازو ئەفسەری نەبەردی عیراقی بدات کە ئازایانە شەڕیان کرد لە پێناوی داکۆکی کردن لە خاکی نیشتمان‌و کەرامەت‌و سەربەخۆیی‌و بیرو باوەڕەکان‌دا .. دەچنە بەرەی شەڕو خوا یارێ بە سەربەرزی‌و ناوچاوان ڕوونی‌یەوە دەگەڕێنەوە .. کاتێك کە شەڕ دەکەن نەوەتان لەبەر چاو بێت .. کە منداڵانی عیراق هەموویان چاویان لە ئێوەیە .. ئێوەو سوپای نەبەزتان کاتێك کە شەڕ دەکەن ئەوەتان لەبەر چاو بێت کە ئێوە پال بە خراپەوە دەنێن لە خاك‌و سەربەخۆیی عیراق‌و سەربەرزی‌و پاشە ڕۆژی عیراق‌و نەتەوەی عەرەب‌و سەربەخۆیی نەتەوەی عەرەب‌و شەرەف‌و ئاسایشەکەی دوور دەخەنەوە .. هاوڕێیان هەموو ئەوە لەبەر چاو بگرن .. براینە .. من لەو باوەڕدام‌و هەروەهاش سەرکردایەتی کە ئێوە ئازایانە شەڕ دەکەن‌و بە درێژی گوێ لە دەنگ‌وباسی سەرکەوتنەکانی شەڕتان دەگرین .

والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته .. خواتان لەگەڵ .

شایانی باسە هاوڕێ طە یاسین ڕمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش فەرماندەی گشتی‌ی سوپای میللی ووتەیەکی خوێندەوە تیایدا بە ئامادە بوونی سەرۆکی فەرماندە موهیب ڕوکن صدام حسین لە بەڕێ کردنی دەستەیەکی تازە لە جەنگاوەرانی سوپای میللی کە دەچوونە بەرەکانی جەنگ پێخۆشحاڵی‌ی خۆی دەربڕی .

Institut Kurde de Paris

لەم رۆژانەدا بەریز سەرۆکی زانکۆی سلێمانی دکتۆر طارق رشاد عبدالله پێشانگەیەکی وێنەو پۆستەری سیاسی لە مەڵبەندی زانکۆی سلێمانیداکردەوە کە بە بۆنەی دەستپێکردنی شۆڕشی فەلەستینەوە یەکێتی گشتی قوتابیانی فەلەستین - لقی سلێمانی سازیان کردبوو .

لە زانکۆی سلێمانی پێشانگایەک بە بۆنەی بیرەوەری

رایەڕینی شۆڕشی فەلەستینەوە

لەم پێشانگەیەدا کە ماوەی (٣) سێ ڕۆژی خایاند ژمارەیەکی زۆر لە وێنەو پۆستەری سیاسی پیشان درابوو دەربارەی زۆر چمکی ژیانی دانیشتوانی خاکی داگیر کراوی فەلەستین ئەدوا ، هەروەها ژیانی ڕۆژانەی پێشمەرگە فەلەستینی یەکانی بەسەر کردبوەوە لەگەڵ کورتەی ژیانی زۆر لەو شەهیدانەیان کە بە دەستی زایۆنیزمە ڕەگەزپەرستەکان لەم ڕێگایەدا شەهیدکراوون کە هەمویان دوپاتی ئەوەیان دەکردەوە ڕۆژێ دێ پێکەوە بۆ خاکی زەوتلێکراوی خۆیان دەگەڕێنەوە ... ئەمەو بەنجەکێشان بۆ ئامادەکردنی ئەوەی داهاتویانو ڕاهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی چەك کە تاکە ڕێگایەکیانە بۆ دەرکردنی داگیرکەران لە ناو خاکیاندا .

هەروەها لە بەشێکی کەی پێشانگەکەدا هەندێ لە ردەمزی تەشکیلی پیشان درابوو کە بۆ هەندێ مەسەلەی فەلەستینیو بەسەر کردنەوەی چەند بیرەوەریەکی تایبەتیدا وەك ڕۆژی جەژنی خاك کە ڕێکەوتی ٣/٣٠ دەکات لە هەموو ساڵێکدا لەگەل ڕۆژی شەهیدانا تەرخان کرابوو .

شایانی باسە لە بەرهەمەکانی ئەم پێشانگەبەدا هەندێکیان زۆر بەسەرکەوتوی خۆیان پیشان ئەدا بەتایبەتی لە ناوەڕۆکدا لەوانە پۆستەری راسیاردەی نمنك .

لاوانی هەڵەبجەوهەولێی بەردەوام

● سەرەڕای ئەم حاڵەتەی کە وڵاتەکەمانی تیایەو لە جەنگی قادسیەی صدام دایە هەموو ڕێکخراوە جەماوەریەکان لە هەموو ناوچەکاندا بەردەوام لە هەوڵی خۆیاندان بۆ جێبەجێکردنی پلانی تایبەتی خۆیانو پلانی تایبە تیش بۆ پشتگرتنی سوپای دلێرمانو بەهێزکردنی جەبهەی ناوخۆو ئەمەش لە سەردانێکدا بۆ شاری هەڵەبجە بەرێز برهان محمدمحمودی پرسراوی لیژنەی ناوخۆیی یەکیەتی لاوانی هەڵەبجەمان بینی و باسی چالاکیەکانی خۆیانی کردو وتی :-

ئەو یەکیەتی لاوان لە شاری هەڵەبجەدا هەر لەگەڵ دەست پێکردنی شەری قادسیەی صدامدا ئیتر لە هەموو ڕوویەکەوە لە خۆ ئامادەکردندا بووە بۆ بە هێزکردنی جەبهەی ناوخۆو پاڵپشتی کردنی سوپای دلێرمانو لەم ڕووەوە گەلێ چالاکیمان ئەنجامدووە کە گرنگەکانیان ئەمانە بوون .

گەلێ کۆری فراوانمان ساز کرد بۆ پێشمەرگو فەوجی شاری هەڵەبجەو لەگەڵو کۆرانەدا گرنگیو بایەخی سەرکەوتنەکانی سوپامان ڕوون کردەوەو باسی ئەو دەستدرێژیانەمان کرد کە فارسە ڕەگەزپەرستەکان ئەنکەنە سەر وڵاتەکەمان و خۆشەویستەکەمانو ئەو گەنجو لاوانەمان هوشیار کردەوە کە هەمیشە ئامادەبن بۆ خۆ فیداکردن لە ڕێگای خاکو نیشتمانداو بە گرانو هەرزان لە ڕێگای گەلاندا تاسەرف بکەن مافی ڕەوای خۆمان دەستەبەر بکەوێتەوە . هەروەها لەترەو پێشمەرگەکانی یەکیەتیمان هاوبەشی دەورەکانی بەرگری میلیان کردو گەلێ تیپی بەرگری میلیلیمان لێ دروست کردوون بۆ بەرەنگاری هەموو ڕووداوە کوتوپڕیەکانو بەسعافاتی سەرەتایی و ئاگر کوژانەوەو فریا کەوتنی هاوڵاتیانو هاتوچۆو ... هتد ئەو تیمانە وەفتەوەو پێشمەرگەکان زۆر بەبەرۆشەوە ناوی خۆیان نووسی بۆ خوێن بەخشینو چرونە جەبهەو بارمەتی دای سوپامانو هاوڕێ جەنگاوەرەکانمان لە شەری سەندنەوەی مافەرەواکانی گەلمان بە کوردوو عەرەبەوە .

بەسەردانی تایبەتی چوینە لای خێزانی شەهیدەکانو برینداراکانی شەرو خەڵاتو دبارەبمان پێشمەکەش کردنو دڵخۆشمان کردنو ورەمان بەرز کردنەوە کە شەهیدبوون لە ڕێگای خاکو نیشتمانەدا بەرۆژترین ئەرکی سەرشانی هاوڵاتی نیشتمان پەروەرەو شەهیدبوونی ئەوانە جێگای شانازی هەموو ئێمەو مانانە .

پ . هاوکاری لە سلێمانی

کۆمپیووتەر لە بواری ڕۆژنامەنووسی ١٥

عبدالقادر علی مردان

ئەرکی سکرتێری نووسین ئەمڕۆ لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژ ئاوادا کەکاری ڕۆژنامەنووسی تێدا پەرەی سەندووەو دەرگاکانیان پشت بە کۆمپیووتەر دەبەستن بەتایبەتی لە بواری تێکستو وێنەدا .. یەکەمین وڵاتیش ئەم شێوازەی بەکار هێنایێت سویسرایە .



ئێستاش چەند ئامێرێك بەکار دەهێنرێن لە تایپڕایتەر دەچی ، لە بەڕێوەبەرێتی نووسیندا تێکستەکانی لەسەر دەنووسرێنو لێ دەدرێن دەشتوانرێت لەجێی ئەوەکارە ئەنجام بدرێت لەلایەن پەیامنێرەکانەوە یان ئاژانسی دەنگو باسەکانەوە پاشان لە ئامێرێکی تایبەتدا لە ئەنبار دەکرێن.. لە کاتێکدا کە ئامێرێکی تر وێنەو ناونیشانەکان لەئەنبار دەکات .. ئەوبش لەکاتی کۆکردنەوەی دەنگو باسو ووتارو لێکۆڵینەوەو وێنەکاندا ، ئەنجا سکرتێری نووسین لەسەر پەردەیەکی کاتێدی دووبارەی دەکاتەوە ، کە پەیوەندی بە دەرهێنانەوە هەیە ، پاشان سکرتێری نووسین دابەشیان دەکات ، ئەنجا دەیداتە ئامێرێکی چاپکەر ئەگەر بیەوێت بەچاپ کراوی لەسەر کاغەز ببینێت . ئەوبش ئەوەی بنێررێتە ئامێرێکی تر کە دەیکاتە پلێت .

کەواتە کاری سکرتێری نووسین تەنیا سەیرکردنی پەردەی دەرهێنانەکەیە کە بەهۆیەوە وێنەی تەواوی لاپەڕەکەی دەست دەکەوێت.. دەشتوانرێت دەست بە دوگمەکانی ئامێرەکەدا بنرێت بۆ ئەوەی پێکهێنراوی ئەو لاپەڕەیەی بەرچاو بکەوێتەوە .

سکرتێری نووسین دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی وێنەی تێکستەکە بەهۆی فلیمێکی ئەلەکترۆنیەوە لە جێاتی پێنووس بگۆڕێتو ڕێك و پێکی بکات هەروەها خێرا دەتوانێت شوێنی ووتارەکان بان قەوارەیان بگۆڕێت .

بەهۆی ئەم ئامێرە پێشکەوتووانەوە سکرتێری نووسین دەتوانێت نموونەیەکی زیندووی لاپەڕەکەی دەست بکەوێت ئەویش بە پەنجە نان بە دوگمەیەکدا پاشان لاپەڕەکە بەچاپ کراوی دێتە دەرەوە ، ئەوەی زانراویشە کاری وێنە گرتنی ئێستا بە هۆی مادەیەکی زیونیەوە ئەنجام دەدرێت کە پارەیەکی زۆری تێ دەچێت .

بەم شێوازە بەهەموو قۆناغەکانی بەرهەمی لەچاپ دراودا تێ دەپەڕن کە بریتین لە وێنەو ووتارو نەخشاندنی تەواوەتی لاپەڕەکەو وێنە گرتنی لاپەڕەکە پاشان چاپ کردنی ئەم هۆبانەیش کاتی ئامادەکردنی ڕۆژانەی لاپەڕەکە هەر لە کۆکردنەوەی دەنگەو باسەوە تا دەگاتە دەستی خوێنەر کورت دەکاتەوەو واشمان بێ دەکات لەبەرانبەر تەلەفزیۆندا یەکسان بین .. لە هەموو ئەم کارانەیشدا ڕۆژنامەنووس دەبێتە شتێکی بنەڕەتی هەموو قۆناغەکانیەتی ناشبێتە کۆیلەی ئامێرەکە بەڵکو فەرماندەری دەبێتو بەسەریشیدا زاڵ دەبێت .

جیهانی منالان

دارتاشی و دلۆڤانی کوڕێ

ئامادەکردنی : چیناز بکر خان

لە گوندێکی خۆش و جوانی کوردستاندا ، دارتاشێك هەبوو زۆر ئیش کەرو پیاو چاك و ڕاستگۆ ببوو ... ئیشەکەی زۆر باش و پوختە بوو ... بۆیە خەلکی گوندەکە ڕوویان تێکردبوو هەرچی پەنجەرەو دەرگایی کەلوپەلی ناو ماڵەوەی داریان بویستایە لای ئەمیان دروست دەکرد . . . ئەم دارتاشە کوڕێکی هەبوو ناوی دلۆڤان بوو زۆر حەزی دەکرد کە فێری دارتاشینی کات، کەچی دلۆڤان بەدڵی نەبوو ... هەمیشە لە کار هەڵدەهات ئەو ڕۆژەی کە کارێکیشی دروست بکردایەو کورسیێکی دروست بکردایە ، یان قاچێکی نەدەبوو یان بزمارەکانی خوار دادەکوتێ . . . یان شتێکی نەوتۆی لێدەکرد کەوا بە کورسی نەچێت . . . بۆیە باوکی ویستی فێری پیشەیەکی نزی بکات ، ئیتر ئاردیە لای وەستایەکی پێلاو ، لەوێش هیچی بە هیچ نەکرد .. . ناردیە لای بەرگ درویەك لەلای بەرگ درویەکە کراسێکی بێ قۆلی دروستکرد . . . ئیتر هەر کارێکی بکردایە دەیوایە کەموو کورتیەکی هەرتێدا بێت ، لە دووایدا باوکی زۆر پەست بوو ڕۆژێك بێی گوت ... کوڕم دلۆڤان زۆر زۆر لە مێژە خەریکی ئەوەم کە فێری پیشەیەکت بکەم ، کەچی تۆ دڵو مێشکت ناخەیتە سەر هیچ پیشەیەك ، خۆت دەزانی من بۆ تۆمەو تۆش بۆ خۆتە ، ئیتر بۆچی فێری شتێك نابیت لە دووا ڕۆژدا کەلکی لێ وەربگریت ؟

ئەم قسانەی باوکیشی هەر سوودی نەبوو ...

ئیتر ڕۆژێك دووایی ئەوەی باوکی دلۆڤان زۆر بیری لە کورەکەی کردەوەو بە کورەکەی گوت ... کوڕم دلۆڤان هەستە ئەو کراسە بێ قۆلە لەبەرکەو ئەوە تاکە پێلاوە لەپێکە کە خۆت دروستت کردووەو لەسەر ئەو کورسیە دانیشە کە قاچێکی نیە ، باخەڵك تەماشات بکەن ، بزانە دەڵێن چی ؟!

دلۆڤان بە قسەی باوکی کرد باوکیشی خەلکی دێیەکەی بانگ کرد بۆ ئەوەی دلۆڤانی کوڕی بەم شێوەیە ببین ... ئەنجا هەر کەسێکی دەهاتو دلۆڤانی بەم شێوەیە دەدی دەستیان دەکرد بە پێکەنینو گالتەکردن بە دلۆڤانو دلۆڤانیشی لە شەرمان خەریك بوو شەق بات ، تاکو وا لێ هات خۆی پێرانەگیرا لەسەر کورسیەکە بەر بوویەوە .. .

ئینجا خەلکەکە زیاتر یێی پێکەنینو کردیانە هەڵلا ...

دلۆڤان غاری دابە لای باوکیو پێی گوت :- بابەگیان تۆبە هەر دەبێ خۆم فێری پیشەیەك بکەم ئیتر نایەلم کەسی تر گالتەم پێ بکات .. ئەنجا باوکی دلۆڤان دەستی لە شانی کورەکەی داو پێی گوت من دەمزانی ، کوڕم کەوا تۆ کوڕێکی ژیریو پێویستە لە هاوڕێکانت زیرەك تربی وپێشیان بکەویت ...

بۆ ڕۆژی پاشتر بەیانی زوو دلۆڤان لە خەو هەڵساو لەگەڵ باوکیدا چوو نە دارتاشخانەکەیو ئازایانە دەستی دایە کار .. تاکو وایی لێهات دارتاشێکی زۆر شارەزای لێ دەرچوو ...

لە بەراوێزی شانۆی کوردی یەوە

نەژاد

(١)

(دەقی خۆمالی)یا نیە ، یا کە هەیە بەکەلك نایێ !

بەم جۆرە (دەرهێنەر) ناچار دێ بیر لە هەڵبژاردنی دەقێکی بیانی دەکاتەوە .. بەڵام ئەوە ئاشکرایە تاکو لەسەر دەقێك سەقام دەگرێ ، هەزارویەك (بڵێی وابوو)و (بڵێی وابێی) لەبەردەمدا قیت دەبێتەوە ..

دوای وەرگێڕانو ئامادە کردنیش ، شانۆگەری بەستەزمان ! تاکو دەگاتەوە دەستی دەرهێنەر ، دەدرێتە بەر چەندەها زەرەبینی ئەلیکترۆنی .

(٢)

کۆمەڵێ لاوی لەخۆبووردوو قرچەی گەرما بێ ، یا سرەی سەرما دەوری دەرهێنەر دەدەن ..

ڕۆژێ .. دوان .. سێیان،زۆر جار دەگاتە مانگێك و زیاتریش (پرۆڤە) بەردەوامدەبێت ..

بەڵام بەچی دەچێ ؟ تاهۆڵێك مسۆگەر دەکرێ دەیان (کیتابوکم)و (کیتابوونا)ی دەوێ .. تا پێویستیەکانی ئارایشتو جل و بەرگو دیکۆرئامادە دەکرێ ، جاری واهەیە دەگاتە ئەو ڕادەیەی چەندئەکتەرێك ، بەهۆی وەرەو بڕۆوە (حیوارەکانیان) لەبیردەچێتەوە ..

ئابەم جۆرە شانۆگەریەك بۆماوەی تەنها سێ ڕۆژ ، سێ ڕۆژو بەس .. پێشکەش دەکرێ ..

Institut Kurde de Paris